WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (326) دووشەممە 2014/9/15 25ی گەلاوێژی 2714 (750) دینار




بارزانی:

## قەرەبووی هەموو ئاوارەکان دەکەینەوە

**ڕووداو- دهۆک**

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە دیدارێکیدا لەگەڵ نوێنەری ئاوارەکانی دەڤەری شنگال و دەشتی نەینەوا کە ڕۆژی 10ی ئەیلول لە بارەگای فەرماندەیی پێشمەرگە لە شاری دهۆک بەڕێوەچوو، ڕایگەیاند کە ئەو ڕەوشەی ئەوان کاتییە و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەگەڕێنەوە شارۆچکە و گوندەکانی خۆیان. هەروەها بەڵێنی بە نوێنەری ئاوارەکان داوە کە دوای ئەوەی دەگەڕێنەوە هەموویان قەرەبوو دەکەنەوە.

شێخ عەلۆ، ئەندامی دەستەی باڵای بنکەی ڕۆشنبیریی لالش کە یەکێک بوو لەوانەی ئامادەی کۆبوونەوەکە بووە، دەڵێت بارزانی گوتی کە ئەو عەرەبانەی ساڵەهای ساڵ لەگەڵ ئەوان ژیاون و خیانەتیان لێکردن "ئیدی ناهێڵین لەگەڵ ئێوە بژین و ئەو کێشەیە بە یەکجاری چارەسەر دەکەین".

4 »




چەک و تەقەمەنی لە کۆگاکانی پۆلیسی کەرکووک دیارنامێنێ

7

250 کۆمپانیا لە سلێمانی مایەپووچ بوون

8



ڕێبوار کەریم وەلی


تورکیای خائین!!

22

فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:

# ئەوەی پێشبینیمان دەکرد تورکیا بیکات نەیکرد

5 »



- پێویستە ڕاشکاوانە لەگەڵ تورکیا دابنیشین


ئاسیاسێڵ
خۆماندەکاتەوە



ئێستا لەگەڵ هێڵی "خەڵاتی نوێ"
باڵانسەکەت دوو ئەوەندە زیاد دەکات
بۆ پەیوەندی لەگەڵ هەموو تۆڕەکان

هێڵی خەڵاتی نوێ
نوێفەرێکی بەردەوام

بۆ یەکەمجار لە عێراق و تەنها لە ئاسیاسێڵەوە، لەگەڵ پاکێجی «باڵانسی دوو ئەوەندە»، هەفتانە تەنها ٣,٠٠٠ دینار بدە و باڵانسەکەت دەبڵ بکە، واتە ٦,٠٠٠ دینارت دەبێت بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی و ناردنی نامە و ئینتەرنێت بۆ هەموو هێڵە ناوخۆییەکان لەناو پارێزگای هەولێر و دهۆک و بۆ هەموو ناوچەکانی عێراق.

* باڵانسی بێبەرامبەر بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ کارایە.

بۆ بەشداریکردن پەیوەندی بکە بە #٢٨٢*

/AsiacellConnect

www.asiacell.com ١٣١/١١١ خزمەتگوزاریی بەشداربووان

ڕووداو
ژمارە (326) دووشەممە 2014/9/15



## هێزێکی پێشمەرگە بۆ مەسیحییەکان پێکدێ

**ڕووداو- هەولێر**

لەسەر داوای گەنجەکان و ئاوارە مەسیحییەکان، هێزێکی پێشمەرگەی مەسیحی پێکدەهێنرێت بۆ پارێزگاریکردن لە خۆیان و لە ناوچەکانیان. جەلال حەبیب عەزیز، بەڕێوەبەری ناحیەی عەینکاوە بە (تۆڕی میدیای ڕووداو)ی ڕاگەیاند، " نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگە سەردانی عەینکاوە دەکات بۆ ناونووسینی مەسیحییەکان بەمەبەستی چوونەناو ڕیزەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، بۆیهداوا لە گەنجان و لاوانی هەریەکە لە نەتەوەکانی کلدانی و ئاشووری و سریانی دەکەین ناوی خۆیان بنووسن بە مەبەستی خزمەتکردن لە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، ئەوانەی خۆیان ناونووسدەکەن دهبێت تەمەنیان لە نێوان 18 بۆ 30 ساڵیدا بێت".

# خوێندن گەنجێک لە کۆمەڵکوژییەکەی کۆچۆ ڕزگار دەکات

**یوسف ئەحمەد**
**ڕووداو- دهۆک**

جەزاع کەلەش، تەمەنی 18 ساڵە، دەڵێت دوایین جار کە باوکم قسەی لەگەڵ کردم، ڕۆژی 3ی مانگی ڕابردوو بوو. باوکی جەزاع بە تەلەفۆن لە کوڕەکەی دەپرسێ: "ئەوە تا ئێستا نەڕۆیشتوون؟" جەزاعیش دەڵێت وا خەڵکەکە دەڕۆن و منیش دێمەوە بۆ گوند، بەڵام باوکی داوای لێدەکات کە بڕوات و لەگەڵ کوڕەکانی خاڵی بمێنێتەوە. جەزاع ئەوکاتەی ئەم قسانەی لەگەڵ باوکی کردووە، بۆ بەشداری لە خولی بەهێزکردنی وانەکانی قوتابخانەی لە کۆمەڵگەی تەلبەنات بووە.

جەزاع خەریکی خۆئامادەکردن بووە بۆ تاقیکردنەوەی پۆلی شەشەمی ئامادەیی. ئەو گەنجە بەهۆی بارودۆخی ماددی خێزانەکەی نەیتوانیوە وەکو هەر قوتابییەکی دیکە بخوێنێت. هەمیشە لەماڵی خەڵک و خزمەکانی بووە و بەردەوام لەم گوند بۆ ئەو گوند و ئەو کۆمەڵگەی دیکە هەر خەریکی ئەوە بووە خولی بەهێزکردن وەربگرێت.

جەزاع دەڵێت :"خوێندنەکەم منی لە مردن ڕزگارکرد". ئەو گەنجە باسی خێزانەکەی دەکات کە هەژار بوون و لە حەوت کەس پێکهاتوون. جگە لە خۆی و دایک و باوکی، دوو خوشک و دوو برای دیکەشی هەبووە، بەڵام چاوەکانی تائێستا بۆ خوشکە هەرە بچوکەکەی فرمێسک دەڕێژن، ئەو بەچاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە دەڵێت: "خوشکەکەم تەمەنی دوو ساڵ و نیو بوو، هی ئەوە نەبوو بکوژرێت یان بێ سەروشوێن بکرێت".

نزیکەی 60 کەسی خانەوادەکەی وەکو مام، ئامۆزا و خاڵ و .. هتد، دوای کۆمەڵکوژییەکەی داعش کە لەگوندی کۆچۆ کردی، بێ سەروشوێنن. ئەو دەڵێت :"زیاتر لە 1740 پیاو لە گوندەکەماندا هەبوون، بەڵام داعش هەموویانی کوشتووە و لەو باوەڕەدا نیم 40 کەسیان مابن، ئەوانەش هەموویان ئەوانەن کە وەکو من، ئەوکاتەی داعش کۆچۆی گرت لە گوند نەبوون، لەدەرەوە بوون بۆ ئیشوکار و مەبەستی دیکە، وەکو من کە بۆ خوێندن لە کۆچۆ نەبووم و ڕزگار بووم".

ئەو دەڵێت لە 3ی مانگی ڕابردووەوە هیچ هەواڵێکی خێزانەکەی، نە باوک و نە دایک و نە خوشک و براکانی نەبیستووە، نازانێ کوژراون، یان دەستگیرکراون، چونکە تەلەفۆنەکانیان داخراوە.

ئەو دوای ئەوەی لە ڕۆژی 3ی مانگی ڕابردوو لە کۆمەڵگەی تەلبەنات لەگەڵ ماڵی خاڵەکانی خۆی دەگەیەنێتە چیای شنگال، دواتر لەڕێی ڕۆژئاوای کوردستانەوە دێتەوە سنووری پارێزگای دهۆک.

جەزاع بەهۆی چەند قوتابیەکی دیکەی هاوتەمەنی خۆی کە پێش شەڕی داعش هاتبوونە ئاکرێ و خولی بەهێزکردنیان لەو شارە وەرگرتبوو، ئێستا شوێنێکی بۆ حەوانەوە دەستکەوتووە. برادەرەکانی تەلەفۆن بۆ مامۆستایەکی ئەو پەیمانگەیە دەکەن بەناوی بەشار خالید و پێیدەڵێن کە خۆمان گەیاندووەتە شاری دهۆک، کوڕێکی بێ کەسوکاریش لەگەڵ ئێمەیە و حەزدەکات خولەکە ببینێ، بەڵام پارەی پێ نییە.



(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

مامۆستا بەشار لەگەڵ هاوکارەکەی بەناوی سەلاح نورەددین ڕێکدەکەون کە هەموو ئەو قوتابیانەی ژمارەیان 14 کەس بووە، لە ژوورێکی ئەو پەیمانگەیەدا جێبکەنەوە کە پێشتر پۆلی خوێندن بووە. هەروەها هەموو ئەو وانانەی ئەوان داوای دەکەن بەبێ بەرامبەر پێیان بڵێن.

مامۆستا بەشار خالید، دەڵێت داعش بە پەلاماردانی شنگال و دەوروبەری ویستی نێوانی کوردە موسڵمانەکان و کوردی ئێزدی تێکبدات، بەڵام پێچەوانەکەی ڕوویدا، ئەو دەڵێت: "کوردە موسڵمانەکان باوەشیان بۆ برا ئێزدییەکان کردەوە وەکو بەشێکی خێزانەکانی خۆیان".

مامۆستا بەشار دەڵێت: "لێرە هەموو شتێکمان بۆ ئامادە کردوون، لە خواردنەوە بگرە تا شوێنی نووستن و مانەوە". بەڵام جەزاع و هەڤاڵەکانی دەڵێن: دەبێت حکومەت چارەسەریکیان بکات، چونکە ئەگەر خولەکەیان کۆتایی هات ئەو چی دەکات؟

مامۆستا سەلاح نورەددین لە ڕەفتارەکانی تێبینی ئەوەی کردووە کە جەزاع لەڕووی دەروونییەوە کاریگەری زۆری لەسەر دروستبووە "چونکە کاتێک دادەنیشێ زۆر بیر لە خێزانەکەی دەکاتەوە، زۆر بەپێویستی دەزانم حکومەت یارمەتی ئەو گەنجە بدات و توێژەرێکی دەروونی کۆمەکی بکات".

جەزاع دەڵێت "زۆر حەزدەکەم دایک و باوکم ببینمەوە.. زۆر بیریان دەکەم، تا ئێستا نازانم زیندوون یان کوژراون، من خوێندنەکەم بووە هۆکاری ئەوەی کە لەو کۆمەڵکوژییە ڕزگاربم، هیوا دەخوازم ئەوانیش بەهۆی ڕێکەوتێکەوە ڕزگار بووبن و زیندوو بن".

# مانگێکە پۆلیسێک لە سەرسنگ بزر بووە

## پۆلیسی دهۆک: کورتە نامەیەکی دوای بزربوونی ناردووە



**عوبەید ڕەشافایی**
**ڕووداو-دهۆک**

پۆلیسێکی نەهێشتنی تاوان لە سەرسنگ لەکاتی دەوام بزر بووە و ئەو بزربوونەش پرسیاری دروستکردووە. خێزانەکەش سکاڵایان تۆمارکردووە و تاوەکو ئێستاش چارەنووسی دیارنییە. هەڵکەفت ئیبراهیم، گەنجێکی 23 ساڵ، دانیشتووی ناحیەی سەرسنگ ـی سەر بە قەزای ئامێدی ـ یە. باوکی هەڵکەفت دەڵێت: "کوڕەکەم لە ڕۆژی 2014/8/18 لە بنکەی سەرسنگ لەسەر کاربوو، بەیانی کاژێر 5:20 خولەک بەپێی قسەی ئەفسەری بنکەکە تەلەفۆنێکی بۆ هاتووە و ڕۆیشتووە. تاوەکو ئێستاش هیچ خەبەرێکی نییە". باوکی پۆلیسەکە خۆی پێشمەرگەیە. ئەو ڕەخنە لە پۆلیس دەگرێ کە تاوەکو ئێستا "هیچ شتێک لەبارەی چارەنووسی کوڕەکەمەوە نازانن". ئەو دەڵێت: "مەعقول نییە تاوەکو ئێستا پۆلیس هیچی دەست نەکەوتبێت".

## باوکی پۆلیسەکە: ڕەنگە تاوانباران تۆڵەیان لێ کردبێتەوە

بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی دهۆک باسی بزربوونی ئەو پۆلیسە دەکات و دەڵێت: "لە هەموو کەس زیاتر پەرۆشی ئەو پۆلیسەن". عەمید تاریق ئەحمەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای دهۆک، زانیاریی زیاتر لەسەر بزربوونی ئەو پۆلیسە ئاشکرا دەکات: "کامێرای چاودێریمان هەیە و لەڕێگەی ئەو کامێرایانەوە هەندێ لێکۆڵینەوەی سەرەتاییمان ئەنجامداوە، کە تێیدا دەردەکەوێت ئەو پۆلیسە بە ئۆتۆمبێلی خۆی دەرچووە". ئەو هەروەها گوتیشی: "لێژنەی لێکوڵینەوە لەسەر ئەو ڕووداوە دەستبەکار بووە و لە هەموو ڕوویەکەوە خەریکی لێکوڵینەوەن بۆئەوەی زانیارییان بەدەست بگات".

هەڵکەفت، چوار ساڵ دەبێ بووەتە پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لەو ناوچەیەدا. وەک باوکی دەڵێت: "هیچ کێشەیەکی لەگەڵ کەس نەبووە. گومانیش لە هیچ کەسێک ناکەین. بۆیە داوا دەکەین پۆلیس چارەنووسی کوڕەکەمان بۆ ئاشکرا بکات". باوکی هەڵکەفت باسی دوایین نامەی کوڕەکەی دەکات و دەڵێت: "ئەفسەری بنکەکە بە ئێمەی ڕاگەیاندووە کە دوای دیارنەمانی هەڵکەفت، لەڕێگەی تەلەفۆنەوە نامەیەکی ناردووە و تێیدا دەڵێ: حەزم لە کچێکە و چوونم بێ گەڕانەوەیە". بەڕێوەبەری پۆلیسی دهۆکیش دەڵێت: "ڕاستە نامەکە نێردراوە بۆ ئەفسەرەکە و نێوەڕۆکەکەی بۆ لێکوڵینەوە بەجێدەهێڵین". بەڵام باوکی پۆلیسەکە گومانی لەوەش هەبوو کە بەهۆی ئەوەی هەندێ جار ئۆتۆمبێلەکە بۆ دەستگیرکردنی تاوانباران بەکاردەهات، دەکرێت "هەندێ کەس تۆڵەی خۆیان لە کوڕەکەم کردبێتەوە".



# کچێک بە فەیسبووک دوو دەفتەر دۆلار لە بازرگانێک دەستێنێ

**تەرزە عەبدوڵڵا و ڕۆژان ئەبوبەکر**
**ڕووداو- سلێمانی**

کچێک هەندێک گرتەی ڤیدیۆیی لە پیاوێکی خاوەن ژن و منداڵ دەگرێت و هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی لێدەکات. ئەویش تاوەکو ئێستا دوو دەفتەر دۆلاری داوەتە کچەکە بۆئەوەی بڵاوی نەکاتەوە. لە یەکێک لە بنکەکانی پۆلیسی سلێمانی، ئەفسەرێکی لێکۆڵینەوە بە سەرسامییەوە لاپەڕەکانی دۆسیێ گەنجێکی هەڵدەدایەوە و بە زەردەخەنەوە دەیخوێندەوە. ئەوەی لە دۆسیێکەدا نوسرابوو، سکاڵای گەنجێک بوو کە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە کەوتبووە داوی پەیوەندیی خۆشەویستیەوە.

ئەو چیرۆکانەی لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست دەبن، زیاتر بەرۆکی کچان و ژنان دەگرن. چونکە وێنە تایبەتییەکانیان بەناوی لاپەڕەی ساختەوە بڵاودەکرێنەوە و هەڕەشەیان لێدەکرێت، بەڵام چیرۆکی ئەو کوڕە جیاواز بوو، چونکە هەڕەشەی کچێک ئەوی هێنابووە بنکەی پۆلیس.

هیوا محەمەد، تەمەن 21 ساڵ، بەهۆی ئەوەی کە لەڕێگەی مۆبایلەکەی دەستیەوە زۆربەی کات فەیسبووک بەکاردەهێنێت، شارەزاییەکی باشی لە دروستکردنی لاپەڕەی ساختەدا هەیە: "چەند لاپەڕەیەکی فەیسبووکم بەناوی کچەوە داناوە، ئەو کوڕانەی پێ هەڵدەخەڵەتێنم کە خۆیان زۆر بە گرنگ دەزانن". هیوا بە شانازییەوە باسی سەرکەوتنی کارەکەی کرد، کە خۆی بە پرۆژەیەکی گەورە ناوی دەبرد: "لەوەتەی خۆم کردووە بە کچ لەلای هەندێک کوڕ، کارتی مۆبایلەکەم بەلاش کەوتووە".

ئەو ناوبانگەی نووسەران و هونەرمەندان بەدرێژایی چەند ساڵ کۆیانکردووەتەوە، بەهۆی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە، هەندێکجار خەریکە لەدەستی دەدەن، چونکە بەهۆی ئەو تەکنەلۆژیایەوە ئاسانە بتەوێت ببیتە هەرکەسێک. ماهیر حەسەن، کە یەکێکە لە ئەکتەرە کۆمیدیە ناسراوەکان، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، چەندین لاپەڕە و ئەکاونتی بە ناوەوە کراوەتەوە. وەک خۆی باسیدەکات لە فەیسبووکدا تەنیا یەک پەیجی هەیە، ئەویش لەلایەن کوڕەکەیەوە بەڕێوە دەبرێت: "زۆر ناخۆشە ئاگات لە هیچ نەبێت و بەناوتەوە چەندین لاپەڕەی ساختە دروست بکرێت و قسەی نەشیاویشی تێدا بکرێت".

کێشەی ئامرازەکانی گەیاندن تەنیا کێشەی لاپەڕەی ساختەی نێو فەیسبووک نیە، بەڵکو هەندێکجار پەیوەندییە کەسییەکان و گۆڕینەوەی وێنەی کەسی و گرتەی ڤیدیۆیی نێوان دوو کەس کێشەی گەورەی لێدەکەوێتەوە. یەکێک لەو بازرگانانەی کە خاوەنی سەرمایەیەکی زۆرە، دوای ئەوەی لەڕێگەی فەیسبووکەوە پەیوەندی لەگەڵ کچێکدا دەبەستێت، چەندینجار کچەکە لە ماڵەوە دەبینێت. کچەکە بانگی دەکاتە ماڵی خۆی و دواتر بە کامێرا وێنەی دەگرێت. ئێستا کچەکە هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکەی لێدەکات ئەگەر بڕێکی زۆر پارەی پێنەدات. (ا.د)، 47 ساڵ، کە ژن و منداڵی هەیە، دەڵێت: "ئێستا بەهۆی ئەو گرتە ڤیدیۆیانەی لە لایەن کچەکەوە گیراوە، هەڕەشە لەسەر ژیانم دروستبووە"، هەروەها دەڵێ "هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە کە ئەو کچە لە ماڵەکەیدا کامێرای دانابێت". ئێستا ئەو بارزرگانە داوای یاسای لەسەر ئەو پیاوانە تۆمارکردووە کە لەلایەن کچەکەوە ڕاسپێردراون بۆئەوەی پارەکەی بۆ وەربگرن و ئەگەر نەشیانداتێ گرتە ڤیدیۆیەکان بە cd بداتە کەسوکاری ژنەکەی و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوی بکاتەوە: "تاوەکو ئێستا دوو دەفتەر دۆلارم لەبەرامبەر بڵاونەکردنەوەی ئەو ڤیدیۆیانە داوەتێ".

یاسای ژمارە 6 ی ساڵی 2008، کە یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنە لە هەرێمی کوردستان، لە شەش ماددە پێکهاتووە. بەپێی یاساکە هەرکەسێک ئامێرەکانی پەیوەندیکردن: مۆبایل، ئیمەیل یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی نایاسایی و دوور لە بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان بەکاربهێنێت، بە شەش مانگ تاوەکو 5 ساڵ بەندکردن یان سزای دارایی یەک ملیۆن تاوەکو پێنج ملیۆن دینار سزادەدرێت.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی، لە ساڵی 2012، 874 داوای یاسایی بەهۆی ئەو یاسایە تۆمارکراون، ئەم ڕێژەیە بۆ ساڵی 2013 کەمبۆتەوە بۆ 791 داوا. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی، بە (ڕووداو)ی گوت: "هەندێک لەوانەی داوای یاساییان تۆمارکردووە ، گومانلێکراوەکان دەناسن. بۆیە دۆزینەوەیان ئاسانترە. ئەو کەسانەی داوا تۆمار دەکەن، پێویستە هاوکارمان بن بۆ دۆزینەوەی کەسەکان". سەرکەوت ئەحمەد گوتیشی": هەندێک لەو حاڵەتانەی دێنە لامان، دوای لێکۆڵینەوە لە دادگا، کێشەکەیان چارەسەر دەکەین، بەڵام ئەگەر کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن هاوکارمان نەبن، ئەوە دۆزینەوەی کەسەکان کارێکی گرانە".

رووداو
راپۆرت
ژمارە (326) دووشەممە 2014/9/15

## نێچیرڤان بارزانی: لە قەیرانێکی سەختی داراییداین



**رووداو– هەولێر**

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، لەکاتی پێشوازی کردن لە ڤالێری ئامۆس جێگری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخەری نووسینگەی کاروباری مرۆییی UN و شاندێکی یاوەری گوتی " حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتاوە دەرگاکانی بەرووی هەموو پەنابەران و ئاوارەکاندا کردووەتەوە، وێڕای سـنووردارێی تواناکانیشـی، هەموو کۆمەک و هاوکارییەکی پێویسـتی پێشـکەش کردوون، پێداویسـتییەکانی رەوشـی ئاوارەکان لە دەرەوەی تواناکانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتانە، چونکەحکومەتی هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی سەختی دارایی دایە بەهۆی برینی بودجەوە".

یەکێتی :

# پێشنیازی دوو ساڵ بە دوو ساڵ کۆن بوو

پارتی:

**ئەوەی لە سلێمانی روودەدات لە هەولێر یان دهۆک بووایە دنیایان خراپ دەکرد**

یەکگرتوو:

**دەبێ پارتی هێندەی قەبارەی خۆی پۆستی بدرێتێ**

گۆڕان:

**پارتی پێیانگوتووین دەنگیان بۆ کاندیدی ئێمەیە**



کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە رۆژی 2014/9/14 (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

پارتی رەخنەی توند لە لایەنە سیاسییەکان دەگرێت کە "پێیان ناکرێ" پۆستی پارێزگاری سلێمانی یەکلایی بکەنەوە. ئەندامێکی سەرکردایەتیی ئەو حیزبەش دەڵێت: "ئەگەر ئەو دۆخەی لە سلێمانی هەیە، لە هەولێر یان دهۆک بووایە، دنیایان خراپ دەکرد". لە کاتێکدا بزووتنەوەی گۆڕان هۆشداری دەدات کە پارێزگار بە زۆرینەی دەنگ یەکلایی دەکەنەوە، یەکێتی پێشنیازی دوو ساڵ بە دوو ساڵ رەتدەکاتەوە.

چوار مانگ و نیوە گفتوگۆ لەسەر دانانی پارێزگاری سلێمانی دەکرێ، بەڵام تاوەکو ئێستا گفتوگۆکان شکستیان هێناوە. چونکە نە بزووتنەوەی گۆڕان، کە هێزی یەکەمی هەڵبژاردنە لە سلێمانی، دەستبەرداری ئەو پۆستە دەبێ و نە یەکێتیش، کە سلێمانی بە سەنتەری هەژموونی خۆی دەزانێ، ئامادەیە ئەو پۆستە بداتە هێزێکی دیکە.

رۆژی 30/4/2014 لەپاڵ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش ئەنجامدرا. دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، هەر زوو پۆستەکانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک، کە پارتی دیموکراتی کوردستان تێیاندا دەسەڵاتدارە، یەکلایی بوونەوە، بەڵام هێشتا سلێمانی ماڵی خۆی نەتەکاندووە.

دڵشاد شەهاب، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، خۆزگە دەخوازێ کە حیزبەکەی لە سلێمانیش بردبایەوە. ئەو دەڵێت: "ئەگەر پارتی لە سلێمانیش بردبایەوە، بێگومان لەوێ پرۆسەی هەڵبژاردنی پارێزگار لە هەولێر و دهۆکیش باشتر دەبوو". ئەو سەرکردەیەی پارتی گوتیشی: "پارتی لە هەر شوێنێک دەسەڵاتی هەبێ و لە هەڵبژاردنەکاندا بیباتەوە، وەکو هەولێر و دهۆک، بەشێوەیەکی یاسایی پارێزگار دادەنێت، بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەکی بۆ بێتە پێشەوە".

قسەکانی ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی پارتی زیاتر رووی لە یەکێتی و گۆڕانە لە سلێمانی کە تاوەکو ئێستا لەبەر کێشەکانیان دیار نییە کێ پۆستی پارێزگاری سلێمانی وەردەگرێت.

دڵشاد شەهاب دڵگرانیی حیزبەکەی لە دواخستنی دەستنیشانکردنی پارێزگاری سلێمانی، کە کاریگەریی لەسەر ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردن و حوکمڕانی لە ناوچەکەدا دروستکردووە، نەشاردەوە و دەڵێت: "ئەگەر ئەو کێشەیەی ئێستا لەسەر پارێزگاری سلێمانی هەیە، لە هەولێر یان لە دهۆک بووایە، هێرشێکی یەکجار زۆر دەکرایە سەر پارتی".

تاوەکو ئێستا ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی حەوت کۆبوونەوەی ئەنجامداون. لە هیچکام لەو کۆبوونەوانەدا نەیتوانیوە پارێزگارێکی نوێ بۆ ئەو پارێزگایە دابنێت کە ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە دوو ملیۆن کەسە. بەڵام یەکێتی نیشتیمانی کوردستان رەخنە لە شێوازی پارتی دەگرێ بۆ دیاریکردنی پارێزگاکان و دەڵێ "مودێلی ئێمە لە مودێلی پارتی جیاوازە".

لەتیف شێخ عومەر، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی، پێیوایە کێشەی یەکلاییکردنەوەی پۆستی پارێزگاری سلێمانی کێشەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو کێشەیەکی یاساییە. ئەو دەڵێت کەس "1+50"ی دەنگەکانی نەهێناوە: "ئەگەر یەکێتی وەکو مودێلی پارتی بکات لە یەکلاکردنەوەی پۆستی پارێزگاردا، ئەوە زۆر زەحمەت نییە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ بە تەوافوق دایبنێین".

لەتیف شێخ عومەر، کە ئەندامی لیژنەی دانوستاندنکاری یەکێتییە بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستی پارێزگاری سلێمانی، بەڕوونی دوایین هەڵوێستی حیزبەکەی لەسەر پۆستی پارێزگار نیشاندەدات: "پێشنیازی دوو ساڵ بە دوو ساڵ بۆ پۆستی پارێزگار لەنێوان یەکێتی و گۆڕاندا کۆتایی هات. ئێستا یەکێتی لە چوار ساڵ کەمتر قبوڵ ناکات".


بەڵام محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو، ئاشکرای دەکات کە ئێستا هەندێک دەنگ لە سلێمانیش پەیدابوون، لەوانەش گۆڕان کە داوا دەکەن "پۆستی پارێزگاری سلێمانی، وەکو مۆدێلی پارتی لە هەولێر و دهۆک بە زۆرینەی دەنگ یەکلایی بکرێتەوە".

محەممەد ئەحمەد نیگەرانیی خۆی لە نەبوونی رێککەوتن لەنێوان یەکێتی و گۆڕاندا لەسەر ئەو پۆستە ناشارێتەوە و دەڵێت: "تاوەکو ئێستا گفتوگۆکان لە قۆناخی یەکەمدان و تەنیا باسی ئەوە دەکرێت کە پارێزگار سەر بە کام لایەن بێ، قۆناخی دووەم هێشتا باس نەکراوە کە بریتییە لە دابەشکردنی پۆستەکانی دیکەی حکومەتی لۆکاڵیی سلێمانی". ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو پێیوایە دەبێ هەر پێنج لایەنی سەرەکی (واتە گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ و پارتی) بەشداربن لە حکومەتی لۆکاڵیی سلێمانیدا: "پۆستی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا لەنێوان یەکێتی و گۆڕاندا دابەش دەکرێن. لیستی خزمەت، کە لە کۆمەڵ و یەکگرتوو پێکدێت و هێزی سێیەمن و پێنج کورسییان هەیە، جێگری پاریزگار و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاریان بەردەکەوێت. پارتیش وەکو هێزی چوارەم هێندەی قەبارەی خۆی، کە سێ کورسیی هەیە، پۆست وەربگرێ". هەروەها گوتیشی: "چاکسازی لە سلێمانی ناکرێ ئەگەر تەوافوق نەکرێت. چونکە ئەگەر تەوافوق نەکرێ، ئەوە چاکسازی لەباردەچێت".


گۆڕان نایشارێتەوە ئەگەر لەگەڵ یەکێتی نەگەیشتنە تەوافوق، دەبێ پۆستی پارێزگاری سلێمانی بە زۆرینەی دەنگ دابنرێ. ئاسۆ کەریم، بەرپرسی باژێرڤانیی گۆڕان لە سلێمانی و ئەندامی شاندی گۆڕان بۆ دانوستاندن لە سەر پێکهێنانی حکومەتی سلێمانی، رەخنەی توند لە یەکێتی دەگرێ و دەڵێت: "یەکێتی سەرەتا لەگەڵ دوو ساڵ بە دوو ساڵ بوو، ئێمەش ئەو پێشنیازەمان قبوڵ کرد، بەڵام بەو مەرجەی کە دوو ساڵی یەکەم بۆ گۆڕان بێت، کەچی ئێستا یەکێتی دەڵێ قبوڵ ناکەین". هەروەها گوتیشی: "بەڕاستی ئەو هەڵوێستەی یەکێتی وا دەردەخات کە نە بڕوایان بە دانوستاندنە و نە بڕوایان بە دەنگی خەڵک و هەڵبژاردن هەیە، نە بڕواشیان بە گۆڕانکاری و رادەستکردنی دەسەڵاتە. ئێمەش بە یەکێتی دەڵێین بڕوامان بە خۆسەپاندنیان نییە و لێیان قبوڵ ناکەین". ئاسۆ کەریم بەئاشکرا باسی هەڵوێستی پارتیش دەکات: "پارتی بە گۆڕانی راگەیاندووە کە ئەگەر پۆستی پارێزگار بە دەنگدان یەکلایی بکرێتەوە، ئێمە دەنگی خۆمان دەدەینە کاندیدی گۆڕان". ئەو هەڵسووڕاوە باڵایەی گۆڕان گوتیشی: "ئەگەر یەکێتی نەیەتە پێش، دەبێ ئەو پۆستە بە زۆرینەی دەنگ یەکلایی بکرێتەوە. پۆستەکانیش بەگوێرەی دەنگی لایەنەکان دابەش دەکەین".

# سەرکردە زویربووەکان و نەوشیروان مستەفا کۆدەبنەوە


## لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی ئەو سەرکردانە پێکدەهێنرێ



نەوشیروان مستەفا




سەلاح رەشید



سالار عەزیز



عوسمان حاجی مەحمود



قادر حاجی عەلی

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو– سلێمانی**

بڕیارە لە چەند رۆژی داهاتوودا لیژنەیەک دەستبەکاربێت بۆ دانیشتن لەگەڵ سەرکردە زویربووەکانی گۆڕان. بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست تۆڕی میدیایی رووداو کەوتوون، لیژنەکە هەموو تێبینییەکانی ئەو سەرکردانە دەکاتە پرۆژەیەک و دەیباتەوە بۆ رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان. رێکخەری گشتیی بزووتنەوەکەش بەڵێنیداوە داواکارییەکانیان جێبەجێ بکات. یەکێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕانیش هەواڵی دروستکردنی لێژنەکە لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕان و نەوشیروان مستەفاوە، پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: "کێشەی سەرکردە زویرەکان هێندە گەورە نییە بە گۆڕان چارەسەر نەکرێت".

ئەو سەرکردەیەی بزووتنەوەکە، کە داوایکرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، دەڵێ بۆخۆی لەنزیکەوە لەگەڵ هەندێک لەو هەڵسوڕاو و سەرکردانەی گۆڕان قسەیکردووە و بێ هیوا نییە لە گەڕانەوەیان "بۆیە بابەتەکە سپێردراوە بە لیژنە بۆئەوەی هەموو داواکاری و تێبینییەکانیان وەک پرۆژە گەڵاڵە بکرێن و لەنێو گۆڕاندا کاریان لەسەر بکرێت". دەربارەی هەڵوێستی رێکخەری گشتیی بزووتنەوەکەش، سەرکردەکە گوتی: "کاک نەوشیروان بە بایەخەوە گوێیان لێدەگرێت".

ساڵی 2014، بە کێشە بۆ گۆڕان دەستیپێکرد. هەرچەندە لەو ساڵەدا ئەو بزووتنەوەیە بە دروشمی "بەرەو بەشداری لە دەسەڵاتدا" چووە هەڵبژاردنەکانەوە و دواتریش چووە نێو حکومەتەوە، بەڵام پێش هەڵبژاردنەکان هەندێک لە سەرکردەکانی رۆیشتنە ماڵەوە. ئەوان رەخنەیان لە شێوازی بەڕێوەبردنی حیزبەکەیان گرت. بەتایبەتیش نەوشیروان مستەفایان کردە چەقی رەخنەکانیان.

(رووداو) لە سەرکردە زویرەکانەوە زانیویەتی نیگەرانیی ئەوان لە نەوشیروان مستەفا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە بڕیارە گرنگەکاندا ناگەڕێتەوە بۆ رای جڤاتی نیشتمانی. هەروەها، بەگوتەی ئەوان، پەیکەربەندییەکەی بزووتنەوەی گۆڕان لەڕووی بڕیاردان و دەسەڵاتەوە تەواو نییە و بزووتنەوەکە لەڕووی بە دامەزراوەییکردنەوە کێشەی هەیە. بەوشێوەیەش نییە کە پێشتر بانگەشەی بۆ دەکرا.

سەرچاوەکانی (رووداو) ئاشکرایان کردووە کە هەفتەی پێشوو، چەند دانیشتنێک، دوور لە چاوی کامێراکان و بە بێدەنگی، لەنێوان نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتیی بزووتنەوەکە و قادر حاجی عەلی، یەکێک لە سەرکردە و هەڵسوڕاوە باڵاکانی بزووتنەوەی گۆڕان، کە نوێنەرایەتیی زویربووەکانی کردووە، ئەنجامدراوە. ئەنجامی دانیشتنەکانیش تەنیا بڕیاری دروستکردنی چەند لیژنەیەک بووە. بەڵام سەلاح رەشید، یەکێک لە سەرکردە زویرەکان، کە پێش دەست لەکارکێشانەوەی بەرپرسی ژووری پەیجووری بزووتنەوەی گۆڕان بوو، دەڵێت: "لەوانەیە سبەی یان دووسبەی دانیشتن لەگەڵ ئەو برادەرانە ئەنجام بدرێت و لەوبارەیەوە گفتوگۆ بکرێت". سەلاح رەشید، سەبارەت بە ئەجێندای دانیشتنەکە گوتی: "هەندێک لەو برادەرانە لەگەڵیان کۆدەبنەوە و باسی کێشەکان دەکرێت و لیژنەیەکیش بۆ ئەو مەبەستە دروستدەکرێت". سەلاح رەشید، رەتیشیدەکاتەوە کە هەفتەی پێشوو کۆبوونەوە ئەنجام درابن: "تەنیا لە چوارچێوەی نەزەریدایە و دانیشتن نەبووە".

سەرەتای ئەمساڵ، قادر حاجی عەلی و عوسمان حاجی مەحمود و سالار عەزیز و سەلاح رەشید، بەبێئەوەی دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان بەفەرمی رابگەیەنن، لە بزووتنەوەکە دوورکەوتنەوە و چوونەوە ماڵەوە. دواتر هەندێک هەڵسووڕاوی دیکەی بزووتنەوەکە بەهەمانشێوە چوونەوە ماڵەوە. پاشان هەریەکە لە مام رۆستەم و عادل شوکر و ئاوات قارەمانیش دانیشتن، بەڵام لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەمساڵدا، سالار عەزیز، بە بڵاوکردنەوەی نامەیەکی درێژ، راستەوخۆ و بەبێ پەردە نەوشیروان مستەفای تۆمەتبارکرد بە تاکڕەوی. بەمشێوەیەش جارێکی دیکە پەنجەکان یەکدییان شکاندەوە.

مام رۆستەم لەوبارەیەوە دەڵێت: "کێشەکان چارەسەر دەکرێن و پێموایە ئەوەندە قورس نین"، هەروەها عادل شوکریش دەڵێت هەرچەندە ئاگای لە لیژنەکە نییە، بەڵام "کێشەکان چارەسەر دەکرێن و هەموومان پێکەوە دەبین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان".

ئاماژەکان دەریدەخەن کە هەریەکە لە سالار عەزیز و عوسمان بانی مارانی، لە ریزی ئەوانەدا نابن کە وتووێژ لەگەڵ لیژنەکە دەکەن بۆ گەڕانەوە. چونکە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا، سالار عەزیز رەخنەی توندی لە بزووتنەوەکە و نەوشیروان مستەفا گرت و عوسمان بانی مارانیش بەشداریی لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی یەکێتیدا کرد.

لەسەرەتای دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان و دواتریش بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنەکەی 25 تەمووزی 2009 و هەڵبژاردنەکانی دواتردا، زۆرتر هەڵسووڕاو و کادیرە گەنجەکان پۆستەکانیان وەرگرتووە، چ لەناو حیزب و چ لەناو پەرلەماندا، ئەمەش بەشێکی دیکەی نیگەرانییەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیەی دروستکردووە. سەفین مەلا قەرە، یەکێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێ ئەو لیژنەیەی دروستکراوە "دەستبەکاربووە" و قسەشی لەگەڵ سەرکردە زویرەکانی گۆڕان کردووە: "ئەوان هەندێک داواکارییان هەبووە و هەندێک لە داواکارییەکان هی ئەوەن بەپێی دەستووری نێوخۆیی گۆڕان چارەسەر بکرێن". ناوبراو بەبێئەوەی ئاماژە بە نێوەڕۆکی کێشەکان بدات، گوتی: "ئەو داواکاری و تێبینیانەش کە بەپێی دەستووری نێوخۆیی چارەسەر نەکرێن، هەڵدەگیرێن بۆ کۆنفرانس و کۆنگرەی گۆڕان، بەڵام کێشەکان گەورە نین و داواکارییەکانیش هێندە قورس نین تاوەکو چارەسەر نەکرێن".

## بارزانی لە کوشتنی هاینز نیگەرانە

**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان سەربڕینی دەیڤید هاینزی بەریتانی لەلایەن داعشەوە بە توندی ئیدانە دەکات و ڕایگەیاند، "ئەوە نیشانەی ئەوپەڕی بەدڕەوشتی و بێ پرەنسیپیی تیرۆریستانی داعشە". بەپێی ڕاگەیێندراوێک کە لە ماڵپەڕی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، گوتەبێژی فەرمیی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات "پەلە بکەن لە لەناوبردن و ریشەکێشکردنی ئەم ڕێکخراوە مەترسیدارە".



ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (326) دووشەممە 2014/9/15

### بارزانی بۆ ئاوارەکانی شنگال و دەشتی نەینەوا:

# نابێت ئەوانەی خیانەتیان کردووە جارێکی دیکە لەگەڵ ئێوە بژین



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە شاری دهۆکەوە بە ئاوارەکانی دەڤەری شنگال و دەشتی نەینەوای ڕاگەیاند کە دەزانن ئەو شوێنانەی ئێستا تێیاندا نیشتەجێ کراون خراپن و ژیانیان زەحمەتە، بەڵام ئەو ڕەوشەی ئەوان کاتییە و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەگەڕێنەوە شارۆچکە و گوندەکانی خۆیان. هەروەها گوتی کە ئەو عەرەبانەی ساڵەهای ساڵ لەگەڵ ئەوان ژیاون و خیانەتیان لێکردن "ئیدی ناهێڵین لەگەڵ ئێوە بژین و ئەو کێشەیە بە یەکجاری چارەسەر دەکەین".

قسەکانی بارزانی لە کۆبوونەوەیەکدا هات لەگەڵ نوێنەری ئاوارەکانی کوردی ئێزدی و شەبەک و کریستیان و شیعە کە پاش هێرشی مانگی ئابی ڕابردووی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بۆ سەر قەزای شنگال و دەڤەری زومار و دەشتی نەینەوا، بە دەیان هەزاریان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد.

ئەو کۆبوونەوەیە ڕۆژی 10ی ئەیلول لە بارەگای فەرماندەیی دهۆک دوور لەچاوی کامێراکان بەڕێوەچوو.

شێخ عەلۆ، ئەندامی دەستەی باڵای بنکەی ڕۆشنبیریی لالش کە یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی کوردی ئێزدی و لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بووە، دەربارەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە بە (ڕووداو)ی گوت "بارزانی بە پەرۆشەوە باسی کوردی ئێزدیی کرد و گوتی: ئەو کارەساتەی بەسەر ئێوە هاتووە، بەسەر هەموو میللەتی کورد هاتووە، ئەوانەی لە شنگال کۆمەڵکوژ کراون، یان بۆ شوێنی دیکە براون، هەموویان برا و خوشکی منن".

شێخ عەلۆ کە یەکێک بووە لەو کەسانەی لەو کۆبوونەوەیەدا قسەی کردووە، گوتی بارزانی لەو دانیشتنەدا گوتبووی "تا ئێستا لەم شەڕەدا نزیکەی 1200 شەهیدمان داوە، ئەگەر 100 هەزار شەهیدی دیکەش بدەین شنگال هەر ڕزگار دەکەین و ئێوەش دەگەڕێنەوە سەر ماڵ و موڵکی خۆتان".

بارزانی بەڵێنی بە نوێنەری ئاوارەکان داوە کە کاتێک دەگەڕێنەوە هەموویان قەرەبوو دەکەنەوە، عەلۆ دەڵێت "بارزانی گوتی دەزانین جگە لە لەدەستدانی کەسوکاری خۆتان، ماڵ و حاڵی خۆتان بەجێهێشتووە و زۆربەی زۆری تالان کراوە، بۆیە بەڵێنتان دەدەمێ هەرکات بگەڕێنەوە، هەرچی شتی ئێوە کە لەناو چووە بۆتان قەرەبوو دەکەینەوە".

یەکێکی دیکە لە ئامادەبووانی ئەو دیدارە د.موحسین سەعدون ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە. ئەو پەرلەمانتارە کوردە لەبارەی قسەوباسی ناو دیدارەکە زانیاری زیاتری درکاند و گوتی "ئێمە پێمانگوت مەسەلە بەتەنیا گەڕانەوە نییە، مەسەلە ئەوەیە چۆن ئەم خەڵکە دەگەڕێتەوە و لەگەڵ عەرەبەکانی ئەو ناوچانە دەژیت، بارزانی گوتی: 150 ساڵە کورد و عەرەب لەو ناوچانە پێکەوە دەژین، هەرگیز تەسەوری ئەو خیانەتەمان لەو عەرەبانە نەدەکرد، بۆیە عەرەب و کورد و هەر کەسێک خیانەتی کردبێت، سزای خۆی وەردەگرێت، نابێت ئەوانەی خیانەتیان کردووە جارێکی دیکە لەگەڵ ئێوە بژین، پاش ئەوەی ئێوە دەگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆتان ئێمە ئەو کێشەیە بە یەکجاری چارەسەر دەکەین".

موحسین سەعدون هەروەها لە زاری بارزانییەوە گوتی کە هێزی پێشمەرگە ئەمجارە نەک هەر لە شنگال و زومار، بەڵکو لە موسڵیش ناهێڵن دەستدرێژی بکرێتە سەر کورد.

### وەزارەتی دارایی ڕەتیدەکاتەوە بەغدا پارە بۆ هەولێر بنێرێت

# "دەبێ بودجەی کوردستان وەزیرە کوردەکە بینێرێت"

### سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ: ئێمەش سەرمان لێشێواوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەپێی ئەو ڕێککەوتنە سەرەتاییەی لەنێوان هەولێر و بەغدا کراوە، دەبێ لەماوەی ئەم هەفتەیەدا بودجەی مانگێک بگاتە باشووری کوردستان. ئەندامێکی لیژنەی کاتیی داراییی پەرلەمانی عێراقیش دەڵێت وەزیری نوێی دارایی، کە کورد دەبێت، بڕیار لەسەر ناردنی ئەو پارەیە دەدات. فریاد ڕواندزی، ئەندامی ئەو لیژنەیەی بە نوێنەرایەتیی کورد دانوستاندنی لەگەڵ بەرپرسانی عێراقدا دەکرد، دەڵێ لیژنەی دانوستاندنی نێوان هەولێر و بەغدا کۆتایی هاتووە. دەبێ وەزیرە کوردەکان خۆیان لە ئەنجوومەنی وەزیران باسی کێشەکان بکەن.

ئەحمەد ڕەشید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق و ئەندامی لیژنەی کاتیی داراییی پەرلەمان، دەڵێ بەپێی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا، دەبێ کورد پابەند بێت بە ناردنە دەرەوەی نەوت لەڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە و لەماوەی 6 مانگدا ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت: "لەبەرامبەریشدا بەغدا ئەم مانگە بودجەی مانگێک بۆ هەرێمی کوردستان ڕەوانە دەکات".

ئەو بودجەیەی بەغدا دەینێرێت، بودجەی یەک مانگە، بەڵام لە مانگی شوباتی ئەمساڵەوە بودجەی هەرێمی کوردستان بڕدراوە. وەک ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند بەشێک لەو پارەیەی لەو ماوەیەدا مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانیان پێ دابینکردووە، لە کۆمپانیاکانی بواری نەوت قەرزیان کردووە.

ئەو بودجەیەی بڕیارە لە بەغداوە بنێردرێت، بڕەکەی تریلیۆنێک و 200 ملیار دینارە. ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەگەر بودجە پەسند نەکرا، وەزیری داراییی عێراق دەسەڵاتی ئەوەی هەیە 1 لەسەر 12ی بودجە بنێرێت بۆ هەرێمی کوردستان، بۆئەوەی مووچەی پێبدرێت و پڕۆژەکان نەوەستن. بەڵام ئەمە لە دۆخێکدایە کە کێشەی سیاسی، وەک ئەوەی ئێستا، باڵی بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدادا نەکێشابێت. کێشەکانیش بەوشێوەی ئێستا لە گرێژنە دەرنەچووبن.

لەبەرئەوەی بودجەی مانگەکەی کوردستان پێویستی بە بڕیاری وەزیری دارایی هەیە و وەزارەتی داراییش، کە بەر کورد کەوتووە لە کابینە نوێیەکەی عەبادیدا، هێشتا وەزیرەکەی دەستنیشان نەکراوە، ئەحمەد ڕەشید دەڵێ، ئێستا عەبادی دەتوانێ بە سەرکردەکانی کورد بڵێت ئەو ئامادەیە ئەو پارەیە بنێریت بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام لەبەرئەوەی کورد وەزیرەکەی دەستنیشاننەکردووە، کەواتە "کورد خەتای خۆیەتی کە پارەکەی بەدەستنەگەیشتووە". سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ، "ئێمەش سەرمان لێشێواوە"، چونکە حەیدەر عەبادی "ناوی د. ڕۆژ نووری شاوەیس-ی وەک وەزیری دارایی خوێندەوە.

هێشتا سەرکردایەتی کوردیش دەڵێ کاندیدی وەزارەتەکان ئامادەنین". هەرچەندە حکومەتەکەی عەبادی چاوەڕوانی داواکاری و مەرجەکانی کوردی نەکرد و ناوی وەزیرەکانی ڕاگەیاند، بەڵام لەسەرەتاوە کورد دانوستاندنی لەسەر کێشە هەڵپەسێردراوەکانی پێشمەرگە و نەوت و غاز و مادەی 140 و بوودجە دەکرد. وەک نیەت پاکیش داوای ناردنی بودجەی 6 مانگی دەکرد، بەڵام "دواجار قسەکان گەیشتنە بودجەی یەک مانگ".

ئەو یەک تریلیۆن دینارەی کورد چاوەڕوانی دەکات لە بەغداوە پێی بگات، دەبێ دەستبەجێ 850 ملیار دیناری لێ بدرێتە مووچەی یەک مانگی فەرمانبەران. ئەو 360 ملیارەش کە دەمێنێتەوە، وەک ڕێباز محەممەد، وەزیری داراییی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتی "هەرچی لە مووچەی فەرمانبەران بمێنێتەوە، دابەشی دەکەین بەسەر پڕۆژەکاندا لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک، چونکە ژمارەیەکی زۆر پڕۆژەمان هەیە کە بەهۆی بێپارەییەوە وەستاون".



### وەزیری داراییی کوردستان: هەواڵی ناردنی بودجە قسەی ڕاگەیاندنە

بەڵام ڕێباز محەممەد بێئاگایی خۆی دەربڕی لەوەی کە لەماوەی ئەم هەفتەیەدا بەغدا ئەو پارەیە بنێرێت بۆ هەرێمی کوردستان و گوتی: "ئەمە تەنیا قسەی نێو ڕاگەیاندنە. من کە وەزیری داراییم زانیاریم نییە لەم ماوەیەدا بەغدا یەک ترلیۆن دینارمان بۆ بنێرێت".

ساڵی 2014، گەشە ئابوورییەکەی باشووری کوردستان لە پەل و پۆ کەوت و خەونی گەورەی حکومەت بووە ئەوەی کە مووچە بۆ فەرمانبەران دابین بکات. زاگرۆس فەتاح، بەڕێوەبەری پلاندانان لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەڵێ لیستی پڕۆژەکانی ساڵی 2014 ئامادەیە، "بەڵام وەزارەتەکان بەبێ پەسندکردنی بودجە، چۆن دەتوانن لیستی پڕۆژەکانی داهاتوویان ئامادەبکەنەوە؟ چونکە هێشتا بودجەی ساڵی 2014ش پەسند نەکراوە". ناوبراو دەشڵێت لە هەرێمی کوردستان حکومەت کێشەی ئامادەکردنی پڕۆژەی نوێی نییە، بەڵکو "کێشەی ئەو پڕۆژانەمان هەیە کە کاریان تێدا دەکرێ یان خراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئێستا بەڵێندەران پارەیان نییە و حکومەتیش پارەی نییە بیانداتێ بۆئەوەی بەردەوام بن لەسەری". بۆیە "بەدڵنیاییەوە لە بەغداوە هەر پارەیەک بێتە هەرێمی کوردستان، دوای مووچە، تەرخاندەکرێت بۆ پڕۆژە تەواونەکراوەکان".

فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:

# ئەوەی پێشبینیمان دەکرد تورکیا بیکات، نەیکرد



■ پێویستە ڕاشکاوانە لەگەڵ تورکیا دابنیشین

■ هەموو تاکێکی کورد لە هەڵوێستی تورکیا ناڕەحەتە چۆن بارزانی ناڕەحەت نابێ

هەم یەکێکە لە کەسە هەرە نزیکەکان لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەمیش کاتێک ئەو هەڤپەیڤینەمان لەگەڵ کرد، دوور نەبوو لە شوێنی حەوانەوەی بارزانی لە پیرمام.
فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەناوی هەرێمی کوردستانەوە بەشداری کۆنگرەی پاریس دەکات و لەم هەڤپەیڤینەدا دەڵێ "ئەو پەیوەندییەی چەند ساڵ بوو بارزانی دروستی دەکرد بەرهەمی هەبوو". هەر لەم هەڤپەیڤینەدا باسی پەیوەندیی بارزانی و بایدن، یەکەم گورزی ئەمریکا لە داعش، هەڵوێستی تورکیا و مەسەلەی حکومەتی نوێی عێراق دەکات.

هەڤپەیڤین: هیڤیدار ئەحمەد

**ڕووداو: کۆنگرەی پاریس بۆ چییە و لەوێ چۆن باسی کورد دەکرێ؟**

**فوئاد حوسێن:** لەمیانەی سەردانەکەیدا بۆ هەرێمی کوردستان، سەرۆکی فەرەنسا و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا باسی ئەوەیان کرد کە 30 دەوڵەت لەو کۆنگرەیە بەشدار دەبن، لەوانە هەر پێنج دەوڵەتی ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی. ئەو کۆنگرەیە پەیوەندی بە دۆخی عێراق و داعشەوە هەیە.

**ڕووداو: هەرێمی کوردستان بەجیا داوەتکراوە بۆ ئەو کۆنگرەیە یان لەگەڵ حکومەتی عێراق دەبن؟**

**فوئاد حوسێن:** هەرێمی کوردستان بە جیا داوەتکراوە، لە عێراقیش سەرۆک کۆماریان داوەت کردووە و لە کۆنگرە دوو گوتاری سەرەکی هەیە، یەکەم گوتاری سەرۆکی فەرەنسایە و ئەوەی دووەم گوتاری سەرۆکی عێراقە. سەرۆک کۆماری عێراقیش نوێنەری کوردستانە لەوێ و بێگومان ڕەنگە لە گوتارەکەیدا باسی دۆخی کوردستانیش بکات.

**ڕووداو: چ شتێکی نوێ لەدەستی سەرۆکی فەرەنسا بوو بۆ کورد کاتێک سەردانی هەولێری کرد؟**

**فوئاد حوسێن:** بێگومان ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ کورد پێشاندا لە هاوکاریی مرۆیی و پاڵپشتی خۆیان لەڕووی سەربازییەوە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و گوتی بەردەوام دەبن لەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییانە بۆئەوەی پشتگیری لە هەرێمی کوردستان بکەن. هەروەها باسی ئەوەش کرا کە چۆن هێزەکانی پێشمەرگە بەهێز بکەین.

**ڕووداو: کورد لە کۆنگرەی پاریس چ داواکارییەک دەخاتەڕوو؟**

**فوئاد حوسێن:** لەو ماوەیەدا کورد لە ڕێگەی پەیوەندی دوو قۆڵییەوە لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەورووپا داخوازیی خۆی خستووەتەڕوو، بەردەوامیش دەبێ لەو پەیوەندییانە و ئەوانیش لە زۆر مەسەلە هاتوونەتە پێش. ئێمە لە حاڵەتی شەڕداین.

**ڕووداو: جیاوازیی نێوان هاوکارییەکانی ئەمریکا و فەرەنسا و دەوڵەتانی دیکەی ئەورووپی بۆ باشووری کوردستان لە مەسەلەی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش چی بوو؟**

**فوئاد حوسێن:** هەریەکە بە شێوەیەکە، بەڵام سیاسەتی دنیا وایە، ئەمریکا سەرقافڵەیە و ئەمریکا بەو شێوە توندە نەهاتبایە پێشەوە، دوور نییە هەندێکیان هەندێ هەڵوێستیان هەبووایە بەڵام بەو شێوەیە نەدەبوو. ئەمریکا کە هاتە پێشەوە ئەورووپاش جوڵا و ئەوەی جوڵەی بە ئەورووپاش کرد فەرەنسا بوو. بۆیە ڕۆڵی فەرەنسا لێرەدا گرنگە و ئێستا ئەورووپا و ئەمریکا لە پاڵپشتیکردنی کوردستان هاوکاری یەکدین.

**ڕووداو: ڕاستە دەگوترێ ئەگەر ئەمریکا نەهاتبایە سەر خەت، داعش دەگەیشتە نێو هەولێر؟**

**فوئاد حوسێن:** ئەمە هەڵسەنگاندنێکی سەربازییە، بەڵام ئەوەی واقیعە داعش گەیشتە مەخموور، داعش گەیشتە گوێر و خازر و ئەمەش سێ خەتن دێن بۆ هەولێر. بەتایبەت کە گەیشتنە گوێر زۆری نەمابوو بگەنە فڕۆکەخانەی هەولێر. بۆیە بۆ مێژوو دەڵێین ڕۆڵی ئەمریکا لەو کاتەدا زۆر گرنگ بوو، گورزی گەورەیان لە داعش دا. داعشیش تەنیا شەڕی چەکیان نەدەکرد، بەڵکو لە ڕێگەی میدیاوە خەڵکیان دەتۆقاند و سەری خەڵکیان دەبڕی و ئەمەش کاریگەری خۆی هەبوو کە خەڵک بیر لە ڕاکردن بکەنەوە و ئەمەش کێشەیەکی گەورەی دروستکرد.

**ڕووداو: ئەو شەوەی داعش هاتە مەخموور، بارزانی لەگەڵ واشنتن لەسەر خەت بوو، ئەمریکا چۆن ڕازی بوو لە داعش بدات؟**

**فوئاد حوسێن:** کۆمەڵێ تەلەفۆن کران لەگەڵ واشنتن، کاتەکەش شەوی 6ی ئاب بوو، ئەو هەموو پەیوەندییانەش کە کران ئامادەکاری بوون بۆ پەیوەندی نێوان جەنابی سەرۆک بارزانی و جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا. پەیوەندییەکە ڕێکخرا و جەنابی سەرۆک بە ڕوونی باسی دۆخەکەی کرد و گوتی داعش بە چەکێک هاتوونەتە پێش کە

■ 30 دەوڵەت بەشدار دەبن لە کۆنگرەی پاریس

■ زۆری نەمابوو داعش بگەنە فڕۆکەخانەی هەولێر

ئێمە نیمانە و بە ئسلوبێکی شەڕ هاتوونەتە پێش کە زۆر جیایە لە شەڕی تەقلیدی و پارتیزانی. دوای ئەوەی ئەمریکا بڕیاری دا لە داعش بدەن، ئۆباما گوتارێکی بۆ ڕای گشتی ئەمریکا پێشکەش کرد، تەنانەت پێش ئەوەی ئۆباما گوتارەکەی پێشکەش بکات بە سەرۆک بارزانییان گوت گوتارەکەی چی دەبێ و باسی چی دەکات. دوای گوتارەکەش یەکسەر ئەمریکا لە ڕۆژی 2014/8/8 لە داعشیان داو یەکەم لێدانی ئەمریکاش لە داعش بۆردومانی تۆپێکی گەورە بوو لە نزیک مەخموور کە توانای هەبوو 30 کم بڕوات، مەدفەعیەکی ئەمریکی بوو لە سوپای عێراقەوە کەوتبووە دەست چەکدارانی داعش.

**ڕووداو: ئەو کات مەترسی داعش لەسەر باشووری کوردستان زۆر بوو، ئێستا مەترسییەکە چەندە؟**

**فوئاد حوسێن:** مەترسی داعش لەسەر هەرێمی کوردستان دوورکەوتەوە، ڕۆژ بە ڕۆژیش هێزەکانی پێشمەرگە خۆیان ڕێکدەخەن و بۆ ئەمریکییەکانیش گرنگ بوو کە پێشمەرگە بتوانێ ئەو شوێنانە بگرێتەوە. بەڵام بێجگە لەوەی کە دەوڵەتێکی تیرۆریستییە، هەندێ کەس ئێستا باسی ئەوە دەکەن کە داعش حوکمی زیاتر لە 10 ملیۆن کەس دەکات.

**ڕووداو: ئێوە نەگەیشتوونەتە وەڵامی ئەو پرسیارە کە بۆچی داعش هێرشی کردە سەر کوردستان؟**

**فوئاد حوسێن:** داعش چاویان لەسەر تەلعەفەر و شنگال بوو، هەم لەبەر پێگەی جوگرافی و هەمیش لەبەر مەسەلەی مەزهەبی. ئەوان نەخشەی خۆیان هەیە کە لە هیندەوە دەستپێدەکات تاوەکو ئەورووپا، تەنانەت بە سعودیە دەڵێن حیجاز و بە ئەسیوبیا دەڵێن حەبەشە و بە ئیسپانیا دەڵێن ئەندەلوس و نیازیان هەیە کۆنترۆڵی ئەو هەموو ناوچەیە بکەن. ئەوان کوردستانیان مەبەست بوو چونکە نەوتی هەیە و ناوچەی شاخاوی هەیە و ئەگەر گەیشتبانایە نێو شاخەکانی کوردستان زۆر مەترسیدار بوو. بەڵام بۆچی هاتن بۆ کوردستان، بەڕاستی نازانین و دەبێ ئەو پرسیارە لە داعش بکرێ، چونکە نازانین لەنێو مێشکیان چی هەیە. بەڵام ئەوەی دیارە ئایدیۆلۆجیای داعش دژی کوردە و کوردیش بە کافر دادەنێن.

**ڕووداو: هیچ پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆتان لەگەڵ داعش نییە؟**

**فوئاد حوسێن:** ئەمانە دوژمنی کورد و کوردستانن، کاتی خۆی لەگەڵ ڕژێمەکانی عێراق کە شەڕ هەبوو دواتر دەستمان دەکرد بە دانوستاندن، بەڵام داعش دوژمنی مرۆڤایەتییە، چۆن پەیوەندی لەگەڵیان دروست دەکەین!

**ڕووداو: کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکا لە باشووری کوردستان زۆرن، ڕاستە ئەوانیش ڕۆڵیان هەبوو لە جوڵاندنی ئەمریکا بۆ لێدانی داعش؟**

**فوئاد حوسێن:** نەخێر بۆ ئەم شەڕە هیچیان نەکرد، ڕاستە پێش ئەم شەڕە لۆبییان بۆ کورد و هەرێمی کوردستان کردووە کە ئەمریکا پشتگیری لە سیاسەتی نەوتی کوردستان بکات و لۆبییان دەکرد کە پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکا باشبکرێ و گوشار لەسەر مالیکی دروست بکرێ. بەڵام بۆ ئەم شەڕە هیچ کۆمپانیایەک تەدەخولی نەکردووە.

**ڕووداو: داواتان نەکردووە هێزێکی ئەمریکی لە هەرێمی کوردستان بمێنێتەوە؟**

**فوئاد حوسێن:** ئەوەی ڕاستی بێ کە ئەمریکا لە عێراق کشایەوە، مالیکی خۆشحاڵی خۆی نیشاندا و وای لە هەموو دنیا گەیاند کە ئاسایشی عێراق و هەموو شتێک لەژێر کۆنترۆڵە، بەڵام ئەوە واقیع نەبوو، مالیکی غروور گرتبووی. سەرۆک بارزانی ئەوکات گوتی، وەزعی عێراق ئەوە نییە بتوانێ بەرگری لە خۆی بکات، بەڵام مالیکی کێشانەوەی سوپای ئەمریکای کرد بە سەرکەوتنێکی گەورە، کەچی لەدوای ئەوە عێراق هەر بەرەو خراپی ڕۆیشت تا گەیشتە ئەمڕۆ. عێراق پێویستی بە ئەمریکا هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان. کوردیش بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق و بۆ هەر داوایەکی وا دەبێ بەغدا ڕازی بێت.

**ڕووداو: ئەمریکییەکان لەبەر خاتری عێراق گورزیان لە داعش دا یان لەبەرئەوەی داعش گەیشتە کوردستان بۆیە هاتنە سەر خەت؟**

**فوئاد حوسێن:** ئەوە دوو سێ ساڵە لە سووریا شەڕە، هەموو دەوڵەتانی عەرەبی و کەنداو و بگرە تورکیاش داوایان لە ئەمریکا کرد تەدەخول بکات و نەیکرد، داعش گەیشتە بەغدا، مووسڵ و ئەنبار و دیالە و تکریت و تا سنووری بەغدا کەوتە دەستی داعش. هیچ ڕوویندا. بەڵام کە دەستیان برد بۆ کوردستان جوڵەیەکی گەورە کرا لەسەر ئاستی دنیا. ئەمە پێویستە مێژوونووسەکان بینووسن و خەڵک شیکردنەوەی وردی لەسەر بکات کە ئەمریکا نەیهێشت دەستی داعش بەرەو کوردستان درێژ بێت. کوردستان لەو ماوەیەدا و ئەو هەموو پەیوەندییەی کە هەبووە و سەرۆک بارزانی سەرپەرشتی دەکرد، ئێ ئەمە بەرهەمەکەی بوو، کوردستانیش دنیایەکی کراوەیە. بڕیاری ڕۆژئاوا و ئەمریکا تەنیا بڕیاری حکومەتەکانیان نییە، بەڵکو دەبێ ڕای گەلیشی لەگەڵ بێت و هەموو گەلانی ئەورووپا و ئەمریکا لەگەڵ ئەوەبوون کورد بپارێزن. تەنانەت ئەڵمانیا بۆ یەکەمجار بڕیاری دا چەک بۆ شوێنێک بنێرێ کە شەڕی تێدایە. بۆیە سیاسەتی کورد تەنیا لەگەڵ حکومەتەکانی ئەو دەوڵەتانە نەبووە، بەڵکو چووەتە نێو میللەتەکان.

**ڕووداو: ڕاستە دەگوترێ ئەگەر بارزانی بۆ خۆی لەگەڵ ئەمریکییەکان نەهاتبایە سەر خەت ئەوانیش بەو شێوەیە پاڵپشتی کوردیان نەدەکرد؟**

**فوئاد حوسێن:** ئێ وایە، سەرۆک بارزانی ئەو هەموو ساڵانە ئەو پەیوەندییەی دروستکرد ئەوە بەرهەمەکەی بوو. دەزانن ئەمریکییەکان پێش ئەوەی لە داعش بدەن یەکەم پرسیاریان ئەوەبوو کێ قیادەی ئەم شەڕە دەکات لە هەرێمی کوردستان و کێ قیادەی پێشمەرگە دەکات بۆئەوەی جارێکی دیکە هەڵبستێتەوە؟ ئەمە پرسیاری ئەمریکییەکان بوو بۆ ئەوەی بزانن کێیە، کە زانییان بارزانییە متمانەیان زیاتر بوو، ئەمە واقیعێکی مێژووییە.

هەروەها پرسیاریان دەکرد کە ئایا دوای هێرشەکانی ئەمریکا پێشمەرگە ئامادەیە جارێکی دیکە ئەو شوێنانە بگرێتەوە، دەیانگوت ئەگەر وەڵامەکە بەڵێیە، کێ سەرپەرشتییان دەکات و چۆن پلان دادەڕێژن.

**ڕووداو: تاوەکو ئێستا چەند دەوڵەت هاوکاری سەربازی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە ناردووە؟**

**فوئاد حوسێن:** زۆرن، دەزانن هەندێ دەوڵەت تەنیا بەشێوەی ڕەمزی پاڵپشتی پێشمەرگەی کردووە، پێشتر ئێمە دەوڵەت بە دەوڵەت، شار بە شار دەگەڕاین بۆ ئەوەی فیشەکێک بەدەستبهێنین، ئێستا ئەو دەوڵەتانە خۆیان چەک دەدەن و هەر خۆیان چەکەکەش دێنن بۆ پێشمەرگە، ئەمە گۆڕانکارییەکی زۆر گەورەیە. ئەوەی من ئاگادار بم ئەمریکا، فەرەنسا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، هۆڵەندا و چیک و چەند دەوڵەتێکی دیکەش هەن، واتە زیاتر لە 10 دەوڵەت هاوکاری سەربازییان ناردووە و هەر زیادیش دەبێ.

## تورکیا و هەرێمی کوردستان

**ڕووداو: کورد تورکیای بە نزیکترین دۆستی خۆی دەزانی، بەڵام لەم شەڕەدا هیچ هاوکارییەکی کوردی نەکرد، بۆچی؟**

**فوئاد حوسێن:** کورد کەوتە ڕۆژێکی تەنگانە و ڕۆژەکەش بەڕاستی ڕۆژێکی تەنگانە بوو، لە ڕۆژی تەنگانەدا ئەگەر یەکێ پەرداخێکی ئاویشت بداتێ زۆر مەمنونی دەبی، بەڵام کە تینوو نەبی و پەرداخی ئاوت بداتێ، باشە بەڵام کاریگەری کەمە.
لەو ڕۆژەدا موحتاج بووین، ئەمریکا لەو دوورەوە هات، فەرەنسا و ئەورووپا لەوێوە هاتن، بەڵام دراوسێییەکەمان کە تورکیایە نەهات، داواشمان لێکرد، کەچی هەر نەهات.

**ڕووداو: وەڵامی تورکیا چی بوو؟**

**فوئاد حوسێن:** ئەوان نەیانگوت هاوکاریتان ناکەین، گوتیان دوای هەڵبژاردنی تورکیا هاوکاریتان دەکەین. بۆ ئێمەش ئەوکاتە زۆر هەستیار بوو، بەڵام گوتمان باشە، کەچی هەر نەهاتن. ئەوەی پێشبینیمان دەکرد بیکەن نەیانکرد.

**ڕووداو: ئێوە لە تورکیا نیگەرانن؟**

**فوئاد حوسێن:** پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا یەکجار فراوانە، پەیوەندی ئابووری، بازرگانی، سیاسی و نەوتی کوردستانیش لە ڕێگەی تورکیاوە دەفرۆشرێ، ئەگەر شیکردنەوەیەکی گشتی بکەی بۆ ئەو پەیوەندییانە، دەبێ تورکیا زۆر باش بێتە پێشەوە، تەنانەت تورکیا بەردەوام دەیگوت ئاسایشی کوردستان بکەوێتە مەترسییەوە هاوکاریتان دەکەین. ئێ ئاسایشی ئێمە کەوتە مەترسییەوە و نەبوو.

**ڕووداو: ئەم نیگەرانییەی ئێوە واناکات تورکیا پێداچوونەوە لە مەسەلەی فرۆشتنی نەوتی کوردستان بکات بۆ بازاڕەکانی جیهان؟**

**فوئاد حوسێن:** ئاخر بەرژەوەندی تورکیاش لەوەدایە نەوتی کوردستان لەوێ بێت، بۆچی ئەمریکا دەڵێ دێم بۆ ئەوەی بەرژەوەندی خۆم بپارێزم؟ تورکیا دەڵێ 49 دیپلۆماتکاری من لەدەستی داعشدایە، باشە ئەگەر داعش هاتبایە هەولێر خۆ کونسوڵخانەی تورکیا لە هەولێر هەیە، بە هەزاران کرێکاری تورکی لە هەولێر و هەرێمی کوردستان هەن، ئەی ئەوان چین؟ تۆ مەبەستتە ئەوان بپارێزی و ئەمانە لەدەست بدەی؟ چۆن؟

■ بارزانی بە ئەمریکای گوت ئەو چەکەمان نییە کە لای داعش هەیە

■ دوای تەلەفۆنەکەی بارزانی لەگەڵ بایدن واشنتن بڕیاری دا لە داعش بدات

■ پێش ئەوەی ئۆباما گوتارەکەی پێشکەش بکات سەرۆک بارزانییان لە ناوەڕۆکەکەی ئاگادار کردەوە

**ڕووداو: بڕیارتان داوە بە پەیوەندی خۆتاندا بچنەوە لەگەڵ تورکیا؟**

**فوئاد حوسێن:** پێویستە ڕاشکاوانە لەگەڵ تورکیا دابنیشین و باسی بکەین، چۆن دەبێ پەیوەندی بەو شێوەیە بێت؟ لەبەرژەوەندی تورکیایە بەرامبەر بە داعش بوەستن و داعش دۆستی کەس نییە و نابێتە داردەستی کەس. تورکیا هەر هیچ نەبێ خۆ چەند بنکەیەکی سەربازی لە دهۆک هەن و دەیانتوانی هاوکاری بکەن.

**ڕووداو: تورکیا ترسی لەوە هەیە ئەو چەکەی دێت بۆ کوردستان بکەوێتە دەستی چەکدارانی PKK. ئێوە ئامادەن گەرەنتی بدەنە ئەنقەرە؟**

**فوئاد حوسێن:** ئێ کە چەک ڕادەستی کوردستان دەکرێ ئەوە حکومەت هەیە و پەرلەمان هەیە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان حازرە و چەکەکە بە ئاشکرا دێت و بۆ پێشمەرگەکانە بۆ ئەوەی لەبەرەکان شەڕ بکەن، ئەو داوایە وەکو ئەوە وایە مامەڵەی ماسی لەناو ئاو بکەی.
PKKش لێرە حوکم ناکات و ئەمە شتێکی سەیرە کە وا دەڵێن، ئێرە هەرێمی کوردستانی عێراقە. ئەگەر وابێ ئەوا ئابووری و سیاسەتی کوردستانیش دەکەوێتە دەستی PKK. با تورکیا بێتە پێش ئینجا قسە دەکەین.

**ڕووداو: بارزانی لەوە نیگەرانە؟**

**فوئاد حوسێن:** جەنابی سەرۆک، سەرۆکی ئەم هەرێمەیە. هەموو تاکێکی کورد لە هەڵوێستی تورکیا ناڕەحەتە، چۆن سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناڕەحەت نابێ. ناڕەحەت بووین، چونکە کاتێک کە پێویستمان بەوان بوو هیچیان نەکرد.

**ڕووداو: ئەوکاتەی داعش هاتە کوردستان نووری مالیکی، هێشتا سەرۆک وەزیرانی عێراق بوو، هیچ کێشەیەکی بۆ کورد دروستکرد؟**

**فوئاد حوسێن:** مالیکی بەردەوام کێشەی بۆ کورد دروستدەکرد، دەمەوێ ئەوەش بڵێم مالیکی تاوەکو دوایین ساتەکانی حوکمەکەی هەر کێشەی بۆ کورد دروست دەکرد، عێراق ئەوەی باشە کەس بە کەس نییە، هەندێ زەخیرەی نارد، لە بەنداوی موسڵ هەندێ هاوکارییان کرد. بەڵام مالیکی لەکاتی هاتنی چەک بۆ کوردستان کێشەی دروست دەکرد. ئەمریکییەکان خۆیشیان ناڕازی بوون لە مالیکی. تەنانەت گەیشتنە ئەو بڕوایەی مالیکی بمێنێ ناتوانێ ئیدارەی هیچ کێشەیەک بکات، بەپێچەوانەوە لە کێشەیەک دەردەچێ و کێشەیەکی دیکە دروست دەکات. یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکان کە وای کرد بگەنە ئەو ئەنجامەی دەبێ مالیکی بڕوات، کێشەکانی نێوان حکومەتی بەغدا و هەرێمی کوردستان بوو کە مالیکی نەیتوانی ئەو کێشانە چارەسەر بکات. شەهرستانیش بەهەمان شێوە یەکێک بوو لەو کەسانەی کێشەی بۆ کوردستان دروستیدەکرد.

**ڕووداو: جیاوازیی نێوان مالیکی و عەبادی چییە؟**

**فوئاد حوسێن:** هیچ مرۆڤێک وەکو ئەوی دیکە نییە. بەڵام هەردووکیان لەیەک قوتابخانەی حیزبییەوە هاتوون. کەسایەتی ڕۆڵی هەیە و ڕۆڵی خۆشمان گرنگە کە دەبێ لە بەغدا وەکو تیم کار بکەین، چونکە پێشتر لە بەغدا تیممان نەبووە.
عەبادی پێش ئەوەی ببێتە سەرۆک وەزیران و دوای ئەوەش کە بووە سەرۆک وەزیران لەگەڵ سەرۆک بارزانی بە تەلەفۆن قسەی کرد و ڕایگەیاند کە ئامادەیە هاوکار بین و پێکەوە کار بکەین و ئەو نیازە پێشان دەدات.

**ڕووداو: گۆڕان نیگەرانە لەوەی پارتی و یەکێتی لەژێرەوە لەگەڵ عەبادی گەیشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ ناوی وەزیرەکان، دەڵێن کەوایە بۆ لە سلێمانی کۆبوونەوە؟**

**فوئاد حوسێن:** نەخێر هیچ وانییە، پرسیارم کرد وا نەبوو، هیچ هێزێکی کوردی ناوی نەدابووە بەغدا.

**ڕووداو: چۆن بوو بڕیارتان دا کۆبوونەوەکە لە سلێمانی بێت و لە سلێمانیش لای نەوشیروان مستەفا بێ؟**

**فوئاد حوسێن:** ئەو کۆبوونەوەیە لەسەر داوای جەنابی سەرۆک بارزانی بوو کە لە سلێمانی و لە گردی زەرگەتە بێت و ئەگەر کۆبوونەوەکە لە هەولێریش بووایە هەر دەبوو کاک نەوشیروان سەرپەرشتی بکات، ئەوە ڕاستییەکەیە.

ڕووداو کوردستانی
ژمارە (326) دووشەممە 2014/9/15

## بەرپرسێکی پرۆسەی ئاشتی دەستی لەکارکێشایەوە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

عولوی ساران، راوێژکاری دەستەی ئاسایشی گشتیی تورکیا کە یەکێکبوو لە بەرپرسانی کارای پرۆسەی ئاشتی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستەکەی راگەیاند. دەستەی ئاسایشی گشتی، دەسەڵاتێکی باڵابوو کە راستەوخۆ کاری لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران دەکرد و هەماهەنگی نێوان دەزگاکانی دەوڵەتی دروستدەکرد بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتی. دوای ئەوەی ئەم دەستەیە بەسترایەوە بە وەزارەتی ناوخۆوە، عولقی ساران دەسکارکێشانەوەی خۆی راگەیاند. ساران لە پەیامەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، دەستەکەی لە ماوەی 2 ساڵی رابردوودا زۆر کاری گرنگی جێبەجێکردووە بە مەبەستی باشترکردنی دیموکراسی و بەرەوپێشبردنی پرۆسەی چارەسەری لە تورکیا.

### ڕۆبۆسکییەکان گلەییان لە ئەمریکا نییە

# "ئەمریکاش هەڵەی کردبێت هەر خەتای تورکیایە"

**دانیشتوویەکی ڕۆبۆسکی:**
**داوای جێبەجێکردنی دادپەروەری دەکەین**

**سوپای تورکیا:**
**فڕۆکەوانەکان بێگوناهن**



**دێنزسێرنچی**
**ڕووداو- ڕۆبۆسکی**

بۆ خەڵکی گوندی ڕۆبۆسکی لە باکووری کوردستان، گرنگ نییە هێرشە ئاسمانییەکەی ساڵی 2011ی نزیک گوندەکەیان، دەرەنجامی زانیاریی هەڵەی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا بووە یان نا. ئەوان دەڵێن ئەمە حکومەتی تورکیا بێبەری ناکات لەوەی کە فڕۆکەکانی 34 گوندنشینی کوردیان کردە قوربانی. "ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوبەشە لە بەرپرسیارێتییەکانی ئەوکۆمەڵکوژییە، بەڵام حکومەتی تورکیا بەرپرسیاری سەرەکییە، چونکە لەکۆتاییدا ئەوان بوون کە بۆمبارانیان کردین،" ئەمە قسەی فەرهاد ئێنچو-یە کە برایەکی تەمەن 15 ساڵی لەو هێرشەدا کوژرا.

بەمدواییانە هەندێک بەڵگەنامە بڵاوکرانەوە و تێیاندا هاتبوو کە زانیاریی هەڵەی هەواڵگریی ئەمریکا بۆ حکومەتی تورکیا وایکردووە ئەو هێرشە ئەنجامبدرێت. شەوی 28ی کانوونی یەکەمی ساڵی 2011، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ڕێچکەیەکی بەبەفر داپۆشراوی چیایەکی ڕۆژهەڵاتی تورکیایان بۆمبارانکرد. ئەوێ گوندی ڕۆبۆسکی بوو کە چەندین ساڵ بوو گوندنشینە هەژارەکانی بژێویی ژیانیان لەڕێگەی بە قاچاخ هێنانی جگەرە و سووتەمەنییەوە بۆ سنوورەکانی باشووری کوردستان پەیدادەکرد. لەئەنجامی ئەو هێرشەدا، 34 گوندنشین کوژران، کە نیوەیان هەرزەکار بوون.

ئەوکات دەوڵەتی تورکیا گوتی زانیاریی هەبووە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ئەو شەوە بەوناوچەیەداتێپەڕیون. ئێستا کە ئاشکرابووە ئەو زانیارییانەی تورکیا ئەوکات هەیبوون زانیاریی هەڵەی ئەمریکی بوون، حیکمەت ئەڵما، کە ئەویش برایەکی لەو ڕووداوەدا لەدەستداوە، دەڵێت: "چەندین دەیە بوو گوندنشینانی ڕۆبۆسکی لەو سنوورانەوە چوونەتە ناو عێراق بۆ بە قاچاخبردنی جگەرە و خواردەمەنی. دەسەڵاتدارانیش ئەمەیان باش دەزانی،" بۆیە، وەک حیکمەت دەڵێت: "تێوەگلانی ئەمریکا لەو ڕووداوەدا بەرپرسیارێتیی تورکیا ناسڕێتەوە."

سینان ئێنچوو، کە ئامۆزایەک و حەوت هاوپۆلی لەو شەوەدا لەدەستداوە، پشتگیریی قسەکانی ئەڵما دەکات: "ئەگەر ئەمریکا دەستی لەو هێرشەدا هەبووە، ئەوە ئیدانەی دەکەین، بەڵام ئەگەر ئەمریکیەکانیش زانیاریی هەواڵگریی هەڵەیان دابێتە تورکیا، ئەوە تورکەکان دەیانتوانی ڕێگری لەو بۆمبارانە بکەن".

لە مانگی ئایاری ساڵی 2012، ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جۆرناڵ) ئاشکرایکرد کە فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکی شوێنی قاچاخچییەکانی لەسەر سنووری نێوان باشوور و باکووری کوردستان ئاشکراکردبوو. ڕۆژنامەکە لێدوانی سەرچاوەیەکی لە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بڵاوکردبووەوە کە گوتبووی ئەمریکیەکان پەرینەوەی چەند کەسێکیان لەو سنوورەدا راگەیاندبوو، بەڵام بڕیاری کاردانەوەیان بۆ حکومەتی تورکیا جێهێشتبوو.

هەرچەندە حکومەتی تورکیا پێشنیازی قەرەبووی بۆ خێزان و کەسوکاری قوربانییان کرد، بەڵام ئەوان قەرەبووەکەیان رەتکردەوە. تاوەکو ئێستاش حکومەتی تورکیا داوای لێبووردنی لێ نەکردوون. لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 2014، نووسینگەی دادوەریی سوپای تورکیا رایگەیاند هیچ سکاڵایەکی لەدژی ئەو پێنج فڕۆکەوانەی هێرشەکەیان ئەنجامداوە بەدەستنەگەیشتووە. گوتیشی: "راستە ئەو کەسانە هەڵەیەکی گەورەیان کردووە، بەڵام ئەوان فەرمانی سەرووی خۆیان جێبەجێکردووە".

سدیق ئێنچوو، کە چەند خزمێکی لەو کۆمەڵکوژییەدا لەدەستداوە، بڕوا ناکات ئەمریکا بە هیچ شێوەیەک دەستی لەو هێرشەدا هەبووبێت: "بەرژەوەندیی ئەمریکا چییە لە دەستوەردان لە ناوچەیەکدا کە قاچاخچێتیی تێدا دەکرێت؟" لەگەڵ ئەوەشدا بۆ گوندنشینان گرنگ نییە کە کێ لەو ڕووداوەوە گلاوە. ئەوان تەنیا "جێبەجێکردنی دادپەروەری"یان دەوێت. چونکە، وەک سەردەشت ئایکۆت، مامۆستای گوندی ڕۆبۆسکی دەڵێت: "لەکۆتاییدا خۆشەویستانمان لەدەستدان و چیدیکە ناگەڕێنەوە. ئەوەی دەمانەوێت بریتییە لە سزادانی بەرپرسیارانی تاوانەکە".

# ئەردۆغان دەیەوێ کێشەی کوردی چارەسەر بکات؟

## شارەزایەکی کاروباری تورکیا: ئەردۆغان پێی ناکرێت

**پەریڤان سەعید**
**ڕووداو- واشنتن**

بەشدارانی پانێڵێکی گفتوگۆ لە سەنتەری برووکینگس لە شاری واشنتن، چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا لەژێر دەسەڵاتی یەکەمین سەرۆککۆماری هەڵبژێردراوی ئەو وڵاتە تاقیکردنەوەیەکی یەکلاکەرەوەیە بۆ سەقامگیری و پرۆسەی دیموکراسی لە تورکیادا.

قادر ئوستوون، بەڕێوەبەری توێژینەوە لە دەزگای SETA لە واشنتن، لە میانی گفتوگۆیەکدا بە ناونیشانی (سەرۆک کۆمارئەردۆغان: هەڵبژاردنی تورکیا و داهاتووی ئەو وڵاتە) هۆشداریی دا کە "کێشەی کورد بلێسەی سەندووە و ئامادەیە بۆ تەقینەوە لە هەر ساتێکدا."

لە هەڵبژاردنەکەی مانگی رابردوودا، سەرۆکوەزیرانی پێشووی تورکیا، رەجەب تەیب ئەردۆغان، 51%ی دەنگەکانی بردەوە و بووە یەکەمین سەرۆککۆماری تورکیا کە راستەوخۆ بە دەنگی خەڵک هەڵبژێردرابێت. بەگوتەی ئوستوون "بەرەوپێشچوون لە پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەی کورددا دەبێت لە ئەولەویەتی کارەکانی ئەردۆغاندا بێت". هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە بەهۆی چەندین هۆکارەوە ئەو پرۆسەیە دواخراوە. وەکو خۆپیشاندانەکانی ساڵی رابردووی پارکی گەزی لە ئیستەنبوڵ و تۆمەتبارکردنی پارتی داد و گەشەپێدان-ی دەسەڵاتدار، کە بووە سەردێڕی هەواڵی میدیاکان لەسەرەتای ئەمساڵدا. بەڕێوەبەری توێژینەوە لە دەزگای SETA گوتیشی: "پرۆسەکە سست بووە، بەڵام ئێستا کۆششی تازە هاتوونەتە کایەوە بۆ ژیاندنەوەی".

لە مانگی مارسی 2013دا، عەبدوڵڵا ئۆجەلان-ی ڕێبەری زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK، ئاگربەستێکی راگەیاند بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگی سێ دەیەی PKK و تورکیا. پاش راگەیاندنی ئاگربەستەکە، گەریلاکانی PKK لە ناوچە سنوورییەکانی تورکیا کشانەوە، بەڵام لەوکاتەوە پرۆسەکە سستیی زۆری پێوە دیارە. PKK ئەنقەرە بەوە تۆمەتبار دەکات کە خۆی لە پرۆسەکە دەدزێتەوە.



ئوستوون هۆشداری دەدات و دەڵێ ئەگەر ئەردۆغان تاکڕەویی زیاتر بکات لەکاتی سەرۆککۆماریدا، ئەوە یەکەمین قوربانیی ئەو سیاسەتە پرۆسەی ئاشتی دەبێت: "ئەگەر ئەردۆغان بەرەو تاکڕەوی هەنگاو بنێت، ئەوە ناتوانێ هیچ پێشکەوتنێک لە کێشەی کورددا وەدەستبهێنێت. ئەو کێشەیەش کڵپە دەستێنێ و ئامادەیە بۆ تەقینەوە لەهەر ساتێکدا."

ئەردۆغان کە نۆ هەڵبژاردنی یەک لەدوای یەکی بردووەتەوە، لەوەدا ستایشی دەکرێت کە دەستکەوتی ئابووریی بۆ تورکیا بەدەستهێناوە. بەڵام دەسەڵاتەکەی لەلایەن هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانییەوە ڕووبەڕووی رەخنەی توند بووەتەوە، ئەوەش لەپاش سەرکوتکردنی میدیاکان و خۆپیشاندەران و نەیارانییەوە روویدا.

عومەر تاسپینار، شارەزا لە کاروباری تورکیا لە سەنتەری برووکینگ دەڵێت: "ئێستا پرسیارەکە ئەمەیە: چۆن تورکیایەک کە بەرەو تاکڕەوی هەنگاوی ناوە ئەو هیوایە بەرجەستە دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد؟" تاسپینار لەوبارەوە دەشپرسێت: "پێچەوانەکە ئەمەیە: ئایا سەرۆکێک کە هەموو بڕیارەکانی خستۆتە بندەستی خۆی و شێوە حوکمڕانییەکی تاکڕەوی پەیڕەو دەکات، دەتوانێ هیوای چارەسەر بۆ گرنگترین کێشەکانی وڵاتەکەی دابین بکات وەک مافی مرۆڤ و دیموکراسی و مافی کەمینەکان و کێشەی کورد؟" چونکە وەک ئەو شارەزایە دەڵێت "ئەردۆغان پێویستی بە هاوکاری کورد دەبێت بۆ گۆڕانکاریکردن لە دەستووردا، کە تێیدا دەسەڵاتی زیاتر بە سەرۆک کۆمار دەدات". چونکە "کورد بووەتە دەسەڵاتێکی بەهێز لە تورکیادا." بەڵام ئاماژەشی بەوەکرد کە ئەردۆغان سیاسەتی "تاکتیک و فێڵ" پەیڕەودەکات و ڕێگەیەکی راست ناگرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. تاسپینار لەوبارەوە دەڵێت: "هیچ میکانیزمێکی دامەزراوەیی وا نابینم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. چونکە چارەسەرکردنی کێشەی کورد پێویستی بە دیموکراسیەتێکی رەهایە. پێویستی بە پەیڕەوکردنی مافەکانی مرۆڤە. پێویستی بە حوکمڕانییەکی یەکسان و فیدراڵیەتە،" ئەو شارەزایەی کاروباری تورکیا دەڵێت: "واینابینم کە تورکیا بەو ئاراستەیەدا بگۆڕێت".

دەگوترێت ئەنقەرە مەترسیی هەیە لەوەی کە گەریلاکانی PKK هاوشانی هێزەکانی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان لەدژی داعش شەڕدەکەن، ئوستوون گوتی: "تورکیا دەیەوێت سنوورەکانی لە PKK پاک بکاتەوە و خۆشحاڵە بەوەی کە PKK خاکەکەی بەجێدەهێڵێت". گوتیشی "کورد ئێستا لە باروودۆخێکی باشدایە. نەک تەنیا لە تورکیا، بەڵکو لە ئاستی هەرێمیشدا و ڕۆڵێکی گرنگ لە هەموو ناوچەکەدا دەگێڕن". بەگوتەی ئەو شارەزایە "کاتێک تەماشای ناوچەکە دەکەیت، لە سووریا و تورکیا و عێراق و ئێران دەبینیت کە مێژوو لە قازانجی بزووتنەوە کوردییەکاندا وەرسووڕاوە". دەربارەی ئەو ڕۆڵە نوێیەی کورد، ئوستوون ڕوونکردنەوەی زۆرتر دەدات و دەڵێت: "کورد لە پێگەی دروستکردنی پادشاکاندایە. لە تورکیا و عێراق و سووریا ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕن و پێگەیەکی زۆر بەهێزیان هەیە. ئەوان خوازیاری گفتوگۆکردنن لەگەڵ ئەردۆغان، بەڵام واینابینم کە ئەردۆغان بتوانێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکات. بەتایبەتیش لەپاش ئەو هەستە تاکڕەوییەی لە تورکیا بەدیدەکرێت."

لەپاش راگەیاندنی شەڕی پارتیزانی لەدژی حکومەتی تورکیا لەلایەن PKKوە لە ساڵی 1984، نزیکەی 40 هەزار کەس، کە زۆربەیان کورد بوون، لەو جەنگەدا کوژراون.

# خۆڵ و تۆزی عێراق هەڕەشە لە ژینگەی ئیلام دەکات

**ئومێد بەرین**
**ڕووداو- مەولێر**

سەرۆک کۆماری ئێران رۆژی 8ی دیسەمبەری ئەمساڵ وەک دووەم سەفەری بۆ پارێزگاکان، سەردانی پارێزگای ئیلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کرد، ئەو سەفەرە گرنگییەکی تایبەتی هەبوو، جگە لەوەی ئیلام لەسەر ئاستی ئێران زیاترین ئاماری بێکاری هەیە، یەکێکە لەو پارێزگایانەش کە لەسەردەمی شەڕی نێوان عێراق و ئێران زۆرترین پشکی لە وێرانی بەرکەوتووە، ماوەی چەند ساڵێکیشە کێشەیەکی دیکە بەرۆکی ئیلامی گرتووە، ئەویش پرسی وشکبوونی دارستانە داربەڕووەکانە.

ڕووبەری دارستانە داربەڕووەکانی پارێزگای ئیلام زیاتر لە دوو ملیۆن و 560 هەزار دۆنمە کە 90%ی ڕووبەری ئەو پارێزگایە لەخۆدەگرێت. هەستیاریی چالاکڤانانی ژینگەپارێزی و کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حەسەن ڕۆحانی ناچار کرد لە نزیکەوە سەردانی دارستانەکانی ئیلام بکات و چەند بەڵێنێکی گرنگ بدات بە هاونیشتمانیانی ئیلام، ئەگەرچی تا ئێستا بەکردەوە هیچ شتێک نەکراوە.

حەسەن ڕۆحانی سەرۆک کۆماری ئێران ئەوکات بڕیاری دا کە لە خەزێنەی حکومەت بڕی 20 ملیار تمەن بودجە تەرخان بکرێ بۆ ڕزگارکردنی دارستانەکانی زنجیرە چیای زاگرۆس کە پشکی ئیلامیش لەو بودجەیە 8 ملیار تمەن بوو، بەڵام بە گوتەی سەرۆکی ڕێکخراوی ژینگەپارێزی پارێزگای ئیلام، تا ئێستا ئەو بودجەیە نەگەیشتووەتە ئیلام و دارستانەکانی ئیلام خەریکن دوایین هەناسە دەکێشن.

بەپێی دوایین راپۆرتی ڕێکخراوی ژینگەپارێزی پارێزگای ئیلام، زیاتر لە 10%ی دارستانە داربەڕووەکان، واتە 64 هەزار هێکتار بە شێوەی سەدا سەد وشکبوونە و 22%ی دارستانەکان 50 تا 70% وشکبوونە و 40%ی دارستانەکان 25 تا 50% وشکبوون.

بە گوتەی ئەو ئیدارەیە، نووسینگەی سەرۆک کۆماری و سەرۆکی ڕێکخراوی ژینگەپارێزیی ئێران و هەموو بەرپرسانی پەیوەندیداریان لەو کارەساتە ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچکەس بەدەم داواکانیانەوە نەهاتووە.

موختار زارعی چالاکڤانی ژینگەپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە نزیکەوە سەردانی دارستانە داربەڕووەکانی ئیلامی کردووە، لەبارەی بەڵێنەکەی حەسەن ڕۆحانی بە (ڕووداو)ی گوت "دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران پرسی ژینگەی بەلاوە گرنگ نییە و بەگشتی هیچ سیاسەتێکی ڕوونی لەو بوارەوە نییە، لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا ئەوە بۆ ئێمە سەلماوە کە بەڵێنەکانی حەسەن ڕۆحانی و کابینەکەی نە تەنیا بۆ پرسی سیاسی، بەڵکو لە چوارچێوەی پرسی ژینگەپارێزیش وەک وادەی سەری خەرمان بووە، نە بۆ گۆلی ورمێ و نە بۆ کانی بڵ و دارستانەکانی زاگرۆس هیچکام لە بەڵێنەکانی حەسەن ڕۆحانی نەهاتوونەتە دی".

محەممەد ناجی کانی سانانی بەرپرسی ئەنجومەنی چیای سەوزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە هۆکاری وشکبوونی دارستانە داربەڕووەکانی ئیلام بە (ڕووداو)ی گوت "گرنگترین هۆکار گردیلەکانن کە لە عێراقەوە، بەهۆی دەریای سپی ناوەڕاستەوە دێت بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، داربەڕوو زۆرترین گردیلە لەخۆ دەگرێت و بەوهۆیەوە ڕێگای هەناسە و ئاونگدانی لێدەگرێ و وردە وردە دارەکان بەرەو وشکبوون دەڕۆن، هۆکاری دووەم نەخۆشیی ڤایرۆسیی لۆرانتۆسە کە بەداخەوە بە هۆی نەبوونی بودجە تا ئێستا هیچ چارەسەرێک بۆ ئەوەش نەدۆزراوەتەوە، هۆکاری سێیەمیش وشکەساڵی چەند ساڵی رابردووە و چوارەمیش کەوتنەوەی ئاگر".

موختار خەندانی سەبارەت بە هاوکارییەکانی حکومەت دەڵێت "تا ئێستا حکومەت هیچ هاوکارییەکی نەکردووین و ئەوە خەڵکن کە بە شێوەی خۆبەخش دەچن بۆ دارستانەکان و لک و چڵە نەخۆشەکان دەبڕن و لە دەرەوەی دارستانەکان ئاگری دەدەن بۆ ئەوەی نەخۆشییەکە لە دارێکەوە نەچێتە دارێکی دیکە، کاتێک ئاگریش لە دارستانەکان بەردەبێت، دیسان ئەوە خەڵکن کە بە دەستی بەتاڵ و کەمترین ئیمکانات دەچن ئاگرەکە دەکوژێننەوە".

خەندانی سەبارەت بە وشکبوونی دارستانەکانی ئیلام هۆشداری دەدات و دەڵێت "ئەگەر بەو شێوەیە بڕوات ئێکۆسیستمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوی تێکدەچێت، تا ئێستاش لە ژێر کاریگەری ئەو کارەساتە ژینگەییە ئاژەڵیش کەوتوونەتە ژێر مەترسییەوە".

کانی سانانی سەبارەت بە ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ژینگەپارێزی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێت "ئێستا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هۆشیارییەکی باشی سەبارەت بە ژینگە هەیە و ئەوە هەر خەڵک بوون بێ ئەوەی حکومەت هاوکاریمان بکات هەوڵمان داوە بۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان، ئەوە تەنیا کۆمەڵگایە کە دڵسۆزی ژینگەیە بە پێچەوانەی حکومەت، بەڵام ئێمە دەسەڵات و توانای راپەڕاندنی هەموو کارێکمان نییە".

جاری دووەمە ڕوودەدات

# چەک و تەقەمەنی لە کۆگاکانی پۆلیسی کەرکووک دیارنامێنێ



(فۆتۆ: AFP )

**هیوا حوسامەددین**
**ڕووداو- کەرکووک**

تۆڕی میدیایی ڕووداو لە سەرچاوەکانیەوە زانیویەتی کە لە سێ بنکەی پۆلیسی شاری کەرکووک، ژمارەیەکی زۆر چەک و تەقەمەنیی هێزەکانی پۆلیس دیار نەماون. بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو هەندێک لەو چەک و تەقەمەنییانە فرۆشراون. هەروەها دوای ئاشکرابوونی چیرۆکی دیارنەمانی هەندێک لە چەکەکان، چەکی دیکە لەشوێنیان دانراونەتەوە.

بنکەی پۆلیسی ئازادی لە شاری کەرکووک دەکەوێتە گەڕەکی موسەڵلا. کاتی خۆی کە عەقید یاسین دەلۆ، بەڕێوەبەری بنکەکە بووە لەسەر پشکی پارتی، 78 پارچە چەکی جۆراوجۆری تێدا دیار نەماوە. سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی ئازادی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ماوەیەکە باسی نەمانی چەک دەکرێت لە بنکەکەمان. بەپێی زانیاریی من، ئەو کێشەیە خەریکە چارەسەر دەکرێت. ئەویش بەوەی کە دوای ئاشکرابوونی دیارنەمانی چەکەکان لە کۆگای بنکەکەماندا و پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە، لە بازاڕ هەمان ڕێژەی چەک کڕدراوەتەوە و ژمارەی بۆ کوتراوە و لەشوێنی خۆیان دانراونەتەوە".

بەگوتەی ئەو سەرچاوەیە، کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، "چەند ئەفسەرێکی پۆلیس لەسەر ئەو کارە سزادراون. هەروەها ئێستا سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشەکەن لەڕێگەی کۆمەڵایەتییەوە. لەبەرئەوەی چەکەکان کڕدراونەتەوە".

بەڵام عەقید یاسین دەلۆ، کە ئێستا لە پۆستەکەیدا نەماوە و ئەفسەرە لە بنکەی پۆلیسی ناوشار بە (ڕووداو)ی گوت: "لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە، هێزەکانی ئەمریکا 7500 چەک و تەقەمەنییان بۆ پۆلیس کڕی و عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک، سەرۆکی لیژنەی کڕینی ئەو چەکانە بوو. ئەوکات ژمارەیەک چەک درانە بنکەی پۆلیسی ئازادی، بەڵام لە ساڵی 2011 چەکی نوێ بۆ پۆلیس هات و ئەو 50 چەکە کۆنانە لە کۆگا مانەوە. هیچیان لێ کەم نەبووە و هیچیشیان نەگۆڕاون و ئەوەی لەسەر ئەم بابەتە دەگوترێت ڕاست نیە". بەگوتەی دەلۆ: "ململانێیەکی حیزبی هەیە، کە دەستێکی نادیاری لەپشتەوەیە و هەوڵی لەکەدارکردنی ناوی ئێمە دەدەن، لەبەرئەوەی لەسەر پشکی پارتێکی دیاریکراو دانراوین".

بەگوتەی سەرچاوەکانی ڕووداو، لە بنکەی عەدالە، 100 پارچە چەک دیار نەماون، کە 12 بیکەیسی و 25 دەمانچەی کلۆک و 62 کلانشینۆڤ و 11 یەدەکی فیشەکی جۆراوجۆرن. لە بنکەی پۆلیسی داقوقیش لە باشووری کەرکووک، 45 دەمانچە و 5 بیکەیسی دیارنەماون. بەڕێوەبەری هەردوو بنکەش ڕەتیدەکەنەوە ئەمە ڕاست بێت.

عەمید کاوە عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی داقووق، لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو چەکانە بەهەڵە دیار نەماون و ئێستا هێنراونەتەوە بۆ کۆگای بنکە. ئەنجامدەری ئەو کارەش بە بڕیاری لیوا جەمال تاهیر بۆ ماوەی مانگێک دەست بەسەر کراوە". عەمید کاوە گوتیشی: "لەدوای سەرهەڵدانی ئەو شەڕەی لە سنوری داقووق لەگەڵ چەکدارەکانی داعش ڕوویدا، بەرپرسی کۆگای بنکەی داقووق کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنیی بەبێ پسوولە بەسەر بەرەکانی شەڕدا دابەشکردووە. لەکاتی هاتنی لیژنەی بەدواداچوون بۆ ئەو چەکانە، دەرکەوتووە کە ژمارەی چەکەکان کەمیکردووە. پاشان ئێمە دەستمان بە لێکۆڵینەوە کرد و زانیمان ئەو چەکانە لە بەرەکانی شەڕدان. بۆیە بەهۆی کەمتەرخەمیی ئەو بەرپرسەوە لیوا جەمال تاهیر، بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک، بڕیاردرا ئەو بەرپرسە یەک مانگ زیندانی بکرێت.

ئێستا بەڕێوەبەری چەند بنکەیەکی پۆلیس لە کەرکووک، بەبێ ڕەزامەندی و ئاگاداریی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی کەرکووک ڕۆیشتوونەتە دەرەوەی کوردستان. هێشتاش نازانرێت هۆکاری ڕۆیشتنیان و بەجێهێشتنی پۆستەکانیان چییە.

ساڵی ڕابردوو، لە بنکەی پۆلیسی عەدالە و بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی تاوانەکان و بەشی میرەی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی گشتیی کەرکووک، ژمارەیەکی زۆر پارچە چەک و تەقەمەنی پۆلیس دزران، کە دوای لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی ئەو کارە، بڕیاری دەستگیرکردن و دوورخستنەوە بۆ هەریەکە لە عەقید عوسمان عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری نەهێشتنی تاوانەکان لەسەر پشکی پارتی دەرچوو و عەقید ڕەزوان لە شوێنەکەی دانراو. هەروەها ڕائید بارزان عەبدولکەریم، وێڕای هەڵهاتنی، لە پۆستەکەی لادرا و عەقید حوسێن محەممەد خرایە شوێنی و بڕیاری دەستبەسەرکردنی بۆ دەرکرا. هیچیشیان تاوەکو ئێستا نەگیراون و دۆسیێکانیان بە کراوەیی ماوەتەوە.

تاوەکو ئێستا 180 شەهیدیان داوە

# عەشیرەتێکی کورد بەرزاییەکانی حەمرین دەپارێزێت

## سەرۆکی عەشیرەتەکە: 400 چەکدارم هەیە و 4 گوندی حەمرینم لەدەست داعش پاراستووە



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

سەرۆک عەشیرەتێکی کورد داوا لە پێشمەرگە دەکات هاوکاریی بکەن بۆئەوەی بتوانێت زیاتر خۆڕاگر بێت بەرامبەر هێرشی چەکدارانی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی (ناسراو بە داعش). بەگوتەی یەکێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی زەرگۆشی، ئەوان لە 6 مانگی ڕابردوودا ئازارێکی زۆریان چەشتووە، چونکە لەنێو بەرەکانی شەڕی دژی داعشدا تەنیا هێڵدراونەتەوە و دەبوایە لە چەند دیوێکەوە شەڕ بکەن. بەڵام پێناچێت پێشمەرگە بتوانێت لەڕووی دابینکردنی چەکەوە هاوکاریی ئەو عەشیرەتە بکات.

لە ناوچەی حەمرین، ئەو شوێنەی هەرکاتێک کورد باسی سنووری خۆیان دەکەن ناوی دەهێنن، شێخ عەبدولسەمەد سالار، چەند بژارەیەکی لەبەردەمدابوون کە بریتی بوون لە هەڵاتن بەرەو لای پێشمەرگە یان خۆڕادەستکردن بە چەکدارانی داعش یانیش پێکەوەنانی هێزێکی بەرگری لەنێو گەنجانی عەشیرەتەکەیدا. ئەو لەوبارەیەوە بە (ڕووداو) دەڵێت: "هەروا ئاسان نییە بە ژمارەیەک گەنجەوە، کە تەنیا چەکی سووکیان پێبێت بەرگری بکەیت، بەڵام نەدەبوو خۆمان تەسلیمی داعش بکەین و لەناومان ببەن". ئێستا عەبدولسەمەد سالار دەیەوێ دەنگی بگاتە پێشمەرگە.

بەرەی جەنگ لە جەلەولا و سەعدییە، کە بەرەو بەرزاییەکانی حەمرین درێژدەبێتەوە، لە دەستپێکردنی شەڕی داعشەوە بەرامبەر پێشمەرگە، بەرەیەکی خوێناوی و پڕگرێ بووە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە جگە لە چەکدارانی داعش، عەشیرەتە عەرەبەکانیش دوو دڵ نەبوون لە پشتیوانیکردنی داعش. لەلایەکی دیکەشەوە هەمیشە سوپای عێراق لەو ناوچەیەدا لاواز و بێدەسەڵات بووە. بۆیە شێخ عەبدولسەمەد و چەکدارەکانی "بڕیارێکی زۆر قورس"یان دا.

ئەو شێخە کوردە دەڵێت: "تاوەکو ئێستا 55 چەکداری داعشمان کوشتووە، سەرۆک عەشیرەتە عەرەبەکان لەگەڵ ئەوان بوون. من تەنیا 400 کەسم هەیە. لەوەتەی شەڕ دەستیپێکردووە توانیومانە 4 گوندی کوردی لە حەمرین بپارێزین و نەمانهێشتووە داعش دەستی بیگاتێ، بەڵام ئیدی پێویستمان بە پشتیوانیی پێشمەرگەیە".

بەگوتەی ئەو سەرۆک عەشیرەتە کە یەکێکە لەو پیاوانەی سەرکردایەتی عەشیرەتی زرگۆشی دەکات، لەدوای شەڕی داعشەوە، پەیوەندیی نێوان عەشیرەتەکانی ناوچەکەش خراپ بووە و بەئاسانی وەکو جارانی لێنایەتەوە. شێخ عەبدولسەمەد دەڵێت "تەنیا هاوکاری بکرێم، ئامادەم و دەتوانم بەو چەکدارانەوە حەمرین بگرم و بیدەمە دەست پێشمەرگە".

پێشمەرگە سەرەتا توانیبوویان بچنە نێو جەلەولا و کۆنترۆڵی بکەن. دواتر بەرەو سەعدییە و ناوچەکانی دیکەش پێشڕەوییان دەکرد. ئەوکات ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ پێشمەرگە. چونکە لە ساڵی 2003ەوە ئەو ناوچەیە ببووە مۆڵگەی چەند گرووپێکی توندئاژۆ و بەبێ ترس لەوێ کاریاندەکرد. تەنانەت زانیارییە هەواڵگرییەکانی سوپای عێراق و پێشمەرگەش باسی ئەوەیان دەکرد کە قاعیدە شوێن پێی خۆی لەو ناوچەیەدا قایم کردووە، بەڵام پاش ئەوەی داعش جەلەولای کۆنترۆڵ کرد، ئیدی تاوەکو ئێستاش پێشمەرگە نەیتوانیوە بگەڕێتەوە نێو جەلەولا و سەعدییە.

لە سنووری حەمرین، 22 هەزار کەس دەژین کە دابەش دەبن بەسەر کورد و عەرەبی سوننە و شیعەدا. 4 هەزار و 500 کەس لەوانە سەر بە عەشیرەتی زەرگۆشین. عەشیرەتە عەرەبەکان لەوێ زۆرن، بەڵام دیارترینیان بەنی وەلید و کەرەوی و ڕەبیع و خەوالیدن. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە کام یەک لەو عەشیرەتانە لەگەڵ داعشن، شێخ عەبدولسەمەد دەڵێ: "گومان و بیرکردنەوەی ناوێ. هەرکەسێک لەگەڵ داعش نەبێ، ناتوانێ لەوێ بمێنێتەوە".

بەڵام کەسێکی وەکو شیخ ئەبوو عیرفان، سەرۆکی عەشیرەتی خەوالید-ی عەرەبی، ئێستا لە ناوچەکانی بندەسەڵاتی داعشەوە هەڵاتووە بۆ لای پێشمەرگە و ژمارەیەک لە خێزانەکانی نێو عەشیرەتەکەی لەگەڵی هاتوون. ئەو دەڵێت: "ئێمە بە هەموو شێوەیەک لەدژی داعشین و قبوڵمان نییە. بۆیە هەموو شێخی عەشیرەتەکان ماڵ و حاڵمان بەجێهێشتووە و لە سەعدییەوە هاتووینەتە کوڵەجۆ: "بۆیە ناوچەکانمان بەجێهێشت و لە دژی داعش نەجەنگاین، چونکە پاڵپشتی و هاوکاریمان نەبوو. لە ناوچەکەش نە سوپا مابوو نە پۆلیس. دەوڵەتیش هاوکاریی نەکردین. چەکی پێویستیشمان نەبوو. بۆیە هاتینە کوردستان". شیخ ئەبوو عیرفان ئەو گلەییانە ڕەتدەکاتەوە کە دەگوترێت ئەوان هاوکاریی داعشیان کردووە: "پێشمەرگەش نەهاتوونەتە سەعدییە تاوەکو هاوکاریمان بکەن. ئەوان هاتنە بەشێکی جەلەولا و دواتر گەڕانەوە". دەربارەی پەیوەندیی ئەو سەرۆک عەشیرەتە عەرەبە لەگەڵ پێشمەرگە، شێخ ئەبوو عیرفان دەڵێت: "پەیوەندیمان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە زۆر باشە، بەتایبەت بەرپرسەکانی خانەقین لە یەکێتی و پارتی". بەڵام گلەیی ئەوە دەکات کە بۆیە نەیانتوانیوە هێزی چەکدار بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش دروست بکەن، چونکە "هاوکاریمان نەکرا".

جێگری بەرپرسی میحوەری گەرمەسێری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پەسنی ئازایەتیی شێخ عەبدولسەمەد سالار دەدات و پێیوایە شەڕێکی ئازایانەی کردووە: "تاوەکو ئێستا 180 کەس لە عەشیرەتەکەی لە شەڕی دژی داعشدا شەهید بوون. لە ئاوارەییشدا 4 لیوای ئێمەیان بانگهێشتی نانخواردن کردووە". محەممەد حاجی فایەق قسەکانی ئەو شێخە پشتڕاستدەکاتەوە کە تاوەکو ئێستا پێشمەرگە هاوکارییان نەکردووە: "ئەگەر پێویست بێت هاوکارییان دەکەین، بەڵام بۆ پێدانی چەک نازانم".

ئێستا جەلەولا و سەعدییە ئارامن. چونکە ئەو شوێنانەی داعشی لێیە هەمووی بۆمبڕێژکراوە و پێشمەرگەش بەدوای سەرکەوتنێکی بێزیاندا دەگەڕێت، بەڵام وەک شێخ عەبدولسەمەد باسیدەکات "دوورخستنەوەی عەشیرەتە عەرەبەکان لە داعش گرنگە". ئەو دەڵێ "هاوکارییەکی زۆر گرنگ"ی پێشمەرگەی کردووە "بۆئەوەی کەس نەتوانێ بۆ تەقینەوە بۆ ناوچەکانی بندەستی پێشمەرگە بپەڕێتەوە". شێخ عەبدولسەمەد لەوبارەیەوە دەڵێ: "بە لیستێکی دوور و درێژ ناوی هەموو ئەوانەم داوەتە پێشمەرگە کە پەیوەندییان لەگەڵ داعشدا هەیە. ئەگەر ئەوانە هاوکاریان نەبن، چۆن دەتوانن ئەو هەموو زیانە لە ماڵ و حاڵی کورد بدەن. خانووی کوردەکانیان هەموو ڕووخاندووە و 60 ماڵ تەقێنراونەتەوە".

ڕووداو
ژمارە (326) دووشەممە 2014/9/15



## هەلی کار لە پارێزگای دهۆک کەمیکردووە

**ڕووداو- دهۆک**

کرێکار و کەم دەرامەتانی دهۆک لە باشووری کوردستان، لە نەبوونی دەرفەتی کار نیگەرانن، سەرۆکی سەندیکای کرێکارانیش کەمی دەرفەتی کار دەگەڕێنێتەوە بۆ زۆری ڕێژەی پەنابەران لەو پارێزگایە. لە پارێزگای دهۆک ژمارەی کرێکاران لە دەرفەتی کار زۆرترە، کە بەر لە دەربەدەری کوردانی ئێزدی ١٧ هەزار و ٥٠٠ کرێکار لە سەندیکای کرێکارانی کوردستان لقی دهۆک تۆمارکراون.

# 250 کۆمپانیا لە سلێمانی مایەپووچ بوون

**ژیان سابیر**
**ڕووداو- سلێمانی**

سەرۆکی شارەوانی سلێمانی ڕایگەیاند، ئەو پرۆژە و پلانانەی داویانن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی لەسەر جێبەجێکردنیان، بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە سەرۆکی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان دەڵێت لە کۆی هەزار و 68 کۆمپانیای جۆراوجۆر کە لە شاری سلێمانی هەن، 250 کۆمپانیا مایەپووچبوونی خۆیان ڕاگەیاندووە.

یوسف یاسین، سەرۆکی شارەوانی سلێمانی دەڵێت "تاوەکو کێشەکانی نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان چارەسەر نەکرێن، ناتوانین پرۆژەی نوێ پێشنیاز بکەین". ئەمەش وادیارە هەواڵێکی ناخۆش بێت بۆ ئەو بەڵێندەر و وەبەرهێنەرانەی لە لێواری دارمان نزیک بوونەتەوە.

سەرۆکی شارەوانی سلێمانی گوتی، ئەو پرۆژانەی ئێستا کاریان تێدا دەکرێ، پرۆژەی ساڵی 2013ن و لەبەرئەوەی ئەمساڵ پارە نییە بۆ پرۆژەکان، ناچارین ئەوانە تەواو بکەین کە ژمارەیان 103 پرۆژەیە.

ڕاگرتنی پرۆژەکان کاریگەری لەسەر زیادبوونی ڕێژەی بێکاری هەبووە، چونکە هەر پرۆژەیەک پێویستی بەدەستی کارەو ئێستاش کارکردن لە پرۆژەکان وەستاون و بێکارییەکی بەرچاوی دروستکردووە.

سەرۆکی شارەوانی سلێمانی باسی پرۆژەکانی ساڵی 2014ی شارەوانی سلێمانی دەکات و دەڵێ، لە ساڵی 2014 چەندین پرۆژە ئامادەکراون و ڕادەستی لایەنە پەیوەندیدارەکان کراون و پەسەند کراون، بەڵام بەهۆی ئەم گەمارۆ ئابوورییەی بەغدا ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستانی کردووەتەوە "هیچ پرۆژەیەک ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە".

لەنێو ئەو پرۆژانەدا 7 پرۆژەی ستراتیژی گەورە هەن کە لەسەر بودجەی پارێزگای سلێمانی بە تێچووی 47 ملیار دینار دەبوو بکەونە واری جێبەجێکردنەوە، هەروەها لەسەر بودجەی وەزارەتی شارەوانی 10 پرۆژەی دیکەی ستراتیژی و خزمەتگوزاری بە تێچووی 58 ملیار دینار هەبوون. جۆرێکی دیکە لەو پرۆژانە لەسەر بودجەی ئاسایی سەرۆکایەتی شارەوانی دەکرێن کە 47 پرۆژەن و لە خزمەتگوزاریی خێرا پێکدێن "گرنگترین پرۆژەی ستراتیژی کە بەهۆی گرفتی دارایی ڕاگیراوە، دروستکردنی بەشێک لە شەقامی 100 مەتری بوو بە دەوری شاری سلێمانیدا".



خۆپیشاندانی نارەزایی لە باشووری کوردستان لە سەرەتای دەستپێکردنی گەمارۆ ئابوورییەکەی بەغداوە، پێش هەموو چین و توێژەکان بەڵێندەرانی هێنایە سەر جادە. چونکە چیتر حکومەت نەیدەتوانی لە یەک کاتدا بەو پارە کەمەی لە داهاتە نێوخۆییەکانەوە دەستیدەکەوت، مووچە و پارەی پرۆژەکانیش دابین بکات. دواتر کار گەیشتە ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری پرۆژەکان بوەستن.

سیروان محەممەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی سلێمانی، باسی خەرجنەکردنی تێچووی پرۆژەکانی بەڵێندەران دەکات و دەڵێ، نەک هەر زیانە بۆ بەڵێندەران، بەڵکو بێکاریش کەوتوون و جموجۆڵی بازاڕ وەستاوە و بێکاری زۆر بووە، بەڵام دەشڵێت "ژمارەیەکی زۆر لە بەڵێندەران بە لەبەرچاوگرتنی ئەو قەیرانە داراییەی حکومەتی تێدایە، پرۆژەکانیان ڕانەگرتووەو تێچووی پرۆژەکانیان لە گیرفانی خۆیان دەدەن".

د.خالید حەیدەر، ئابووریناس، باس لەوە دەکات کە گرفتی دارایی کاریگەریی خراپی لەسەر ڕەوشی ئابووریی وڵات دروستکردووە. گوتیشی "بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە پێشنیازمان کرد دەستبەرداری دراوی عێراقی بین و مامەڵە بەدۆلار بکەین".

بەپێی ئامارێک کە لە بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانییەوە بڵاوکراوەتەوە، لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی بێکاری لە 6 مانگی ئەمساڵدا 14% بووە، ئەو ڕێژەیەش بەراورد بە ساڵی رابردوو ڕێژەیەکی بەرزە کە لە تێکڕای ساڵەکەدا 15% بووە.

سەرۆکی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان دەڵێ، لە کۆی هەزار و 68 کۆمپانیای جۆراوجۆر کە لە شاری سلێمانی هەن، 250 کۆمپانیا مایەپووچبوونی خۆیان ڕاگەیاندووە و ژمارەیەکی کەم لەو کۆمپانیایانە کۆمپانیای بیانین، بەوهۆیەشەوە هەزاران کەس بێکار ماونەتەوە.

شێخ ناجی عیزەدین، هەروەها دەڵێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە وەفدێکی بەڵێندەرانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک لەگەڵ جێگری سەرۆکی حکومەت کۆبوونەتەوە و پێشنیازیان کردووە کە لەجێی پارە، چەک بدرێتە بەڵێندەران لەچوارچێوەی ئەو یەک تریلیۆن دینارەی بە بڕیاری وەزیری دارایی، لەبری پارە بەشێوەی چەک دەدرێتە بەڵێندەران. گلەییەکیشی لە حکومەت هەبوو "حکومەت بە بەڵێندەران دەیەوێتW چەک بدات، بەڵام بە کۆمپانیاکانی بواری وەبەرهێنان و نەوت و غاز، پارەی نەقد دەدات".

# پرۆژەیەکی کشتوکاڵی دەیەوێ کۆتایی بە هاوردەکردنی شیرەمەنی بهێنێ

**محەممەد هادی**
**ڕووداو- هەولێر**

کۆمپانیایەکی وەبەرهێنان سەرقاڵی سەرپێخستنی پرۆژەیەکی کشتوکاڵییە لە باشووری کوردستان کە خاوەنەکەی دەڵێت پاش دەستبەکاربوونی بەشێکی زۆری پێداویستی ناوخۆیی لە بەرهەمەکانی شیر دابین بکات.

کۆمپانیای (شیرەمەنی نایابی هەولێر) خەریکی بەکارخستنی پرۆژەیەکی هاوبەشی نێوان کەرتی تایبەت و حکومەتە کە هەر لایەک بە ڕێژەیەک تێیدا بەشدارن هەروەها لێژنەیەکی هاوبەش سەرپەرشتی کارەکانی ئەو پرۆژەیە دەکات کە نوێنەری حکومەت و کۆمپانیاکە و جوتیارانی تێدا دەبێت.

بەیار دەرسن خاوەنی پرۆژەکە بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەمە پرۆژەیەکی نموونەییە و لە سێ بەش پێکهاتووە: کارگەیەک بۆ ئامادەکردنی بەرهەمەکانی شیر، کارگەی دابینکردنی ئالیک و هەروەها بەشی سێیەمیشی لە جوتیارەکان پێکهاتوون کە لەو پرۆژەیەدا بەشداری دەکەن. تێچووی ئەو پرۆژەیە وەک خاوەنەکەی گوتی، نزیکەی 150 ملیۆن دۆلارە.

کارگەی سەرەکیی ئەو پرۆژەیە کە بەرهەمەکانی شیری تێدا دروست دەکرێت، لە سنووری قەزای خەبات دەبێت و لەسەر ڕووبەری 120 هەزار مەتر دووجلبنیاتدمنرێ بە پێی پێوەر و ستاندارده جیهانییەکان و بۆ ئەم پرۆژەیە سوود لە سیستەمەکانی بەخێوکردنی مانگا لە سوید، دانیمارک و هۆڵەندا وەرگیراوە، وەکو خاوەنەکەی دەڵێت.

بەیار دەرسن گوتی، لەم پرۆژەیەدا کە لە ماوەی دوو ساڵدا تەواو دەبێت، 120 جوتیار بەشداری دەکەن و 6 هەزار مانگا دابیندەکرێت، بە جۆرێک کە هەر جوتیارێک 50 مانگای شیردەر بەخێودەکات و ئەو جوتیارانە بە کۆمەڵێک مەرج بەشدار دەبن کە دەبێت زەوی و توانای مرۆییان هەبێت بۆ ئەو پرۆژەیە.

بەگوێرەی پرۆژەکە، ئەو جوتیارانە بۆ ماوەی سێ مانگ لە دەرەوەی کوردستان ڕاهێنانیان پێدەکرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی شارەزایی لە بەخێوکردنی مانگا پەیدابکەن و هەروەها سێ مانگیش لە چەند کارگەیەک کە کۆمپانیاکە خۆی دابینیان دەکات، دووبارە ڕاهێنانیان پێدەکرێتەوە. دوای ئەوە، ئەو جوتیارانە هەریەک لەو شوێنەی کە لێی نیشتەجێن، شوێنی بەخێوکردن و ئالیکدان و شیردۆشین و پاککردنەوەی مانگاکانیان بۆ دابین دەکرێت. خەرجیی هەریەک لەو شوێنانەش نزیکەی 850 هەزار دۆلارە کە حکومەت بۆ جوتیارانی دابین دەکات و ساڵانە ئەو جوتیارانە بڕێکی ئەو پارەیە بە حکومەت دەدەنەوە.

بەگوێرەی پرۆژەکە، ئەو کۆمپانیایە کارگەیەکی تایبەت بە بەرهەمهێنانی ئالیک دروستدەکات و ئەو ئالیکە بەسەر جوتیارەکان دابەشدەکات، هەروەها تیمێکی پزیشکی ڤێتەرنەری سەرپەرشتی سەرجەم پرۆژەکە دەکات لەڕووی تەندروستی ئاژەڵەکانەوە.

ئەو پرۆژەیە لە دوا قۆناغی ئامادەکاریدایە بۆ ئەوەی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و لە ئەگەری دەستبەکاربوونیدا، باشووری کوردستان لە دابینکردنی بەرهەمی ناوخۆی شیرەمەنی پێشکەوتنێکی زۆر بەخۆیەوە دەبینێت، بەجۆرێک کە ڕۆژانە نزیکەی 120 هەزار لیتر شیر بەرهەم دێت و ئەم ڕێژەیە نزیکەی 15%ی پێداویستی ناوخۆ دابین دەکات لەسەرەتای دەستبەکاربوونیەوە. هەروەها لە ماوەی شەش ساڵدا دەتوانێت تەواوی پێداویستی ناوخۆیی باشووری کوردستان لە شیرەمەنی دابین بکات. چونکە بەپێی پلانی ئەو کۆمپانیایە، لە دوای شەش ساڵ ژمارەی جوتیارە بەشداربووەکان لەو پرۆژەیە بۆ 600 جوتیار زیاد دەکەن و ژمارەی مانگا شیردەرەکانیش دەگەیێننە 30 هەزار مانگای شیردەر.

خاوەنی پرۆژەکە گوتی کە ئەو مانگایانە لە دەرەوەی وڵاتەوە دەهێنن بە گەرەنتی ئەوەی شیری باش بدەن و پشکنینی ڤێتەرنەرییان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی دڵنیابن لە تەندروستیی مانگاکان و نەبوونی ڤایرۆس و نەخۆشی لەو مانگایانەدا.

بەیار دەرسن لەبارەی بەرهەمەکانی ئەو کارگەیە گوتی، لەسەرەتادا شەش جۆر بەرهەمی شیریان دەبێت کە بریتین لە دوو جۆر ماست و دۆ و پەنیری نەرم و چەند جۆرێک شیری بەتام و شیری ئاسایی، ئەمە جگە لەوەی کە ساڵانە نزیکەی 600 ملیۆن دۆلار بۆ بازاڕەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە، هەروەها نزیکەی 15 هەزار هەلی کار لە ناوخۆی کوردستان دابین دەکرێت و چەندین کەس شارەزایی لە بەخێوکردنی مانگا بەدەستدێنن، ئەمە جگە لەوەی کە دەتوانن گۆشتی سووری خۆماڵی لە بازاڕەکان زیاد بکەن و بەرهەمەکانی پەیینی سروشتی بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکان دابین بکەن.

حاڵی حازر، نزیکەی 95%ی بەرهەمەکانی شیر لە دەرەوەی کوردستانەوە هاوردە دەکرێت، بەتایبەتیش لە تورکیا و ئێرانەوە کە بەهۆیەوە ساڵانە 500 تا 600 ملیۆن دۆلار لە پارەی ناوخۆ دەڕواتە دەرەوە. هەموو ئەمەش لەبەرئەوەیە کە کەرتی کشتوکاڵ و ماڵداری لە کوردستان بە پیشەسازی نەکراوە و تائێستا بەشێوەیەکی زۆر سەرەتایی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

بەشێوەیەکی گشتی باشووری کوردستان ساڵانە پێویستی بە نزیکەی 800 هەزار تۆن لە بەرهەمە شیرەمەنییەکان هەیە کە 95%ی لەدەرەوە هاوردە دەکرێت.



مستەفا سەید قادر، وەزیری پێشمەرگە:

# پێویستی نەکردووە هێزی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەشداریی شەڕ بکەن



پێشمەرگە بەو تەقەمەنییانە شەڕدەکات کە بەدەستمان گەیشتوون

هەنگاوی بە کردەوە نەنراوە بۆ یەکگرتنەوەی هێزەکانی 70 و 80

ڕووداو- سلێمانی

وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت ئێستا پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعشدا بەو تەقەمەنییانە شەڕدەکات کە وڵاتانی هاوپەیمانی کوردستان ناردوویانە. مستەفا سەید قادر لە وەڵامی پرسیارێکی (ڕووداو)دا دەربارەی ئەوەی کە بۆچی لە هەندێک بەرەی شەڕدا پێشمەرگە گلەیی ئەوە دەکەن کە چەکی کۆنیان پێیە، لەکاتێکدا دەگوترێت زۆر وڵات چەک و پێداویستیی سەربازییان ناردووە بۆ کوردستان، دەڵێ: "چەند وڵاتێک چەکیان ناردووە و بەردەوامن، هەندێکی دیکەش بڕیاریانداوە بنێرن". سەبارەت بە جۆری چەکەکانیش وەزیری پێشمەرگە رایدەگەیەنێت: "ئەوەی پێمانگەیشتووە هەندێک چەکی مامناوەندییە. ئەویشمان هەمووی ناردووە بۆ یەکەکان و ژوورەکانی ئۆپەراسیۆن" هەروەها "رەنگە پێشمەرگە مەبەستیان چەکی کلاشینکۆف بێت یان هاوشێوەی کلاشینکۆف، ئەویش جارێ ژمارەکەی ئەوەندە نییە تاوەکو بۆیان بگۆڕین. بەڵام تەقەمەنییان بۆ نێردراوە. ئەو شەڕەی ئێستا دەکرێ بەو تەقەمەنیانە دەکرێ". دەربارەی چارەنووسی ئەو چەکانەش کە هێزەکانی دەرەوەی وەزارەت، واتە حیزبەکان لە بەرەکانی شەڕ دەستیان بەسەردا دەگرن، وەزیری پێشمەرگە ئاشکرای دەکات کە نەتوانراوە ئەو چەکانەی لە شەڕدا دەستدەکەون بۆ وەزارەتی پێشمەرگە بن.

مستەفا سەید قادر، کە وەک خۆی دەڵێت وا راهاتووە کەمتر لە میدیاکاندا دەرکەوێ و "ئەنجام و بەرهەمی کارەکان"ی پێ گرنگترە لە دەرکەوتن، دەڵێت: "سەرپەرشتیی محیوەرەکانی شەڕ هەمووی لەژێر دەسەڵات و فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگە و فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستانە". دەربارەی بەشداریی پێشمەرگەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لە شەڕدا، وەزیری پێشمەرگە دەڵێت: "هەموویان ئامادەیی بەشداریکردنیان لە شەڕی دژی داعش دەربڕیوە و سوپاسی هەموویان دەکەین، بەڵام جارێ پێویستی نەکردووە بەشداری بکەن، کە پێویستی کرد رێگە لە هیچ لایەنێک ناگیرێت".

## نەتوانراوە ئەو چەکانەی لە شەڕدا دەستدەکەون بۆ وەزارەتی پێشمەرگە بن

## ئەگەر پێویستی کرد لەدەرەوەی کوردستانیش بەشداریی شەڕی دژی داعش دەکەین

ئێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەسەر هەردوو هێزی 70 و 80 دا دابەشکراوە. هەریەکە لەو هێزانەش تایبەتە بە پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان. لە ساڵانی رابردوودا هەوڵی زۆر درا بۆ یەکخستنەوەی ئەو دوو هێزە و دروستکردنی سوپایەکی یەکگرتووی کوردستانی، بەڵام بەگوتەی مستەفا سەید قادر "تاوەکو ئێستا هەنگاوی بە کردەوە لەو رووەوە نەنراوە". هەروەها سەبارەت بە هەماهەنگیی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و سوپای عێراق و فەیلەقی بەدر، وەزیری پێشمەرگە ئاشکرایدەکات کە لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق ژوورێکی هاوبەشیان هەیە: "ئەوان لە وەزارەتی پێشمەرگەن و بە فرۆکە جەنگییەکانیان بەشداری لە شەڕدا دەکەن. هەروەها بە هێزیش لە رزگارکردنی بەنداوی مووسڵ بەشدارییانکرد و لە شەڕی ئامرلی و سلێمان بەگ و یەکینجەش بەیەکەوە بەشداربووین". (ڕووداو) پرسیاری ئەوەی لە وەزیری پێشمەرگە کرد کە شەڕی دژی داعش تا کوێ بەردەوام دەبێ، هەروەها ئەگەر سبەی شەڕ کەوتە ناو شاری مووسڵ و ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان، پێشمەرگە بەشداری لەو شەڕانەدا دەکات؟ مستەفا سەید قادر لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت: "لە هەر شوێنێک پێویست بکات بەشداری دەکەین".

لە کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا فایلێکی گەندەڵی و بەفیرۆدانی پارە لە وەزارەتی پێشمەرگە بڵاوبووەوە. ئەوکات لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەو فایلە پێکهات و تاوەکو ئێستا دیارنییە ئەنجامی کارەکانی ئەو لیژنەیە چی بوو. مستەفا سەید قادر لەوبارەوە دەڵێت: "لیژنەکە بەردەوامە و لەم ماوەیەدا

# ڕاهێنەرانی ئەمریکی و فەرەنسی مەشق بە پێشمەرگە دەکەن





**سارا ئێلیزابێس ولیەم**
**ڕووداو- هەولێر**

برێک هاوکاریی سەربازی لەلایەن فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکەوە نێردراون بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام هێشتا دیار نییە چەندی ئەو هاوکاریانە گەیشتوونەتە دەستی هێزەکانی پێشمەرگە کە لە ریزەکانی پێشەوە لەدژی داعش دەجەنگن.

زۆر لە بەرپرسە سەربازی و سیاسییە کوردەکان گازندەی کەمیی پێداویستی سەربازی، وەک دووربینی شەوانە و گوللەنەبڕ و چەک و تەقەمەنی دەکەن.

مانگی رابردوو، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای هاوکاری لە وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا کرد، رەنگە زیادبوونی ناردنی چەک لەرێگەی بەغداوە دەرئەنجامی ئەو بانگەوازە بێت، بەڵام راپۆرتی بەرەکانی پێشەوە جەخت لەوە دەکەنەوە کە هێشتا چەک و تەقەمەنی وەکو پێویست ناگاتە هێزەکانی پێشمەرگە.

شارەزایان و بەرپرسانی سەربازیی ناوخۆ دەڵێن پرۆتۆکۆلی گەشتی ئەو فرۆکانەی هاوکاریی سەربازییان پێیە، یەکەمجار نیشتنەوەیە لە بەغدا و پاش پشکنین، ئەو فرۆکانە و بارەکانیان بەرەو هەولێر بەرێدەکەون.

سەرچاوەیەکی سەربازی لە بەغدا کە کاری رێکخستنی نیشتنەوەی ئەو فرۆکانە و پشکنینیانە، نکۆڵی کرد لە دەستکاریکردنی ئەو هاوکاریانە لە بەغدای پایتەخت. ئەو سەرچاوەیە پرۆسەی رەزامەندیی فڕینی ئەو فرۆکانەی لە بەغداوە بۆ هەولێر وا وەسف کرد کە زۆر خاوە، بەڵام بەرێوەدەچێ.

"بەدرێژایی هەفتەی رابردوو گەشتی بەردەوامان هەبوو". سەرچاوەکە گوتیشی "وەک هەر وڵاتێکی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پرۆسەی ئیداری زۆر خاوە. چاوەڕوان دەکرێت پرۆسەکە سستی زیاتر بەخۆوە ببینێ بەهۆی گۆڕینی حکومەتەوە".

بەگوتەی ئەو سەرچاوەیە "پرۆسەی رەزامەندی لەسەر نیشتنەوەی فرۆکەکان لە بەشەکەی عێراق قورستر دەبێت، بەڵام تا ئێستا تەنیا نیشتنەوەی یەک گەشتم رەتکردووەتەوە، ئەویش بەهۆی دواکەوتن بووە لە بەشی عێراق".

هەموو جەنگاوەرانی بەرەکانی پێشەوە گازندەی کەمیی پێداویستی سەربازی ناکەن. فەرماندەیەک لە بەرەکانی پێشەوە لە کەرکووک گوتی بەم دواییە پێداویستی سەربازیی وەک قەناس و چەکی سووکی رۆژئاوایی گەیشتووەتە دەستیان و ئێستا لە چاوەڕوانی دابەشکردنیدان.

هەروەها گوتیشی کە چەکی قورسی وەک مووشەکیش گەیشتوون، بەڵام ئەو چەکانە لە شوێنێکی تایبەت پارێزراون.

ئەو فەرماندەیە گوتی "تیمێکی تایبەتی رۆژئاوایی مەشق بە پێشمەرگە دەکەن لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو چەکانە".

ئەو تیمە و ئەرکەکەیان کاری لەپێشینەی ئەو هاوکاریانەیە کە لەلایەن رۆژئاواوە پێشکەش دەکرێت.

هەفتەی رابردوو، رۆژنامەی نیویۆرک تایمز رایگەیاند کە بەرپرسانی ئەمریکی هێرشە ئاسمانی و هاوکارییە مرۆییەکانی مانگی رابردوویان وەک فەیسی یەکەمی هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش ناوزەد کردووە، هەر کە حکومەتی نوێی عێراق دەستی بەکارەکانی کرد، فەیسی دووەمی ئەو هەوڵانە دەستپێدەکات.

لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەشدا هاوکاریی زیاتری پێشمەرگە و سوپای عێراق دەکرێت و رەنگە پڕچەککردن و مەشقکردن بە هۆزە سوننییەکانیش بگرێتەوە.

بە گوتەی بەرپرسێکی باڵای سەربازیی پێشمەرگە کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە چونکە دەسەڵاتی پێنەدراوە باس لەو پرۆگرامانە بکات، ئەو مەشقە حاڵی حازر لە کوردستان دەستپێکردووە.

ئەو گوتی، راهێنەرە ئەمریکی و فەرەنسییەکان ئێستا خەریکی مەشقکردنن بە هێزێکی پێشمەرگە هاوشێوەی هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا و بەریتانیا.

سەرچاوەکە گوتی، کۆرسە سەرەتاییەکانی پرۆگرامەکە لە مانگی ئاب دەستپێکردووە کە تێیدا مەشق بە 250 پێشمەرگە دەکەن لەسەر بەکارهێنانی چەند جۆرێکی مووشەکی فەرەنسی. مەشقەکان بە گرووپی بچووک بچووک دەکرێت کە تێیدا هەر پێشمەرگەیەک بۆماوەی یەک هەفتە ئامادەی دەبێت و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ بەرەکانی پێشەوە.

کۆتایی ئەم مانگە کۆرسی دووەم دەستپێدەکات کە تایبەتە بە بەکارهێنانی مووشەکی میلانی دژە تانک، ئەویش بەهەمان شێوە بریتی دەبێت لە یەک هەفتە مەشقکردن بە 250 پێشمەرگە.

ئەو مووشەکانە لە لیستی ئەو چەکانەدا هاتوون کە بڕیارە ئەڵمانیا رەوانەیان بکات و بە دیقەیەکی زۆر باش دەڕۆن کە 200 مەترە لە چرکەیەکدا. ئەمە یەکێکە لەو چەکانەی کە هەرگیز لە جبەخانەی پێشمەرگەدا نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، رەنگە زیادکردنی یەک مووشەکی دیکەی لەو جۆرە بەس نەبێت بۆ گۆڕینی داینامیکی بەرەکانی جەنگ.

مایکڵ ستیڤنس لە پەیمانگای سەربازیی شاهانەی بەریتانیا گوتی، ئاشکرایە کە کورد چەکی زیاتریان دەوێ لەوەی تا ئێستا بۆیان نێردراوە.

"هەست ناکەن ئەو کەرەستانەی ئێستا هەیانە بەشی پێداویستیەکانیان بکات" ئەو گوتی ئەوەی یارییەکە دەگۆڕێ و کاریگەری زۆری دەبێت، دابینکردنی ئۆتۆمبێلی سەربازیی بەهێزە کە خۆڕاگر بێت لەبەرامبەر بۆمبی چێنراو و هێرشەکانی داعش. ئەمە جگە لە ئۆتۆمبێلی دیکەی سەربازی کە کورد بەردەوام داوای دەکەن.

# ئەلقووش بە سێ مانگ ڕای لەسەر کورد گۆڕا

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

لەماوەی سێ مانگدا هەڵوێستی خەڵکی ناحیەی ئەلقووش سەد و هەشتا پلە بەرامبەر پێشمەرگە گۆڕا. ئێستا ئاڵای کوردستان لەسەربانی ماڵەکانی ئەو شارۆچکە کریستیاننشینە دەشەکێتەوە. سێ مانگ پێش ئێستا کەس لەوێ بە کوردی قسەی نەدەکرد.

## یەکەم سەردان بۆ ئەلقووش

سێ ڕۆژ دوای کۆنترۆڵکردنی شاری مووسڵ لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (ناسراو بە داعش)، واتە ڕۆژی 2014/06/10، تیمێکی تۆڕی میدیایی ڕووداو چووینە ناحیەی ئەلقووش، کە یەکێکە لە کۆنترین ناوچە کریستیاننشینەکانی دەشتی مووسڵ. ئەلقووش سەر بەقەزای تلکێفە و کیلۆمەتر دوورە لە شاری مووسڵ. ئەو شارۆچکەیە کەوتووەتە دامێنی شاخێکی سەختەوە و تەنیا یەک ڕێگەی بۆ دەچێت، ئەویش جادەیەکی یەک سایدە.

کاتێک نزیکی ئەلقووش بووینەوە ئێوارە بوو. گەیشتینە خاڵێکی پشکنین کە کیلۆمەتر لە سەنتەری شارۆچکەکە دوور بوو. چوار چەکداری کریستیان لەوێ بوون کە جلوبەرگی پۆلیسی عێراقیان لەبەربوو. بە سەرسوڕمانەوە لێیان پرسین: "دەڕۆنە کوێ و چی دەکەن؟" ئەلقووش یەکێکە لە جوانترین شارۆچکەکانی دەشتی مووسڵ، بەڵام هەڵسوکەوتی ئەو چەکدارانە هاوتای جوانیی شارۆچکەکە نەبوو. واش دەردەکەوت کە ڕووداو یەکەمین دەزگای میدیایی بوو سەردانی ئەو کریستیانە ئامادەباشانەی کردبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داعش. چەکدارەکان پێیانگوتین: "ڕاوەستن با پەیوەندی بە قەشەی گەورەوە بکەین". پاش کەمێک بە عەرەبی پێیانگوتین: "بڕۆن، بەڵام دەبێ یەکەمجار بچنە کەنیسە، بۆئەوەی قەشەی گەورە ببینن و ئینجا کاری خۆتان بکەن".

گەیشتینە کەنیسەی گەورە. دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، قەشە و سێ کەسی دیکە هاتنە ژوورەوە. لێی پرسین: "لەکوێ هاتوون؟"، وەڵامماندایەوە: ئێمە لە دهۆکەوە هاتووین". ئینجا پرسییان: "بە کوردی قسەدەکەن؟" گوتمان: "بەڵێ". ئیدی لەو کەنیسە گەورەیەدا کە زیاتر لە 50 کەسی لێبوو، کەس نەیدەویست قسەمان بۆ بکات. ئەو ڕۆژە بینیم کە ئاڵای عێراق لەسەر مێزەکانیانە. ئەوان بەعەرەبی قسەیان دەکرد. بۆیە ناچار دانیشتین و بۆمان ڕوونکردنەوە کە ئەوان ئازادن چی بڵێن و مایکی ڕووداو ئازادە. یەکێکیان گوتی: "پرسیارەکەت چییە؟" گوتم: "سێ ڕۆژە داعش هاتووەتە ناو مووسڵ. ئێوەش سەر بە مووسڵن. ئەگەر داعش هەر بمێنێت حەزدەکەن سەر بە هەرێمی کوردستان بن یان سەر بە مووسڵ؟" قەشەی گەورە، کەمێک داما و گوتی: "خۆ ئەم ڕەوشە کاتییە. ئێمە عێراقین و دەمانەوێ سەر بە عێراق بین". بە سەرلەقاندن و دیمەنی دەموچاویان زانیم ئەمە بۆچوونی بەشی هەرە زۆری ئەوانەیە کە لە کەنیسەکەدا دانیشتبوون، بەڵام بۆ ڕیکۆرد و مایک کەسیان ئامادە نەبوون قسەبکەن.



دەشتی مووسڵ گەورەترین ناوچەی کریستیانەکانە لە عێراقدا. لەوێ نزیکەی 300 هەزار کریستیان دەژین. 2700 ساڵ پێش زایین ژیان لە ئەلقووش دەستیپێکردووە. دانیشتووانی ئەو شارۆچکەیە 100% کریستیانن. لە دیواری کەنیسەکانی ناو ئەلقووشەوە دەزانیت کە ئەو شارۆچکەیە چەندە مێژووییە.

### "سوپای عێراق داعش دەردەکات"

دوای ئەوەی کەس لە کەنیسە قسەی لەبەردەم کامێرادا نەکرد، چووینە ناو خەڵک. ژنان و کچان هەروەکو عەینکاوە و شوێنە کریستیاننشینەکانی دیکە لە کۆڵانان دانیشتبوون. ئەوان کە ئێمەیان دەبینی، تەنیا بە زمانی عەرەبی دەیانپرسی: "ئێوە لەکوێ هاتوون؟"، پێماندەگوتن: "لە دهۆکەوە". ئەوان دەیانگوت: "ئێمەش لە داعش دەترسین، بەڵام ئەو مەسەلەیە زۆر ناخایەنێ. سوپای عێراق دێت و داعش لە مووسڵ دەردەکات". ئەوکات وام هەستکرد کە خەڵکی ئەلقووش زۆر بڕوایان بەوە نەبوو لەگەڵ کورد بژین، تەنیا ئەو کاتەی پرسیمان: "حەزدەکەن لەگەڵ داعش بژین یان کورد؟" وەڵامیان ئەوەبوو کە: کوردستان باشترە لەوەی لەژێر دەستی داعشدا بین".

کریستیانەکان یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی باشووری کوردستان و عێراقن. زۆربەیان لە پێنج پارێزگەکانی مووسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکووک و بەغدا نیشتەجێن. بەپێی ئامارە نافەرمییەکان، پێش ساڵی 2003، ژمارەیان لە عێراقدا دەگەیشتە ملیونێک و پێنجسەد هەزار کەس، بەڵام دوای ساڵی 2003، لەبەر ڕەوشی نائارامی عێراق، نیوەیان کۆچیان کرد بۆ دەرەوەی عێراق.

سێ مانگ پێش ئێستا کە چوومە ئەلقووش، دیتم خەڵکەکەی خۆیان بە خاوەنی ڕاستەقینەی عێراق دەزانی و پێیانوابوو ئەو ڕەوشە هێندە مەترسیدار نییە کە هەندێک مەزەندەی دەکەن. وا دیاربوو ئەو خێزانەی دانیشتووی ئەو شارۆچکەیە باوەڕیان وابوو کە داعش تەنیا چەند ڕۆژێک دەمێنێتەوە و سوپای عێراق لەناویان دەبەن.بەڵام داعش لە سەرەتای مانگی ئابدا هاتە ناو سەنتەری قەزای تلکێف. ئەوکات لەترسی داعش بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ئەو شارۆچکەیە چۆڵ کرا.

## دوای سێ مانگ چی گۆڕا؟

ڕۆژی 2014/9/2، جارێکی دیکە کە بۆ ڕوومالی تۆڕی میدیایی ڕووداو چووینەوە ئەلقووش، هەموو شت لەوێ گۆڕابوو. بازگەکە هێزی پێشمەرگەی لێبوو. هەموو فەرمانگەکان ئاڵای کوردستانیان لەسەر بەرز کرابووەوە. گوتم لەوانەیە ئەوانە بەزۆر ئەو ئاڵایانەی کوردستانیان پێ بەرزکرابێتەوە، بەڵام کە چوومەوە هەمان کەنیسە، هەموویان زۆر گۆڕابوون. کاتێک زانییان تیمی ڕووداوین، هەموویان حەزیان دەکرد قسەمان بۆ بکەن. سەرۆکی کەنیسەی مریەم ئەلعەزرا زۆر بە باشی باسی کوردی کرد. تەنانەت بە کوردییەکی ڕەوان دەیگوت: "داعش هەوڵیدا بێتە ئێرە، بەڵام پێشمەرگە خۆیان کردە مەتاڵ بەرامبەریان".

پاشان چووینە ناو شارۆچکەکە، هەرچەندە تەنیا 30%ی خەڵک گەڕابوونەوە، بەڵام بۆچوونی ئەو خەڵکە بەرامبەر کورد و پێشمەرگە زۆر گۆڕابوو. بازاڕی ئەلقووش نیوە کراوە و نیوە داخراو بوو. لەدوورەوە فرۆشیارێک بانگیکردم و گوتی: "وەرنە ژوورەوە". کاتێک چووینە ژوورەوە، عەلاگەیەکی چوکلێتی لەسەر مێزەکەی دانابوو گوتی: "ئەمە شیرینیی ئاڵای کوردستانە". کە گەڕامەوە بینیم ئاڵای کوردستان لە هەموو جێگە و بەرزاییەک هەیە. دوایی چووینە ژمارەیەکی زۆر لە کۆڵانەکانی ئەو شارۆچکەیە. خەڵک بە دڵخۆشی بانگیان دەکردین و دەیانگوت: "کورد گەلێکی زۆر هێژان". ئەمجارە لە یەکێکیانم پرسی: "حەزدەکەن سەر بە کوردستان بن یان عێراق یان داعش؟" بۆچوونیان زۆر گۆڕابوو. هەرهەموویان دەیانگوت: "ئێستا زانیمان پێشمەرگە و کورد چەند بەوەفان، چونکە مانگێک بوو ئەم شارۆچکەیە چۆڵ بوو پێشمەرگە دەیپاراست، بەڵام پەرداخێکی ئاویش نەدزرا".

# داعش کچێکی سێ ساڵەی کریستیان دەڕفێنێ

## دایکی کچەکە: هاوارمکرد بۆ خاتری محەممەد مەیبەن

**یودیت نیورینک**
**ڕووداو-هەولێر**

ئەو کریستیانانەی لەترسی هێرشەکانی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش لە شارۆچکەی قەرەقوش هەڵاتوون باسی ئەوە دەکەن کە داعش چەند ژنێک و کچێکی تەمەن سێ ساڵیان ڕفاندووە، ئەویش دوای ئەوەی کە هەفتەی ڕابردوو خێزانە کریستیانەکانیان ناچارکرد بەزۆر ماڵ و حاڵیان بەجێبهێڵن.

هێرشی داعش بۆ سەر ئەو شارۆچکە کریستیاننشینە و ڕووداوی ڕفاندنەکە یەکەم ڕاپۆرتی ڕفاندنی بەکۆمەڵە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشدا. لەسەرەتای مانگی ئابی ئەمساڵەوە، لەترسی پێشڕەوییەکانی داعش، زۆر لەوانەی بۆ قەرەقووش هەڵاتبوون کە تەنها پەنجا کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی مووسڵەوە دوورە، بەرەو هەولێر هەڵاتن، بەڵام هەندێک لە پیر و پەککەوتەکان بەناچاری لە ناوچەکە مابوونەوە.

بەگوتەی ئاوارەکان، چەکدارانی داعش ئەو ژن و منداڵانەیان ڕفاندووە و دانیشتوانی دیکەی شوێنەکەش کە لە نێویاندا پیر و کەمئەندام و منداڵ و دایک هەبووە، هەروەها چەند کەسێکی دیکەش کە لەنێویاندا پزیشک هەبوون، فەرمانیان پێکراوە بمێننەوە.

یەکێک لەو کەسانە ژنێک بوو بەناوی کەفا، کە تەمەنی لە چلەکاندایە، مابووەوە بۆئەوەی چاودێریی دایک و باوکە پیرەکەی بکات. ئەو بە (ڕووداو) ی گوت سێ پیاو بەزۆر لە ماڵەکەیان دەریانکردوون و لەگەڵ 75 دانیشتووی دیکەی شارەکە ڕاپێچیان کردوون بۆ بنکەیەکی تەندروستی. پاشان دەستیان گرتووە بەسەر پارە و دۆکیومێنت و مۆبایلەکانیاندا.

کەفا، کە داوایکرد ناوی تەواوی بڵاونەکرێتەوە، گوتی: "بە ژنەکان گوترا هەموو ئاڵتوونەکانی بەریان دابکەنن." پاشان هەموویان خرانە پاسێکەوە و کەمئەندامەکان ناچارکران عەرەبانەکانیان بەجێبهێڵن: " لەکاتێکدا یارمەتیی دایکمم دەدا بۆ ناو پاسەکە، بینیم چەکدارێکی ڕیشنی داعش کچێکی تەمەن سێ ساڵی بەناوی کریستینا هەڵگرتووە،" کەفا گوتی: "دایکی دەستی بە گریان و قیژە کرد."

دواتر دایکی کریستینا لەسەر بارودۆخەکەی قسەی بۆ تەلەفزیۆنی عەشتار کرد. باسی لەوە کرد کە چۆن دوای ئەو پیاوە کەوتووە کە کچەکەی بردووە. لەکاتێکدا کچە سێ ساڵەکە دەگریا، کریستینا درایە دەست پیاوێکی بەتەمەن، کە سەرکردەیەکی داعش بوو لەو شوێنە. دایکەکە لێی پاڕایەوە و گوتی: "ئەو کچە بێتاوانە چ هەڵەیەکی کردووە؟ بۆ خاتری خوا، بۆ خاتری محەممەد، چی ئەپەرستن ئێوە؟ کچەکەم بدەرەوە. هێشتا شیری خۆم دەخوات، دەمرێت ئەگەر بیبەی."

پیاوەکە چەکەکەی دەرهێنا و گوتی: "خێرا بچۆ ناو پاسەکە. ئەگەر لە کچەکە نزیکبیتەوە سەرت دەبڕم."

بەگوتەی کەفا، نزیکەی حەوت تا هەشت ژنیش لەگەڵ کچەکە بردران. یەکێک لە بارمتەکان توانیبووی تەلەفۆن بۆ خێزانەکەی بکات و پێیان بڵێ بۆ شوێنێکی مووسڵ براون بە منداڵە سێ ساڵەکەشەوە. ئەوەیە یەکەمین هەواڵی فڕاندنی ژنان و کچانی مەسیحییە لەپاش کۆنترۆڵکردنی مووسڵ لەلایەن داعشەوە لە مانگی حوزەیراندا. چەکدارانی داعش هەستان بە ڕفاندنی سەدان کچ و ژنی کوردی ئێزدی لەپاش کۆنترۆڵکردنی شنگال و دەوروبەری لەسەرەتای مانگی ئابدا.

هەندێک لە ژن و کچە کوردە ئێزدییەکان توانیبوویان پەیوەندی بە خێزانەکانیان و ڕۆژنامەکانەوە بکەن و پێیان گوتبوون کە بە بارمتەگیراون و دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان، بەڵام لەوکاتەوە کەس هەواڵیان نازانێت. لەبەرئەوەی ڕۆژنامەنووسەکان و لێکۆڵەران ناتوانن بچنە پارێزگای مووسڵ پشتڕاستکردنەوەی ڕاپۆرتەکان سەبارەت بە چارەنووسی ئێزدی و کریستیانەکان قورسە.


ئاوارە مەسیحییەکان لە هەولێر (فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

لەسەرەتای مانگی ئابدا زۆرینەی دانیشتووانی قەرەقووش لەترسی بەرەوپێشچوونەکانی داعش هەڵاتن بۆ دەشتی نەینەوا کە زۆرینەی دانیشتووانی لە کەمینەکان پێکدێن. داعش کەمینە کوردە ئێزدی و کریستیان و شەبەکەکانی کردووەتە ئامانج. بە هەزاران کریستیان لە مووسڵ و دەوروبەری هەڵاتوون، ئەویش پاشئەوەی کە داعش فەرمانی پێکردوون یان موسڵمان بن یان بمرن.

سەرنشینانی ناو پاسەکە ناچارکراون بە پێ لە ڕووباری زێی بچووکەوە بپەڕنەوە، کە ئەوەش ڕێگەیەکی درێژ و سەخت بووە بەتایبەتی بۆ کەمئەندامان. ئەندامانی خێزان و چەکدارێکی داعش ئەوانەیان هەڵگرتووە کە نەیانتوانیوە لە ڕووبارەکە بپەڕنەوە.

ئەو قوربانییانە گوتیان ئاوخواردنەوە و داوودەرمانیان پێ نەبووە، ناوچەکەش بەتەواوەتی لەترسی هێرشەکانی داعش چۆڵکرابوو. یەکێک لە سەرنشینانی پاسەکە کە مۆبایلەکەی شاردبووەوە پەیوەندیی بە ئەندامانی خێزانەکەیەوە کردبوو لە هەولێر.

هەندێکیان تووشی برینداری و پێ وشکبوونەوە ببوون لەئەنجامی گەشتە قورسەکەیاندا، بەڵام پیاوێکی پیر بەپەلە ڕەوانەی نەخۆشخانە کرابوو، کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەژێر چاودێریی توونددا بووە.

ئەو ئاوارانەی گەیشتنە گەڕەکی عەینکاوەی هەولێر، داوایان لە بەرپرسانی کڵێسا کردووە کە کارێک بکەن بۆ ڕزگارکردنی ئەو کچ و ژنانە، بەڵام پێیانگوتراوە کە کەنیسە هیچ دەسەڵاتێکی نییە لەوبارەیەوە.

لە سەرەتای مانگی ئابەوە، هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوکاریی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا دەیان هەزار هاووڵاتیی کوردی ئێزدییان لە چیای شنگال ڕزگارکرد. هەروەها بەردەوامن لەسەر لێدانی مۆڵگەکانی داعش لە پارێزگای مووسڵ. ئەمریکا بەردەوامە لەسەر هێرشە ئاسمانییەکان و ناردنی چەک بۆ هێزەکانی پێشمەرگە. بەڵام ئەو ئۆپەراسیۆنە هاوبەشانە ڕزگارکردنی ئەو هاووڵاتیانەی نەگرتۆتەوە کە لە ناوچەکانی ژێر دەستی داعشدا گیریان خواردووە.

رووداو
تاراوگە
ژمارە (326) دووشەممە 2014/9/15

## 4 هەزار کورد لە سعودیە دەژین

**رووداو- سعودیە**

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف، کە ئێستا لە وڵاتی سعودیەیە، رایگەیاند، بە پێی زانیاری چەند سەرچاوەیەک "نزیکەی 1000 خێزانی کورد، کە نزیکەی 4000کەس دەبن لەشار و ناوچە جیاجیاکانی سعودیە نیشتەجێن، بەڵام هەتا ئێستا هیچ لەم کوردانە رەگەزنامەی سعودیان پێنەدراوە، بەڵکو تەنها ئیقامەیان هەیە، هەندێک سەرچاوەی مێژویی ئاماژە بۆ ئەوەیش دەکەن کەوا ئەو شەهادە و شمشێرەی کە لە سەر ئاڵای سعودیە نەخشێنراوە بۆ یەکەمجار لەلایەن خۆشنوسێکی کوردی خەڵکی هەولێر ساڵی 1934نوسراوە"، جگە لەوەش بەدەیان کوردی باکور و رۆژئاوای کوردستان بۆ کارکردن هاتونەتە شارە گەورەکانی سعودیە.



# لە تاراوگە دەگەڕێنەوە و دەبنە پاسەوانی تایبەت



**شادیە رەسوڵ**
**رووداو- سلێمانی**

لە یەکێک لە شەقامە سەرەکییەکانی شاری سلێمانی، تابلۆیەک هەڵواسراوە بە ناونیشانی (هاریکاری بۆ خزمەتگوزاریی نەوت و پاسەوانی). ئەمە تابلۆی کۆمپانیایەکە کە وەک خاوەنەکەی دەڵێت، تایبەتە بە پاراستنی ئاسایشی کۆمپانیا و پرۆژە و دامەزراوە گشتی و تایبەتەکان لەڕێی دابینکردنی پاسەوانی تایبەت بۆ ئەو شوێنانەی کە داوای دەکەن.

لێرە ژمارەیەک گەنج بە جلوبەرگێکی سەربازیی تایبەتەوە لە چاوەڕوانیی ئەوەدان کە کارێکیان پێ بسپێرن.

هونەر خۆشناو، بەرپرسی کۆمپانیای هاریکاری بۆ خزمەتگوزاریی نەوت و پاسەوانی، سەرپەرشتی ئەم کۆمپانیایە دەکات و چیرۆکی دەستبەکاربوونی خۆی دەگێڕێتەوە لەم کارەیدا "ساڵی 2003 بڕیارمان دا کۆمپانیایەکی پاسەوانی بۆ دابینکردنی ئاسایشی کۆمپانیا و پرۆژە و دامەزراوە گشتی و تایبەتەکان دامەزرێنین، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە یاسای عێراقیدا شوێنی کۆمپانیایەکی لەم شێوەیە نەبوو، رێگەمان پێنەدرا".

بەڵام هونەر لە هەوڵەکانی خۆی بەردەوام بوو. ساڵی 2007 بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە مۆڵەتی کارکردنی وەرگرت "تاوەکو ئەو کاتەی مۆڵەتمان وەرگرت، کاری کۆمپانیاکەمان هاوکاری و یارمەتی لۆجستیک بوو بۆ هێزەکانی ئەمریکا لە هەموو عێراق".

ئەم کۆمپانیایە پاسەوان نادات بەو کەسانەی کێشەی کۆمەڵایەتی و دوژمنایەتییان هەیە، ئەوان پاسەوانیی کەسانی ئاسایی و سیاسی ناکەن. هونەر دەڵێت "کاری ئێمە دابینکردنی پاسەوانی تایبەت و ئاسایشە بۆ کۆمپانیاکانی نەوت و کۆمپانیا بیانییەکان، هەروەها مۆڵەکان و هۆتێلەکان داوای ئەم خزمەتگوزارییەی ئێمە دەکەن". هونەر خۆشناو گوتیشی "ئێمە بەپێی مەرجەکانی وەزارەتی ناوخۆ کار دەکەین، مەرجی ئێمەش وەک کۆمپانیاکەمان بۆ ئەو کەسانەی کە وەک پاسەوانی تایبەت لەلای ئێمە کار دەکەن، ئەوەیە کە دەبێت زمان بزانێت، بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی، چونکە ئەو شوێنانەی کە پێویستیان بەکاری ئێمەیە زیاتر بیانین، هەروەها دەبێت تەمەنی لە 20 ساڵ کەمتر نەبێت".

هونەر خۆشناو زیاتر باسی مەرجەکانی کۆمپانیاکەی دەکات و دەڵێ "یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی ئێمە ئەوەیە کە دەبێت ئەو کەسە کورد بێت و لە هەرێمی کوردستان بژی، ئێمە بێجگە لە کورد رێگە نادەین کەسێکی دیکە لەلای ئێمە کار بکات، چونکە ئەو کەسانە چەکدار دەکرێن".

بە پێی مەرجەکانی کۆمپانیا دەبێت ئەو کەسە رابردووی پاک بێت و ئاسایشی هەرێمی کوردستان پشتگیریی بکات. خۆشناو دەڵێت ئێستا کۆمپانیاکەی بووەتە شوێنی کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لەو کوردانەی پێشتر لە تاراوگە ژیاون و بە یەکجاری گەڕاونەتەوە کوردستان".

وەک بەرپرسی کۆمپانیاکە دەڵێت، لەبەرئەوەی مەرجی زمانزانیی تێدایە، رۆژانە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ژن و لە پیاو دێنە لایان و بەشی هەرە زۆریشیان ئەو کوردانەن کە لە هەندەرانەوە گەڕاونەتەوە هەرێمی کوردستان. هونەر خۆشناو دەڵێت "ئەو کەسانەش کە دێن سەرەتا مەشق و راهێنانیان پێدەکەین ئەگەر وەک پاسەوان کاربکەن، دەبێت تەمەنیشیان لە سەرووی 20 ساڵ بێت "هەندێک لەوانە لە بەشی پرسگە دادەنێین، بەڵام ئەگەر کەسەکە تەمەنی زیاتر بێت لە 21 ساڵ، چەکی پێدەدەین و هەموشیان لەلایەن پسپۆڕی ئەمریکییەوە بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵانە مەشقیان پێدەکرێت".

هونەر خۆشناو دەڵێت ئێستا زیاتر لە 50 کۆمپانیای هاوشێوەی کۆمپانیاکەی ئەوان هەن کە کاریان دابینکردنی پاسەوانی تایبەتە.

مووچەی ئەو کەسانەی لەم کۆمپانیایەدا کار دەکەن بەپێی شارەزاییەکەیانە و لە 700 دۆلارەوە دەستپێدەکات. بەرپرسی کۆمپانیاکە گوتی "ئەو کەسە تاوەکو لێهاتوویی زیاتر بێت پارەشی زیاتر دەبێت".

سەرەتای دەرکەوتنی ئەم جۆرە کۆمپانیایە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2003 دەگەڕێتەوە کە سوپای ئەمریکا بۆ پاراستنی داوودەزگا و کۆمەڵێک بارەگا و کەسایەتی پەنای دەبردە بەر کۆمپانیا ئەمنییەکان. ئەم کۆمپانیایانە لە توندوتیژییەکانی عێراقدا باجی گەورەشیان دا، بەشێکی گەورەی ئەو قوربانیانەی کە لەسەر سوپای ئەمریکی حیساب دەکران، لەڕاستی کارمەندی ئەم کۆمپانیایانە بوون کە گرووپە چەکدارەکانی عێراق بە کرێگرتە ناویان دەبردن.

بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان جیاوازە، ئەوەیە کە وەک خاوەنی کۆمپانیای هاریکاری بۆ خزمەتگوزاریی نەوت و پاسەوانی دەڵێت، ئێستا بێجگە لە پیاوان ژنانیش وەک کارمەندی ئاسایش لەلای ئەوان کاردەکەن "ژنان وەک پاسەوانی تایبەت کارناکەن، بەڵکو بۆ پرسگە و مۆڵەکان داوا دەکرێن". کۆمپانیاکەی ئەوان لە هەولێر و سلێمانی ئۆفیسی هەیە، بەڵام هونەر خۆشناو دەڵێت "ئامادەین پاسەوان بۆ هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستان و تەنانەت بۆ عێراقیش دابین بکەین.

ژمارەی ئەوانەی وەک کارمەندی ئەمنی لەلایەن ئەم کۆمپانیایەوە خراونەتە کار، گەیشتووەتە نزیکەی هەزار کەس کە لە هەردوو رەگەزی نێر و مێن.

## خزمەتکردنی بە کورد سپێردرابوو

# باخچەکەی شەهیدانی هەڵەبجە لە بەریتانیا وێران بووە




**رێبین یارئەحمەد**
**رووداو- هەڵەبجەی شەهید**

باخچەیەکی شاری پۆرتسمۆس لە بەریتانیا کە بەناوی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە کراوە و سەرپەرشتی و خزمەتکردنیشی هەر بە کورد سپێردرابوو، خەریکە بەتەواوی وێران دەبێت.

رۆژی 2007/3/16، کۆمەڵێک کورد و دۆستە بەریتانییەکانیان، توانییان شارەوانی شاری پۆرتسمۆس رازی بکەن کە باخچەیەکی ئەو شارە بە ناوی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە بکرێ، باخچەکە بە موڵک دراوە بە کۆمەڵەی کوردیی شاری پۆرتسمۆس و خزمەتکردنی باخچەکەش کەوتە سەر ئەرکی ئەوان، بەڵام لەبەر بێ خزمەتی ئێستا وا خەریکە لەناودەچێت.

کامەران نەورۆز، یەکێک لە کەسوکاری شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند کە باخچەکە لە شوێنێکی گرنگدایە و دەکەوێتە نزیک باخچەی هۆلۆکۆست و مۆنۆمێنتی شەهیدانی جەنگی دووەمی جیهانی و نزیک قەڵای پاشا هێنری (پاشای دووەمی بەریتانیا).

کامەران کە نوێنەری کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەیە لە بەریتانیا و یەکێکە لە تاقانەکانی کیمیاباران (هەموو کەسوکاری شەهید بووە و هەر خۆی بە تەنیا ماوە) دەڵێت لەوکاتەوە تا ئێستا ساڵانە یادی کیمیابارانی هەڵەبجە و چەند بۆنە و یادێکی دیکەی کوردی لەو باخچەیەدا دەکرێتەوە "لە زۆر لە چالاکیەکانماندا بە تایبەتی یادی کیمیابارانی هەڵەبجە زۆر لە بەرپرسەکانی بەریتانیا لە سەرۆکی شارەوانی و پارێزگاری پۆرتسمۆس و چەند ئەندام پەرلەمانێکی ناوچەکە و بەریتانییەکان و رەوەندەکانی دیکەی ئەو وڵاتە لەگەڵمان بەشدارن، تازەترین چالاکیمان گردبوونەوەیەک بوو لە مانگی رابردوو بە ئامادەبوونی ئەندام پەرلەمانێکی بەریتانی بۆ ئیدانەکردنی داعش و نامەیەکمان ئاڕاستەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا کرد کە هاوکاری کورد بکەن بۆ ئەوەی جینۆسایدێکی دیکە لەدژی کورد دووبارە نەبێتەوە".

لە باخچەکەدا، لە تەنیشتی نەمامێک تەنیا یەک نووسراو لەسەر تەختەیەک هەیە و نووسراوە بیرەوەریی هەڵەبجە، هیچ پەیکەر و وێنەیەکی کیمیابارانی هەڵەبجە لە باخچەکەدا نییە، تەنانەت سیمبولەکەی کیمیابارانی هەڵەبجە کە پەیکەری عومەری خاوەرە لەو باخچەیەدا نییە، کامەران گلەیی هەیە و دەڵێت "سەرەتا خۆمان پارکەکەمان خزمەت دەکرد، بەڵام دواتر لەبەر نەبوونی مەجال باخەوانێکمان بۆ گرت و دواتر توانای پێدانی پارەی باخەوانەکەشمان نەما و نەشمانهێشتووە باخچەکە مۆرکی هیچ حیزبێکی پێوە بێت، بۆیە کەس هاوکاری نەکردین، ئێستا باخچەکەزۆر بێ خزمەتیی پێوە دیارە و رۆژ بە رۆژ بەرەو لەناوچوون دەڕوات، لەبەر بێ خزمەتیش ئەو نەمامەی کە بە ناوی شەهیدانی هەڵەبجەوە نێژرا، قەزەم دەرچوو".

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا ئاگای لەو باخچەیە هەیە و لە زۆر لە بۆنەکانی ئەو باخچەیەدا بەشداربوون، بەیان سامی عەبدولڕەحمان، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لەندەن، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو)، بێ ئاگایی خۆی لە کێشەکانی ئەو باخچەیە دەربڕی "تا ئێستا کێشەکانی ئەو باخچەیان پێ نەگەیاندووین، با سەردانمان بکەن و ئێمە ئامادەین هاوکارییان بکەین و کاریان بۆ بکەین". ئەو نەیشاردەوە کە ئەوانیش بێ گرفت نین "قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر ئێمەش هەبووە، با بزانین ئەو باخچەیە چەندی پێویستە و بزانین دەتوانین ئەو بودجەیەی بۆ دابین بکەین، یان ئەگەر ئێستاش نەمانتوانی ئەوا لە داهاتوودا بودجەی بۆ دابین دەکەین".

## کوردە ئێزدییەکان لە شنگالەوە دەگەنە ئەسینا



(فۆتۆ: سیڤان محەمەد سەلیم)

# لە داعش رزگاریان بوو.. تووشی پۆلیسی یۆنانی بوون

**زنار ئالا**
**رووداو- ئەورووپا**

ئەو کوردە ئێزدییانەی لە باشووری کوردستانەوە هەڵاتوون و روویان لە یۆنان کردووە، شەوان تاوەکو بەیانی ئێشک لە چۆڵبوونی دۆشەکێک دەگرن بۆئەوەی لەسەری بخەون. یۆنان پردی پەڕینەوەی کۆچبەرانە لە ئاسیا و ئەفریقاوە بۆ ئەورووپا. ئەو وڵاتە یەکێکە لەو وێستگانەی کۆچبەرانی ئەفریقایی و ئاسیایی رووی تێدەکەن بۆ گەیشتنیان بە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی ئەورووپا و لەوێش داوای مافی پەنابەرێتی دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وڵاتە بۆ هەندێک کۆچبەر بووەتە زیندانێک کە مرۆڤ بەئاسانی ناتوانێت رزگاری بێت لێی. ئێستا کوردە ئێزدییەکانی شنگالیش گیرۆدەی هەمان کێشەن، ئەوان لەترسی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی (ناسراو بە داعش) هەڵدێن، بەڵام لە یۆنان گیردەخۆن.

رۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنیی ئیسپانی بەناوی "eldiario.es" ئاشکرایکردووە کە یەکەمین گرووپی کوردە ئێزدییەکان لە شنگالەوە گەیشتوونەتە یۆنان. بەڵام وەک ئەو رۆژنامەیە بڵاویکردووەتەوە، "ئێستا ئەو کۆچبەرانە لەژێر مەترسیی گەڕاندنەوەی بەپەلەدان. هەروەها تووشی توندوتیژیی پۆلیسی یۆنانی بوون".

سەبارەت بە ژیانی رۆژانەی ئەو کۆچبەرە کوردە ئێزدییانەش پەیامنێری رۆژنامەکە لە یۆنان نووسیویەتی: "لە خانوویەکی زۆر بچووکدا، کە تەنیا 30 مەتری چوار گۆشەیە، زیاتر لە 20 کەس دەژین. 3 منداڵی بچووکیشیان لەگەڵدان. ئەوان لە رەوشێکی خراپدا دەژین. نیوەی ئەو کەسانە، کە تەمەنیان 18 ساڵانە، تاوەکو بەرەبەیان لەسەر شەقام دەمێننەوە. کاتێک نۆرەیان هات، دەچن لەسەر دۆشەکێک دەخەون".

لەبەرئەوەی ئەو کۆچبەرانە ناتوانن ئەو سێ یان چوار هەزار یۆرۆ پەیدابکەن کە قاچاخچییەکان داوایدەکەن بۆئەوەی بیانگەیننە خزمەکانیان لە ئەڵمانیا، ناچارن هەر لە یۆنان بمێننەوە. ئیبراهیم، کە لە بەعشیقەوە هاتووەتە یۆنان، دەربارەی بەجێهێشتنی وڵات دەڵێت: "ئێمە وەکو نابینایەک لە مردن رامانکرد، بەبێئەوەی یەک شت لەگەڵ خۆمان بهێنین. نەماندەویست بێینە ئەورووپا و وڵاتی خۆمان بەجێبهێڵین، بەڵام دەنگۆی ئەوە هەیە کە چەند ساڵێک نائارامی ئەو ناوچەیە کۆتایی نەیەت".

لەبەر مامەڵەی خراپی پۆلیسی یۆنان، ئیبراهیم و هاوڕێکانی ناتوانن بەئازادی لە کۆڵانەکانی ئەسینا بگەڕێن. وەک رۆژنامەکە باسیکردووە تاوەکو ئێستا بەلایەنی کەمەوە 12 کوردی ئێزدی لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون و رەوانەی سەنتەری چاودێریی پەنابەران کراون.

ڕووداو
هونەری
ژمارە (326) دووشەممە 2014/9/15

## بروسک زەنگەنە ریکۆردی کۆنسێرت دەشکێنێ

**ڕووداو- هەولێر**

ژەنیاری بەتوانای کورد بروسک زەنگەنە موزیکی کوردی لە 100 شاری ئەمریکای لاتین نمایش دەکات.

بروسک زەنگەنە بە (ڕووداو)ی گوت "لەسەر داوای چەند دەزگایەکی مەزنی کۆلۆمبی، چەند کۆنسێرتێکمان سازکرد و گۆرانی و موزیکی کوردیم پێشکەش کرد کە بووە مایەی خۆشحاڵیی ئامادەبووان". زەنگەنە گوتیشی "من لە ماوەی تەنیا هەشت مانگ زیاتر لە 60 کۆنسێرتم پێشکەش کردووە و بەرنامەشم هەیە تا کۆتایی ساڵ بیکەمە 100 کۆنسێرت". زەنگەنە رایگەیاند کە خەریکی ئەوەن گۆرانی نەورۆزی حەسەن زیرەک و ئەی ڕەقیب بەشێوازێکی نوێ دابڕێژنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا گۆرانییەکی زازاکی کە لەسەر جینۆسایدی دێرسیمە دووبارە بکاتەوە". بروسک زەنگەنە یەکێکە لە باشترین کەمانچەژەنەکانی ئەورووپا. لە چەندین زانکۆی بەناوبانگ وانەی موزیک دەڵێتەوە.



# ئیلیز: پێم خۆشە لە خۆم بچم نەک لە نانسی



ئیلیز چەند ساڵێکە هاتووەتە ناو دنیای گۆرانیگوتن، بەڵام کلیپی ئەمجارەی بەتایبەتی لە کوردستان دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، چونکە تێکستەکەی تێکەڵەیەک بوو لە کوردی و عەرەبی. ئیلیز کە بە زەحمەت دەتوانی لە روخساردا لە هونەرمەندی لوبنانی نانسی عەجرەمی جیابکەیتەوە، سەرکەوتنی ئەم کارەی کە بەناوی (یەک دوو) بوو، بەپلەی یەکەم بۆ ئاوازدانەری کورد هەڵکەوت زاهیر دەگەڕێنێتەوە کە هەر ئەویش پێشنیازی بۆ کردبوو تێکستی گۆرانییەکەی تێکەڵەیەک بێت لە کوردی و عەرەبی. ئەو هونەرمەندە شۆخە لوبنانییە لە یەکەم قسەکردنیدا بۆ میدیای کوردی، هیوا دەخوازێ لە نزیکترین کاتدا کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

**ڕێکەوت سەلام**

**ڕووداو - هەولێر**



**ڕووداو: هەر لە سەرەتاوە ورووژێنەر دەرکەوتی؟ دەتەوێ لەم ڕێگایەوە هەوادار بۆخۆت کۆبکەیتەوە؟**

**ئیلیز:** لە لوبنان ئەم جلوبەرگانە ئاساییین، ئێمە لە ژیانی رۆژانەشدا لەبەری دەکەین و ستایلی جلوبەرگ پەیوەستە بە رای خۆم و دەرهێنەر و ستایلیستی کلیپ.

**ڕووداو: دەڵێن هەڵکەوت زاهیر پێی خۆش نەبووە جلوبەرگەکەت بەو رادەیە رووت بێت؟**

**ئیلیز:** راستە، هەرچەندە هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر حەزی دەکرد ستایلی جلوبەرگەکە زیاتر پۆشتە بێت، بەڵام وەک ئاماژەم پێدا ئەو شێوازە لێرە ئاساییە و هیچ مەبەستێکم لەوە نەبوو.

**ڕووداو: پێتوایە جوانیەکەت فاکتەرێکی گرنگ بێت بۆ نێوبانگ پەیداکردنت لە بواری کاری هونەری، چونکە تۆ زۆر لە نانسی دەچیت؟**

**ئیلیز:** سوپاس بۆ خوای گەورە بۆ ئەو روخسارەی بە منی داوە، لەڕاستیدا ئەمڕۆ روخسار رۆڵی گرنگی هەیە، بەڵام من ئیلیزم و پێمخۆشە لە خۆم بچم، ئەگەر لێکچوونێکیش هەبێ لەنێوان من و هونەرمەند ناسی عەجرەم ئەوە بەدەستی من نییە.

**ڕووداو: نانسی وای لێکردی ببیتە گۆرانیبێژ؟**

**ئیلیز:** نەخێر ئەوە خولیای خۆم بوو هەر لە منداڵیمەوە.

**ڕووداو: بۆچی بە کوردی گۆرانیت گوت؟**

**ئیلیز:** کە داوام لە مۆسیقار هەڵکەوت زاهیر کرد بۆ کارکردن، ئەو پێشنیازی کرد کە چەند بەشێکی بە کوردی بگوترێ، منیش پێشنیازەکەم زۆر پێ خۆش بوو، بۆیە بڕیارم دا بەشێک لە گۆرانییەکە بە کوردی بێت بۆ ئەوەی کارەکە دەوڵەمەندتر بێت و بەکارهێنانی دوو زمان بۆ منیش جێی خۆشحاڵییە، بۆئەوەی جەماوەری کوردستانیش بمناسن. دواتریش هەردوو کلیپی هونەرمەندانی ناوداری عەرەب (سەمیرە سەعید و میادە حەنناوی) کە گۆرانییان لەسەر کوردستان گوت و بەکارهێنانی وشەی کوردی لەلایەن سەمیرە سەعید، دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو لە وڵاتە عەرەبییەکان، ئەمە دەرگایەکی باش بوو بۆ ئێمەش.

**ڕووداو: بەڵام بۆچی زمانی کوردیت هەڵبژارد، هیچ نهێنییەک لەوەدا هەیە؟**

**ئیلیز:** هەموو کارێک سەرەتای هەیە، پێم خۆشە بە هەر زمانێکی دیکەش بێت کاری هونەریم فراوانتر بکەم، سەبارەت بە نهێنی بەڵێ بێگومان نهێنی تێدایە، نهێنییەکەش سەرکەوتنە، چونکە کورد خاوەنی بینەر و بیسەرێکی زۆرن و لە هەمانکاتیش هونەرێکی دەوڵەمەندی هەیە، ئەوەش وا لە هونەرمەندانی دونیا دەکات کە گۆرانی بەو زمانە بڵێن.

**ڕووداو: پێتوانییە کە پەلەت کرد لە گوتنی گۆرانی بە زمانی کوردی؟**

**ئیلیز:** نەخێر، چونکە دڵنیام سەرکەوتن چاوەڕێمە و سەردەکەوم لە کارەکانم، وەک ئاماژەم پێدا هونەری کوردی دەوڵەمەندە و پێویستی بەو ستایلانەش هەیە.

**ڕووداو: بۆچی دەتەوێ لە کوردستان بناسرێی؟**

**ئیلیز:** بێگومان بە خۆشحاڵییەوە شانازی پێوە دەکەم، چونکە میللەتی کورد بە میللەتێکی میواندۆست و بەڕێزناسراوەو هەر لە یەکەم هەنگاوی کارکردنمدا ئەم هەڵوێستەم بە دی کرد، ئەویش بە پێشوازیکردنی هەڵکەوت زاهیری مۆسیقار، جگە لەوەش گرنگیدان بە کارەکەم لەلایەن میدیاکانی کوردستان کە زۆر گرنگیی بە هونەرمەند دەدەن، ئەوەش وای لێکردم زیاتر سووربم و لە کارەکانی دواتریش تێکستی کوردی بەکاربێنم.

**ڕووداو: چۆن بوو هەڵکەوت زاهیرت هەڵبژارد بۆ ئەو کارە؟**

**ڕووداو:** هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر ئەمڕۆ یەکێکە لە ناودارترین دانەرانی میلۆدی و لەسەر ئاستی وڵاتە عەرەبییەکان ناوبانگێکی زۆر باشی هەیە.

هەمیشە وا ناسراوە کە کارەکانی جیاوازن لە ئاوازدانەرەکانی دیکە، دواتر کارە زۆر دیارەکانی کوردستان ئەو هونەرمەندە کردوونی، کاتێک دێیتە کوردستان لەهەر کەسێک دەپرسی و باس موزیک دەکەیت، ناوی ئەوت پێدەڵێن، ئەمڕۆ براندێکە لە هونەری موزیکدا، دواتر لەگەڵ ناودارترین هونەرمەندانی عەرەب وەک سەمیرە سەعید و میادە حەنناوی و نەسرین حمێدان و عەلی حەجار و چەندانی دیکە کاری کردووەو ئەرشیفی دیارە، ماوەیەکی زۆر بوو لە هەوڵی ئەوەدا بووم کە بتوانم کاری لەگەڵ بکەم، خۆشبەختانە کارەکەم سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و ئێستا خەریکی کاری دووەمم لەگەڵ ئەو هونەرمەندە.

**ڕووداو: تۆ کە سەردانی هەولێرت کرد چ شتێکی سەرنجڕاکێشت بینی؟**

**ئیلیز:** کوردستان بەگشتی زۆر جوانە و خۆشە، هەولێر شارێکی ئارام و خەڵکێکی میواندۆستی هەیە، هیوادارم لە نزیکترین کاتدا کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و میللەتی کورد بە هەموو مافەکانی خۆیان بگەن، چونکە ئێوە شایانی ژیانێکی باشترن.

**ڕووداو: چاوەڕێی ئەوەت دەکرد کە پێشوازییەکی گەرم لەو کارەت بکرێت لە کاتێکدا کە ئێستا کوردستان لە جەنگدایە؟**

**ئیلیز:** پێشبینیم دەکرد، موزیکێکی جوان کە هەڵکەوت زاهیر دایانابێت و کلیپێکی جوان کە دەرهێنەری بەتوانا فادی حەداد کاری بۆ کردبێت و تێکستێکی نایابی هەبێت بێگومان سەرکەوتوو دەبێت.

هیوادارم لە نزیکترین کاتدا کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ

لێکچوونی من و نانسی عەجرەم بەدەستی من نییە

ئێستا خەریکی کاری دووەمم لەگەڵ هەڵکەوت زاهیر

## ژنە دەرهێنەرێکی کورد لە تاراوگەوە:

# دەبووایە لەژێر چاودێری کاربکەین



**ڕۆکا شدۆ**

**ڕووداو- دوسلدۆرف**

ئەمیش وەک گەلێک هونەرمەندی دیکە، پاش ئەوەی لەساڵی 2011دا توندوتیژی و شەڕ و پێکدادان دەگاتە لووتکە لە سووریا، سەری خۆی هەڵدەگرێ و لە کەنەدا دەگیرسێتەوە.

ئەڤین بەرازی، یەکێکە لەو ژنە دەرهێنەرە کوردانەی کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. ئەو کە ئێستا لە کەنەدا دەستی بە کاری سینەمایی کردووەتەوە، لەڕێی ئیمەیلەوە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد.

دەرهێنەر ئەڤین بەرازی لە شاری کۆبانێ لە رۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە، دوای ئەوەی دەچێتە شاری حەلەب بۆئەوەی ئابووری بخوێنێ، لەوێ خولیای کاری سینەما دەبێت و ئەم حەزەی رایدەکێشێت بەرەو بەیروتی پایتەختی لوبنان. ساڵی 2006 لە زانکۆی بەیروت بەشی دەرهێنانی سینەمایی تەواو دەکات. لەوکاتەوە گەلێک کورتە فیلم و فیلمی دۆکیۆمێنتاری دروست کردووە کە بەناوبانگترینیان فیلمێک بوو بەناوی (موقف خا×).

ئەڤین هەموو فیلمەکانی خۆی بەزمانی عەرەبی بەرهەمهێناوە. ئەوەش وەک خۆی دەڵێت، بۆ ئەوە بووە کە بتوانێت خۆی پێشبخات، لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاریی زۆربەی دەرهێنەرە بەناوبانگەکانی سووریای کردووە، دواجار بەهۆی لێهاتوویی و بەتوانایی لە فێستیڤاڵی فیلم لە سلێمانی خەڵاتی ڕێزلێنانی وەرگرتووە.

لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا کارکردنی ژنێک وەک دەرهێنەر ئاسان نییە، ئەڤینیش باس لەو ئاستەنگانە دەکات کە لە سەرەتای کارکردنیدا هاتوونەتە پێشی، بەڵام دەشڵێت "خێزانەکەم زۆر هاوکاریی منیان کرد، کارئاسانییان بۆ کردم کە لەسەر ڕێگای خۆم بەردەوام بم، بەڵام لە سووریا ئاستەنگ بۆ هونەرمەندانی کورد دروست دەکرا، هەموو کارێک لەژێر چاودێریی بوو، نەماندەتوانی بەئازادی کار بکەین".

ئەڤین دەڵێت "لە سووریا گەلێک هونەرمەند و نووسەری باش و بەناوبانگ هەن، بەڵام مخابن هەلی کاریان بۆ نارەخسێ و لێناگەڕێن بە ئازادی کار بکەن و بەرهەمی جوان پێشکەش بکەن".

ئەو دەڵێت یەکێک لەو کێشانەی بەردەوام بەرۆکی دەرهێنەرە کوردەکانی رۆژئاوای کوردستانی گرتووە، ئەوەیە کە ناوەندێک نییە لەڕووی داراییەوە هاوکارییان بکات، بۆیە هیوا دەخوازێ ناوەندێک یان دەزگایەک دروست بکرێت تاوەکو ئەوانیش لەڕێی فیلمی سینەماییەوە دەنگی کورد بگەیەننە جیهان.
















### لە هەڵمەتی پێشکەشکردنی کۆمەکی مرۆیی بەئاوارەکان

# کۆرەک تیلیکۆم دەستیکرد بەهەڵمەتی کۆکردنەوەی کۆمەک لەڕێگەی کورتەنامەی مۆبایل بۆ ئاوارەکان

**هەولێر 11 ئەیلول** 2014

کۆمپانیـــای کۆرەک تیلیکۆم بەردەوامـــە لە یارمەتی دانی ئاوارەکانی ناوچە جیاجیاکانی کە لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەی ئەم دوایە بە سەر عێراق دا هاتووە.

هەر لە درێژەی کارە مرۆڤدۆستانەکانی دا کۆرەک تیلیکۆم بەردەوام کاری کردووە بۆ پاڵپشتی کردن و سپۆنسۆرکردنی چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەرانسەری عێراقدا ئەوەش لە ڕێگەی دابینکردنی تەکنەلۆجیای هێلی مۆبایل کە لەیەک کاتدا یارمەتی دەزگا خێرخوازەکان و بەکارهێنەرانـــی داوە. کـــۆرەک لەم دواییەدا دەســـتیکرد بەهەڵمەتی کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ ئاوارەکان لەڕێگەی ناردنی کورتەنامەی بەتال بـــۆ کۆدی (2999) کـــە هەر بەکارهێنەرێک بەبڕی (1،200) دینار بۆ هـــەر کورتەنامەیەک دەتوانن بەشـــداربن. بەشـــی یەکەمی داهاتی ئەم کورتە نامانە رادەستی هەریەک لە دەزگای خێرخوازی بارزانی و مانگی ســـووری عێراقی کرا لە رۆژی چوارشـــەممە رێکەوتـــی 10 ی ئەیلولی 2014 و هەریەک لەم دەزگایانە راســـتەوخۆ هەڵدەســـتن بە بەخشینی ئەم هاوکاریە بە ئاوارەکان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و عێراق.

لە مەراســـیمی بەخشـــینی کۆمەکی کورتەنامەکان بەو دوو دەزگایە، کۆمپانیای کۆرەک سوپاســـی هەموو بەشـــداربووانی کرد کە لە ڕێگەی کورتەنامەی مۆبایلەکانیان کۆمەکیان ناردوەە بۆ ئاوارەکان، داواشی لە بەشداربووانی تری کۆرەک کرد کە ئەوانیش بەشداربن لە ناردنی کۆمەک لە ڕێگەی کورتەنامە. هەروەها سوپاس و ستایشی کارمەندانی کۆرەکی کـــرد کە بەشـــداربوونە بەکۆکردنەوەی کۆمەک لـــە مووچەی مانگانەی خۆیان. دواتر هەریەک لە دەزگای خێرخوازی بارزانی و مانگی سووری عێراقی ستایشـــی کۆمپانیای کۆرەکیان کرد بـــۆ ئەم هەوڵە تازەی بۆ رووبەروبوونەوەی ئەم کارەساتە مرۆییە ئەم دواییە.

هەڵمەتەکانـــی پێشکەشـــکردنی هـــاوکاری مرویـــی لەلایـــەن کۆرەک تیلیکۆمـــەوە لـــە 2014/8/11 بە دواوە بەردەوامبووە تاکو ئێســـتا و بەسەدان تەن لە کەلوپەلی پێویست و خۆراک و خیمە بە سەر ئاوارەکان دابەش کراوە، لە هەڵمەتەکاندا بۆ گەیشتنی راستەوخوی هاوکارییەکان بەدەســـتی ئاوارەکانی ناوچەکانی شەنگال، مەخمور، کەرکوک، موسل و تەلەعفـــەر و ناوچەکانـــی تری کە بارودۆخیـــان نالەبارە هەماهەنگی کـــراوە لەگـــەڵ بەرێوەبەرانی قەزا و ناحیەکان و نوێنەرانی کلێســـاکان و دامـــودەزگای ئاینی و رێکخراوە نێودەوڵەتییـــەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

کارمەندانی کۆرەک تیلیکۆم خوازیاری ئەوەن کە ئەم هاوکاریانە بگات بەدەستی ئاوارەکان کە زۆربەیان لە منداڵ و ئافرەت و بەساڵاچوو پێک دیـــن لە سەرانســـەری عێراق، ئەمەش لە باوەڕی کۆرەک ســـەرچاوەی گرتـــووە کە دەبێ بە ئەرکی سەرشـــانی هەســـتێت لەپاڵپشـــتیکردنی خوشک و براکانی بەتایبەتی لە بارودۆخێکی ناهەمواری وەکو ئێستا و هەوڵدەدات ناخۆشییەکانیان کەم بکاتەوە.

ڕووداو
ژنان
ژمارە (326) دووشەممە 2014/9/15

## ملوانکە دزەکە گیرا



**ڕووداو-هەولێر**
گەنجێگــی خەڵکــی خانەقیــن، کە بۆ کارکردن ڕووی لە هەولێر کردووە چەندیــن ملوانکەی کچان و منداڵانی دزیوە، ئەو گەنجە لە دانپێنانی پۆلیسدا دەڵێت "چوار ساڵە لە هەولێرم، خێزانم لە خانەقینە، لیرەه مانگانە بە 800 دۆلار کار دەکەم، لە گەڕەکی بەختیاری هەولێر منداڵێکم بینی ملوانکەی لە ملی بوو لێم ڕفاند، بۆ ڕۆژی پاشتریش هەر ملوانکەی دیکەم بردووە، بە 330 هەزار دینارم فرۆشت، ئێستا پەشیمانم، پێشتر دزیم نەکردووە".

# وردەکاری کوشتنی منداڵێکی چوار ساڵ بەدەستی زڕدایکی

## ژنەکە: نەمدەویست محەممەد بکوژم

## باپیری محەممەد: ئەگەر کوڕەکەشم دەستی تێدایە دەبێ لەسێدارە بدرێت









**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو-هەولێر**

پارێزەرێک دەڵێت ئەو زڕدایکەی بە جامێک زڕمنداڵەکەی کوشت، "حوکمەکەی زیاتر بۆ ئەوە دەچێت سزای زیندانی هەتاهەتایی بێت، چونکە کوشتنی بەئەنقەست بووە". باپیری منداڵەکەش دەڵێت: "ئەوە تاوانێکی گەورەیە و ناکرێ لێـی خۆش بیـن. هەروەها ئەگەر کوڕی خۆشـم دەسـتی تێدابێت داوا دەکەم لەسێدارە بدرێت".

لـە کۆمەڵگەی شـاوێس، کـە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر، ڕۆژی 2014/9/8، منداڵێکی 4 ساڵان بەناوی محەممەد ڕەمەزان لەلایەن زڕدایکیەوە کـوژرا. دواتر زڕدایکەکە و باوکی منداڵەکە دەستگیرکران. بەپێی ئەو زانیارییانەی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر بڵاویکردووەتـەوە، کەسـوکاری منداڵەکـە دەیانویسـت منداڵەکە بنێژن، بەڵام لەلایەن خەڵکـەوە پۆلیـس ئاگادارکراوەتـەوە کـە ئـەو منداڵە کـوژراوە. بۆیـە پۆلیس تەرمی منداڵەکـەی بردووەتە پزیشـکی دادوەری لە هەولێـر. لەوێ بۆیان دەرکەوتووە کە منداڵە بە لێدان گیانی لەدەستداوە.

محەممەد خوشـکێکی دیکەی 2 سـاڵانی هەیـە بـە نـاوی ڕەیان و ئێسـتا لـە ماڵی خوشکێکی باوکی دەژێت. مام عەزیز، باپیری محەممـەد، بـە (ڕووداو)ی گـوت: "دایک و باوکـی محەممەد لەیەکـدی جیابوونەتەوە و دایکی لە ژیاندا ماوە. باوکی محەممەدیش 4 مانگە ئەو ژنەی هێناوە".

زڕدایکی محەممەد، تەمەنی 20 ساڵە، لە دانپێنانی پۆلیسـدا دەڵێـت: "محەممەد زۆر هاروهاج بوو. نەدەوەسـتا. بەردەوام دەگریا. چـاوی بە یەکێـک کەوتبایە ڕانەدەوەسـتا. دەمگـوت بـۆ وا دەکەیـت؟ کـە میوانەکـە دەڕۆیشـت، هیـچ کێشـەیەکی نەدەما. کە چاوی بە باوکی دەکەوت لەگەڵ خوشکەکەی دەگریـان و خۆیـان لە پەنایـەک دەنا. لەو ماوەیـەدا دوو جار لێمـداوە. جارێک لێمدا، چونکە جوێنـی دا، جارێکی دیکەش لێمدا، چونکە ڕۆیشت".

ئـەو ژنـە درێژە بـە قسـەکانی دەدات و دەڵێت: "ئێوارە بوو. دەمشوشت. دەمگوت: وەرە سەرت بشـۆم. دەگریا و ڕانەدەوەستا. منیش بە جامێکی باغە سێ جار لە سەرمدا. سەریم شووشـت. هیچ کێشـەیەکی نەبوو. دواتر گەشـگەی گرت. لە سـەر و سنگیمدا بەڵکـو وەخـۆی بێتـەوە. بـەڵام وەخـۆی نەهاتـەوە. تەلەفۆنم بۆ باوکی کرد. هاتەوە، پێکەوە بردمانە نەخۆشـخانە. لەوێ وەخۆی هاتەوە و ڕشایەوە. دوایی بوورایەوە و گیانی دەرچـوو، بەڵام بە مێردەکەم نەگوت بە جام لە گەرماو لێمداوە. چونکە لێمنەدا بۆئەوەی بیکوژم".

ئـەو ژنە چەند گازێکی لـە ڕەیان-ی دوو سـاڵیش گرتـووە: "دەمگـوت ڕەیـان وەرە بتشۆم. دەگریا. بۆیە منیش توڕە دەبووم و لێمدەدا و گازم لێگرت. ئەوان زۆر خراپ بوون و نەدەحەوانەوە".

مام عەزیز باپیری محەممەد، تاوەکو ئێستا سـکاڵای تۆمار نەکردووە. ئەو دوای پرسەی کوڕەزاکەی گوتی: "ئەوە تاوانێکی گەورەیە، لەدەسـت دەرچـوون نەبووە و بەئەنقەسـت بووە. بۆیە لەبەر پرسەکە دەرفەتمان نەبووە سکاڵا تۆمار بکەین. بەڵام لەو تاوانە تەنازول ناکەین و خۆش نابین. چونکە تاوانێکی سادە نەبووە کە هەروا کۆتایی پێبێت. ئەو ژنە کچە بچکۆلەکەشـی بەقوربانی کوشتن کردووە!"

مام عەزیز دەڵێ زۆر ئاگاداری ژیانی کوڕەکەی نەبـووە. چونکە ئەوان لە شـاوەیس ژیاون. ماڵی مام عەزیزیش لـە هەولێرە: "کوڕەکەم شۆفێری تەکسـی بوو. لەکاتی ڕووداوەکەدا لە ماڵ نەبووە. ئێسـتا ئەویـش لە زیندانە. ئەگەر ئەویش دەسـتی لەو تاوانەدا هەبێت، لێی خـۆش نابین. حەزدەکـەم ئەوکات ئەو لەسێدارە بدرێت و ژنەکە ئازاد بکرێت. چونکە ئەو باوکی منداڵەکەیە و ژنەکە زڕدایکە، لەلای ئێمە تاوانبار هیچ جاوازییەکی نییە کوڕی من بێت یان کەسـێکی بێگانە. بەڵام ئەوەندەی تاوەکو ئێستا ئاگادارم، کوڕەکەم بێ تاوانە".

مـام عەزیز باسـی دایکـی محەممەدیش دەکات و دەڵێت: "دایکی محەممەد لە ژیاندا مـاوە، ئەویش مافی خۆیەتی سـکاڵا تۆمار بکات، بـەڵام نامانەوێت بیبینین، با بۆخۆی بڕوات داوای مافی منداڵەکانی بکات".

کەیفی مەغدید، پارێزەرە و لە بواری مافی منداڵانـدا کاردەکات. ئەو دەڵێت بەپێی ئەو زانیارییانـەی بڵاوبوونەتەوە لەسـەر تاوانی کوشـتنی محەممەد، تۆمەتباران بە ماددەی 406 لە یاسـای سـزادانی عێراقـی دادگایی دەکرێـن: "ڕووداوەکـە لـە دوو حاڵەتـدا بە کوشتنی بەئەنقەست دادەنرێت. یەکەم ئەگەر شـتێکی بەکارهێنابێت بۆ کوشـتن، دووەم ئەگەر مەبەسـتی کوشتن بێت، حوکمی ئەو کەسـەش لەسێدارەدانە، بەڵام چونکە سزای لەسـێدارەدانیان ڕاگرتووە، بۆیە ئەو سـزایە نادرێت". ئەو پارێزەرە باسـی ئەوەشـیکرد کـە "حوکمـی زڕدایکی محەممـەد زیاتر بۆ ئـەوە دەچێت کە زیندانی هەتاهەتایی بێت. بەو مەرجەی کەسـوکاری منداڵەکە سـکاڵا تۆماربکەن، ئەگەر داواکاری مافی تاکەکەسی نەبێت، ئەوە سـزاکە زۆر کەم دەکات. ڕەنگە (5 تاوەکو 15) ساڵ بە زیندان حوکم بدرێت، لەگەڵ ئەوەشـدا ڕابردووی تۆمەتبار بایەخی پێدەدرێـت، ئەگەر تاوانی دیکـەی هەبێت، سزاکەی قورستر دەبێت".

دوای ئـەو ڕووداوە، باوکـی منداڵەکـەش لەلایـەن پۆلیسـەوە دەسـتگیرکرا. یەکێک لـەو تۆمەتانـەی باوکەکەی لەسـەر گیراوە ئەوەیە کە لەسەرتاوە خۆی بێدەنگ کردووە لـە ڕووداوەکـە. کەیفی لەوبارەیـەوە گوتی: "ئەگەر تاوانەکەی بەئەنقەست شاردبێتەوە، ئەوە تاوانـە، بەڵام نیازپاکی بڕیـاری دادگا دەگۆڕێـت. بۆنموونە ویسـتبێتی کێشـەی کۆمەڵایەتیی لێ نەکەوێتەوە".

سـەیران سـەلاح، بەرپرسـی ڕێکخراوی ئەسـتێرەی منـداڵان دەربارەی ئەو کەیسـە بـە (ڕووداو)ی گـوت: "ئێمـە بەرگـری لە مافـی ئـەو منداڵە و خوشـکە بچووکەکەی دەکەین. پارێزەری خۆبەخشیان بۆ دەگرین. لـەو تاوانـە بێدەنگ نابین. چونکە ڕەوشـی منداڵە بچووکەکەش باش نییە. دیارە لەمێژە لێیاندەدات. ژنەکە ڕەفتاری زۆر خراپ بووە. ئەوە پاساو نییە کە دەڵێت منداڵێکی لاسار بووە. چونکە منداڵ هەر بەوشێوەیەیە. دەبوو وەکو دایک بووایە لەگەڵیان".

# دوو کچە قوتابی لە کفری و دەربەندیخان خۆیان دەکوژن



**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- گەرمیان**

دوای وەرگرتنەوەی نمرەی خولی دووەمی تاقیکردنـەوەی قوتابخانە، دوو کچە قوتابی کۆتایـی بـە ژیانی خۆیان دێنـن. یەکێک لە کچـەکان لە کفری بە گوللە خۆی کوشـت و ئەوەی دیکە لـە دەربەندیخان خۆی فڕێدایە نێو ڕووباری سیروانەوە، گەنجێکیش کە لەو کاتـەدا هەوڵیـداوە ڕزگاری بـکات، ئەویش دەخنکێت.

ئـەو دوو ڕووداوە لـە یـەک ڕۆژدا لـە 2014/9/13 لـە دوو ناوچـەی گەرمیـان ڕوویاندا.

ئـەو کچەی لـە دەربەندیخان لە ڕووباری سـیرواندا خۆی خنکانـد، ناوی (ل.ف.م) و تەمەنی 18 سـاڵ بـوو، قوربانیەکە لە پۆلی 10ی بنەڕەتـی بـوو، کوڕێکیـش کـە ناوی (ا.م.ع) و تەمەنـی 24 سـاڵ بوو، لە کاتی هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی ئەو کچە خنکا.

هەر هەمان ڕۆژ لە شاری کفری کچێک بە ناوی شـاجوان جمور ڕۆستەم، 20 ساڵ، کە لـە پۆلی 11ی ئامادەیـی بوو، بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

لەگـەڵ ڕاگەیاندنـی ئەنجامەکانـی خولی دووەمـی تاقیکردنـەوەی قوتابخانـەکان، نـاوە نـاوە هەواڵـی خۆکوشـتنی قوتابیان بڵاودەبێتـەوە، چونکـە لـە دوا دەرفەتـدا سـەرکەوتوو نەبـوون و بـۆ سـاڵێکی دیکە دەمێننـەوە، توێژەرانـی کۆمەڵایەتـی ئەوە بەبڕیارێکـی هەڵە وەسـف دەکـەن و دەڵێن "کەوتن مرۆڤ بەهێز دەکات و دەبێت قوتابی لە هەوڵدان بەردەوام بێت".

ڕووداوی یەکـەم کـە لـە شـارۆچکەی دەربەندیخـان بـوو، کاتێک ڕوویـدا کە کچە قوتابییەکی قوتابخانـەی دواناوەندی ئازادیی تێکەڵاو، لە پۆلی 10ی ئامادەیی، نمرەکانی خولـی دووەم وەردەگرێتـەوە، کاتێـک دەبینـێ کەوتووە، دەچێتە سـەر ڕووبارەکە و کۆتایـی بە ژیانی خۆی دێنێت. پۆلیسـی دەربەندیخـان بڵاویکردەوە کـە (ل) ماوەی سـێ سـاڵ لەسـەریەک دەرنەچـووە، دوای وەرگرتنەوەی ئەنجامـی تاقیکردنەوەکان لە خولـی دووەم کـە دەرنەچووە، لـە ماڵەوە هەڕەشەیان لێکردووە، ئەویش خۆی دەخاتە زێی سیروانەوە".

لەوکاتەی کە ئەو کچە ویستوویەتی خۆی بخنکێنـێ، گەنجێـک بە نـاوی (ا.م.ع) کە ئەویـش قوتابی قۆناغی 11ی ئامادەیی بوو، ماڵیـان لەو شـوێنە نزیک بـووەو کچەکەی بینیـوە، ئـەو گەنجە چـووە ڕزگاری بکات، بـەڵام نەیزانیـوە مەلـە بـکات و خۆیشـی خنکاوە، پاشـان تەرمەکانیان دەرهێنرانەوە و ڕەوانەی پزیشـکی دادی سـلێمانی کران، بەگوتـەی پۆلیسـی دەربەندیخـان کـەس سکاڵای نەبووە و کەسیش نەگیراوە.

شـاجوانیش قوتابی پۆلی 11ی ئامادەیی بـوو لـە کفـری، لەبـارەی خۆکوشـتنەکەی موقـەدەم لەمیعـە محەممـەد، بەڕێوەبـەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە گەرمیان ڕایگەیاند کە دوای وەرگرتنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم، ئەو کچە لە دوو وانە کەوتووەو دەرنەچووە "پاش گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە بە چەکی کلاشینکۆف گوللەیەکـی لـە چەناگـەی خـۆی داوە، بە نـاو سـەریدا تێپەڕیـوە و یەکسـەر گیانـی لەدەسـتداوە، پاشـان تەرمەکـەی ڕەوانەی پزیشکی دادوەریی سلێمانی کرا".

سـامان محەممەد، توێژەری کۆمەڵایەتی، هۆشـداری دەدات لەوەی کە ئەو قوتابیانەی لـە تاقیکردنـەوە دەرناچـن دەکەونـە ژێـر گوشـارێکی زۆری کەسـوکاریانەوە، بـە تایبەتـی کچـەکان "دایک و باوکیـان دەڵێن ئەگەر بکەوی بە شووت دەدەین، کچ دەناسم لـە ماڵـەوە پێیانگوتووە بکەوی بە شـووت دەدەیـن و دەبێت واز لـە قوتابخانە بهێنی، زۆربەی ئەوانەشـی خۆیان کوشـتووە کچن، کوڕەکانیـش زیاتـر لەبـەر هەژارییـە، بەڵام کێشـەکە لەبـەر سیسـتەمی پەروەردەیە کە خزمەتی قوتابی ناکات".

ئـەو توێژەرە خۆکوشـتن بـە گەورەترین هەڵـە دادەنێـت و دەڵێـت "دەبێـت قوتابی هەرگیـز لـە هەوڵـدان ڕانەوەسـتێ، ڕەنگە ئـەو کەوتنە سـەرەتای هەڵسـانەوە بێت و توانایەکـی دیکەی پێبدات، مامۆسـتاکانیش کەمتەرخەمییـان لـەو بابەتانـەدا هەیـە، باسـی ئامانجـی قوتابـی ناکـەن و زۆرجار دەیانشکێننەوە".

مامۆستا مەریوان ڕەمەزان، خۆکوشتن بە هەڵەی قوتابی و مامۆستا دادەنێت و دەڵێت "ئەو کچەی دەربەندیخان دەڵێن سـێ سـاڵ لەسـەر یـەک دەرنەچـووە، ئەوە بەڕاسـتی بێویژدانـی مامۆسـتا و بەڕێوەبەرەکەیەتـی، ئەگەر قوتابی زۆر ئاستیشی نزم بێت، دەبێت هاوکاری بکرێت، باشە مامۆستاکانی ئەو کچە دەیانویسـت یەکجاری قوتابخانەی پێ تەرک بکەن؟ دەکرێت لەبەر تەمبەڵی مافی خوێندن لە کەسـێک بستێنیتەوە؟ ڕاستە دەرنەچوون هـەر هەبـووە، بەڵام ئـەوە بۆ دەرخسـتنی توانای قوتابییە نەک تێکشکاندن".

ڕووداو
ژمارە (326) دووشەممە 2014/9/15

## تەرمی گەنجێک لە دهۆک دەدۆزرێتەوە



**ڕووداو-دهۆک**

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی پارێزگای دهۆک ڕایگەیاند، تەرمی گەنجەکە لەناو ڕەزی گوندێکدا لە نزیک شاری دهۆک دۆزراوەتەوە "گەنجە کوژراوەکە تەمەنی 23 ساڵ بووە و خاوەنی ئوتۆمبێلێکی جۆری تەکسییە، 3 فیشەکی پێوەنراوە. پۆلیس لەماوەی 24 کاتژمێر بەسەر کوشتنی ئەو گەنجەدا توانی بکوژەکە دەستگیربکات، گەنجەکە لەلایەن کەسێکەوە کوژراوە و بکوژەکە دەستبەسەرکراوە، لێکۆڵینەوە بەردەوامە لە ڕووداوەکە".

# لە 6 مانگدا 35 کەس لە سلێمانی خۆیان کوشتووە

## یەکێتی پیاوان: پیاومان لە ژێر پەتی خۆخنکاندن هێناوەتە خوارەوە



**ڕۆژان ئەبوبەکر**
**ڕووداو- سلێمانی**

چیرۆکی جیاواز لە فایلەکانی بەردەستی پۆلیسی سلێمانیدان کە سەرجەمیان سەربوردەی توندوتیژی دەگێڕنەوە. بەشێک لەو چیرۆکانە بەخۆکوشتن کۆتاییان هاتووە و ئێستا پۆلیس لێکۆڵینەوەیان تێدا دەکات.

سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی، لەبارەی کەیسەکانی خۆکوشتن کە لەلای ئەوان تۆمارکراون، دەڵێت زیاتر ئەو کەسانە پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن کە لە بارێکی دەروونیی ناجێگیردان و تووشی نەخۆشیی درێژخایەن و کێشەی کۆمەڵایەتی هاتوون "لەنێو ئەوانەی کە خۆیان کوشتووە، کەسانێکیش هەن بازرگان بوون و تووشی زەرەری زۆر هاتوون". گوتیشی، ئەوانەی خۆیان دەکوژن زیاتر بە چەک کۆتایی بە ژیانیان دێنن، بەتایبەتی پیاوان "بەڵام ژنان زیاتر پەنا دەبەنە بەر خۆسووتاندن یان خواردنی حەب".

لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، مردن بەهۆی خۆکوشتن لە پاش مردن بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە و دڵ لە پلەی دووەم دێت بەگوێرەی ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی.

بەپێی توێژینەوەکان، 30 تاوەکو 75%ی ئەوانەی خۆیان دەکوژن نەخۆشیی دەروونییان هەیە.

سامان سیوەیلی، دەروونناس کە سەنتەرێکی چاکسازیی خێزانی بەڕێوەدەبات، پێیوایە تائێستا لە کوردستان خۆکوشتن نەبووەتە دیاردە و لە سنووری حاڵەتدا ماوەتەوە. ئەو دەڵێت "ڕەگەزی نێر بە ڕێژەی 4 ئەوەندەی ڕەگەزی مێ خۆیان دەکوژن و 3 ئەوەندەی ڕەگەزی مێ هەوڵی خۆکوشتن دەدەن". ئەو دەروونناسە بۆ ڕێگرتن لەوەی کە خۆکوشتن تەشەنە بکات، پێیوایە دەبێ لە خوێندنگاکانەوە هۆشیاریی دەروونی بڵاوبکرێتەوە و خەڵک هەڕەشەکردن بە خۆکوشتن زۆر بە جددی وەربگرن کاتێک لە کەسە نزیکەکانی خۆیانەوە گوێیان لێدەبێ.

میدیا و ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان پڕن لە ژمارە و داتا سەبارەت بە کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان و لەو داتا و ژمارانەوە هەست بە ئازارێکی زۆری ژنان دەکەیت کە هەزاران چیرۆک باس لە قوربانیانی مێینە دەکەن، بەڵام کاتێک ئامارەکانی پۆلیس و یەکێتی پیاوان دەبینی، دەردەکەوێ ڕەگەزی نێرینە زیاتر خۆیان دەکوژن.

خانم ڕەحیم، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ئاسوودە لە سلێمانی کە تایبەتە بە کێشەکانی ژنان، پێیوایە ئەگەر لە ساڵانی ڕابردوودا فشاری ئابووری بیانووی خۆکوشتن بووبێ، ئەوا ئەمڕۆ بارودۆخی ئاڵۆزی سیاسی و کۆمەڵایەتی وا لە مرۆڤەکان دەکات هەوڵی خۆکوشتن بدەن "هێمنکردنەوەی باری دەروونیی کەسەکان بە ڕێکخراوەکان ناکرێت، دەبێت حکومەت و دەسەڵات ئیش لەسەر بیرکردنەوەی تاک بکەن و خۆشگوزەرانی دابین بکەن کە ئەوەش وەک خەونی لێهاتووە".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی، تەنیا لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 35 کەس خۆیان کوشتووە کە زیاتر بەشێوازی خۆخنکاندن بووە. ئەم ژمارەیە لەچاو ساڵی پار زۆر زیاترە کە بە هەر 12 مانگەکە تەنیا 30 کەس خۆیان کوشتبوو. بەڵام بەپێی ئاماری یەکێتی پیاوانی کوردستان، لە 8 مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا 45 پیاو خۆیان کوشتووە.

بەپێی ئامارەکانی پۆلیس، پیاوان زیاتر لە ژنان خۆیان دەکوژن و شێوازی زیاتر بەکاردێنن بۆ خۆکوشتن، لەوانەش خواردنی حەب و خۆخنکاندن و خۆکوشتن بە چەک، بەڵام ژنان زیاتر بە خۆسووتاندن کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن. ئامارەکانی یەکێتی پیاوانی کوردستانیش زیاتر لەمە دەردەخەن.

بورهان عەلی، سکرتێری یەکێتی پیاوانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "پیاومان لە ژێر پەتی خۆخنکاندن هێناوەتە خوارەوە و گەنجمان لە هەوڵی خۆکوشتن ڕزگار کردووە". بەپێی قسەی بورهان، ئەو پیاوانەی پەیوەندی بەم ڕێکخراوەوە دەکەن، کێشەکانیان بۆ چارەسەر دەکرێت.

### بەهۆی ئیفلاسبوون

# چوار بازرگان لە سلێمانی خۆیان دەکوژن

**تەرزە عەبدوڵڵا و ڕۆژان ئەبوبەکر**
**ڕووداو- سلێمانی**

بازرگانێکی دانیشتووی سلێمانی، بەهۆی کێشەی داراییەوە لە چیای گۆیژە و هەر لەنێو ئۆتۆمبێلەکەی خۆیدا فیشەکێک دەنێت بە سەری خۆیەوە و دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە گیان لەدەستدەدات. لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا دەرکەوت کە ئەو بازرگانە لە کارەکەیدا شکستی هێناوە و بەرگەی ئەو زیانە گەورەیەی نەگرتووە کە تووشی هاتووە.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لەنێو دۆسیەکانی خۆکوشتندا، دۆسیەی چوار بازرگانیان لەبەردەستە لەوانەی بەهۆی کێشەی دارایی و مایەپووچبوونەوە خۆیان کوشتووە. هەروەها گوتیشی کە ئەو بازرگانانە دوای ئەوەی تووشی زەرەرێکی زۆر هاتوون و بوون بەژێر قەرزەوە، توانای دانەوەی پارەی خەڵکیان نەماوە.

کەیسەکانی پۆلیس تەنیا ناوی ئەو بازرگانانەی تێدا نییە کە بەهۆی زیانی داراییەوە خۆیان دەکوژن، بەڵکو کەسانێکیشی تێدایە کە کۆمپانیای بازرگانی بەڕێوەدەبەن و بەهۆی گوشاری زۆری دەروونییەوە هەوڵی خۆکوشتنیان داوە.

محەممەد عەلی، 56 ساڵ، کە خەریکی کاری بازرگانییە، دوای ئەوەی 200 هەزار دۆلار پارەی ئەو کەسانە دەکەوێتە لای کە کاریان لەگەڵ کردووە، دەکەوێتە ژێر گوشارێکی زۆر و توانای دانەوەی قەرزەکانی نابێت، بۆیە فیشەکێک دەنێت بەسەری خۆیەوە، بەڵام هەوڵی خۆکوشتنەکەی سەرینەگرت. محەممەد عەلی دەڵێت "نەمتوانی بەرگەی ئەو شکستە بگرم، وامزانی ئەگەر کۆتایی بەژیانم بهێنم ئیتر کێشەکانم لەکۆڵ دەبنەوە". محەممەد لە ئەنجامی هەوڵی خۆکوشتنەکەیدا چاوێکی لەدەستداوە، بۆیە ئێستا دەڵێت "ئینجا دەزانم هەموو سەروەتی دنیا چاوم چاک ناکاتەوە، بۆیە زۆر پەشیمانم لەو کارەی کردم".

بەهۆی ئەو کێشە داراییەی ماوەی چەند مانگێکە ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، بەڵێندەران و بازرگانان بەشێکی زۆر لە کارەکانیان وەستاوە و ئەوانەشی دەستیان بە پرۆژەکانیان کردبوو بە تەواونەکراوی ماونەتەوە، بەڵام بەشێکی زۆری کارسازان و بازرگانان هێشتا ئومێدیان بەوە ماوە کە ئەم دۆخە تێپەڕە و هەموو شتێک ڕێچکەی خۆی دەگرێتەوە.

سامان شێخ مارف، 54 ساڵ، لە ساڵانی هەشتاکانەوە خەریکی کاری بەڵێندەرایەتییە و ئێستا کۆمپانیایەکی تایبەت بە چاککردنی ڕێگاوبانی هەیە. هەرچەندە چەند جارێک تووشی شکستی گەورە بووە لە ماوەی کارکردنیدا، بەڵام دەستبەرداری کارەکەی نابێت و دەڵێت ئەوانەی تووشی شکست دەبن دەبێت خۆڕاگر بن، چونکە خێزانەکانیان لەدوای خۆیان مەینەتی دەچێژن. ئەو دەڵێت "ئەگەر وەکو وڵاتان بانکەکان بتوانن پارە بدەنە بازرگانان ئەوا کەمتر تووشی ئەو کێشانە دەبین".

سامان، یەکێکە لەوانەی لەم دواییەدا لە پرۆژەکانی دروستکردنی باخی میر و کانی ئاشقان لە هەڵەبجەی شەهید کە بە هاوبەشیی سێ کۆمپانیا ئەنجامی دەدەن، بەرەورووی زیانێکی زۆر بووەوە. سامان دەڵێت "هەر کۆمپانیایەکمان لە پرۆژەکەدا 750 ملیۆن دینار زەرەرمان کرد، بەڵام خۆڕاگرم، چونکە ئەوە ئیشە و نابێت تەنیا چاوەڕێی قازانج بکەم".

لە سنووری پارێزگای سلێمانی هەزار و 61 بەڵێندەر هەن، 177 بەڵێندەر لەوانە بیانین، بەڵام تەنیا 75 کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی کار دەکەن و حاڵی حازر زیاتر لە 40%ی پرۆژەکان بەهۆی نەبوونی بودجەوە لەکار کەوتوون.

بەلای زۆر کەسەوە ئەوە دەرئەنجامێکی ئاساییە کە زۆرترینی ئەوانەی بەهۆی کێشەی دارایی خۆیان دەکوژن لە چینە باڵاکان بن، سامان سیوەیلی، دەروونناس، هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە هەژارەکان خۆیان لەگەڵ شێوازی ژیانی خۆیان گونجاندووە، بەڵام سەرمایەدارەکان لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی ئابووری کاتێک تووشی شکست دەبن، باری دەروونییان تێکدەچێت و بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە. بەتایبەتی کە ئەوان لە کێبڕکێدان لەگەڵ سەرمایەدار و کۆمپانیای دیکە.



### لەبەر نەبوونی

# لە ڕانیە گەنجێکی 16 ساڵان خۆی دەسووتێنێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

کوڕێکی تەمەن 16 ساڵ بەناوی محەممەد ئیسماعیل حاجی لەبەردەم ماڵی خۆیان نەوتی بەخۆیدا کرد و ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا. پاش چوار ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە، بەهۆی زۆریی سووتانەکەی گیانی لەدەستدا. کەسوکاری محەممەد هۆکاری خۆسووتاندنەکەی دەگێڕنەوە بۆ خراپیی باری ئابووریی خێزانەکەیان.

لیمۆ ئیسماعیل، بە ڕەشپۆشی لەناو میوانەکانی پرسەی کوڕە گەورەکەی هاتە دەرەوەو قسەی بۆ (ڕووداو) کرد. دایکی ئەو گەنجە گوتی: "بە میوانی لەماڵی کچەکەم بووین، دەوروبەری یەک و نیوی شەو تەلەفۆن بۆ زاواکەم هات گوتیان ماڵی خەسووت سووتاوە و محەممەدیش هەردوو دەستەکانی سووتاون. دەستبەجێ ڕۆیشتین بۆ نەخۆشخانەی ڕانیە کە سەیرم کرد تەنها سەری و بەشێکی سنگی نەسووتابوو. دواتر لە بەشی سووتاویی نەخۆشخانەی سلێمانی دوو شەو لەلای مامەوەو لێم پرسی بۆ وات کرد؟ گوتی دایە گیان لە خۆم بێزار بووم، دەبینم خەڵکی دەوروبەرمان سەیارە و خانوو و زۆر شتی دیکەیان هەیە، بەڵام من تەنانەت پارەی ژنهێنانم نییە، بۆیە لە خۆم بێزار بووم". لیمۆ ئیسماعیل دەڵێت، کوڕەکەی زیاتر لە 10 جار پەشیمانیی لەو کارەی دەربڕی و داوای لێبووردنی لەو و لە خوشکەکانی و برا بچوکەکەی کردووە کە تووشی نیگەرانی و دڵتەنگی کردوون.

لیمۆ کە فرمێسک لە چاوەکانی نەدەبڕان و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو لەبەر پەرۆشیی بۆ کوڕەکەی، گوتی "لەگەڵ ساڵڕۆژی مردنی باوکی تەنها هەفتەیەک نێوانیانە. لەدوای مردنی باوکیان باری ژیانمان زۆر خراپ بوو، زیاتر خەڵک و ماڵی باوکم هاوکاریمان دەکەن، هیچ سەرچاوەیەکی بژێویمان نییە. لەو نەبوونیەدا دووجار چووم بۆ داخوازیی کچێک کە خۆشەویستی لەنێوانیاندا هەبوو، بەڵام کەسوکارەکەی داوای شتی زۆریان دەکرد و نەمانتوانی ئەو پارەیە دابین بکەین".

دایکی محەممەد هەر لە درێژەی گێڕانەوەی ڕووداوەکەدا دەڵێت "کەسێک پێیگوتم محەممەد لە ئیفادەی پۆلیسدا گوتوویەتی لەبەرئەوەی نەمتوانی بە خۆشەویستەکەم بگەم و پارەی ئەوەم نەبوو کە داخوازیی ماڵی باوکی خۆشەویستەکەم جێبەجێ بکەم، بۆیە لە ژیانی خۆم بێزار بووم"، لیمۆ گوتی کە داوایان لەسەر کەس نییە، چونکە دەستی کەسی تێدا نەبووە و کوڕەکەی تەنیا لەبەر نەبوونی خۆی سووتاندووە.

سەرکەوت ئیبراهیم، کوڕێکی باڵابەرزی تەمەن 17 ساڵە و دەڵێت برادەرەکانی ئەو ڕۆژە محەممەدیان زۆر بە ماتی بینیوە، بەڵام هیچ شتێکی باس نەکردبوو. ئەو دەڵێت لەبارەی ئەم ڕووداوە قسەوباس زۆرە، بەڵام ڕاستیی ڕووداوەکە لای کەسوکارەکەیەتی.

هەر لەبارەی خۆسووتاندنی ئەو گەنجە، ڕائیدی پۆلیس مستەفا محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین گوتی "ڕۆژی 2014/9/3 لە گەڕەکی کێوەڕەشی قەزای ڕانیە، کوڕێک لە نزیکی ماڵی خۆیان نەوتی بە خۆیدا کرد و خۆی سووتاند، لە نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە چارەسەری سەرەتایی بۆ کراو لەبەر سەختیی برینەکەی کە 85%ی لەشی سووتابوو، گواسترایەوە بۆ بەشی سووتاوی لە سلێمانی". گوتەبێژەکەی پۆلیسی ڕاپەڕین گوتیشی "لە ئەنجامی بەدواداچوون دەرکەوت کە لەخۆی بێزار بووە و داوا لەسەر کەس تۆمار نەکراوە، بۆیە کەس لەسەر ئەو ڕووداوە دەستگیر نەکرا". ئەفسەرەکەی پۆلیس گوتی لە ماوەی ئەم ساڵەدا ئەوە یەکەم ڕووداوە کە کەسێک لە ڕەگەزی نێر خۆی بسووتێنێ لەو دەڤەرە.

بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لە 20 مانگی ڕابردوودا لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین چوار پیاو بە هۆکاری جیاجیا خۆیان سووتاندووە و مردوون. لە نێویاندا تەنیا یەک کەس لە ناحیەی حاجیاوا باری دەروونیی جێگیر نەبووە.



**ڕائید ژیلەمۆ عەبدولقادر**

# مافی جیابوونەوە بۆ ژن

ئافرەتێک هاتە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان، پسولەیەکی ئاگادارکردنەوەی پێبوو کە داواکرابوو لە دادگای باری کەسی ئامادە بێت. پیاوەکەی سکاڵای لەسەر تۆمار کردبوو، تێیدا داوای (مگاوعە)ی ژنەکەی کردبوو کە ماڵی بەجێهێشتووە، بۆیە کاتێک بۆ ژنەکەمان ڕوونکردەوە کە دەبێت لە ڕۆژی خۆی لە دادگا ئامادەبێت، یەکسەر گوتی: "ناچمەوە ئەو ماڵە، تازە بڕیارم داوە نەگەڕێمەوە، ئەوە چەندینجارە من بدەنەوە بەو پیاوە، تاوەکو ئێستا هەر گوتم عەیبە با باسی هەموو شتێک نەکەم، بەڵام دیارە پیاوەکەم خۆی پێی خۆشە هەموو شتێک باس بکرێت، چونکە پێش ماڵ بەجێهێشتن پێمگوت، هەرچەندە تۆ خەتاباری، بەڵام کێشە نییە وەرە با لەیەکتر جیاببینەوە، من هیچم لە تۆ ناوێت، بەس دەستم لێ بەربدە، بەڵام دیارە مێردەکەم بە خۆشی وازم لێ ناهێنێ".

ئەو ژنە درێژەی بە قسەکانیدا: "8 ساڵە مێردم بەو پیاوە کردووە، زۆر لەگەڵم خراپە، دڵی لێم پیسە، 25 ساڵ لە من گەورەترە، کاتێک مێردم پێکرد، زیاتر خەتای برایەکم بوو، گوتی مێردی پێ بکە و باری دارایی زۆر باشە، ئەو پیاوە منداڵی هەبوو، بەڵام ژنەکەی کۆچی دوایی کردبوو، کە شووم پێکرد خانوو و ماڵێکی خۆشی بۆ دانام، بەڵام هەڵسوکەوتی هیچ باش نەبوو، لەگەڵ ئەوەیشدا هەست دەکەم نەخۆشە، منداڵم لێی نەبووە، پزیشک گوتی خەتای مێردەکەتە، لەگەڵ ئەوەشدا من کێشەم نەبوو، گوتم ئەگەر باش بێت ئەوەش قبوڵ دەکەم، پێشم عەیبە وا دەڵێم، بەڵام یەک ساڵە جێگەی لەگەڵم جیاکردووەتەوە، ئەو وایکرد باسی بکەم، پێیان گوتم ئەگەر تەڵاقت نەدات، دەتوانیت بە ڕاپۆرتی پزیشکی داوای جیابوونەوە بکەیت، بۆیە ئەگەر پارێزەرم بۆ بگرن، ئێستا لێی خۆش نابم، داوای مافی خۆم دەکەم و ناشگەڕێمەوە".

دوای قسەکانی ژنەکە، نووسراوی بۆ کرا بۆ پرۆژەی هاوکاریی یاسایی کە پارێزەری خۆبەخش یارمەتی دەدات لە دادگا. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای باری کەسی، لە ماددەی (43) لە برگەی (4)دا هاتووە، ژن بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات، ئەگەر مێردەکەی بەستراو دەرچوو، یان گرفتار بوو بە نەخۆشییەک کە نەیتوانی ئەرکی ژن و مێردایەتی لەگەڵدا بەجێبهێنێت، چ لەبەر هۆکاری ئۆرگانی یان لەبەر هۆکاری دەروونی بێت، یان پاش لە پەردەکردنی ژنەکەی، دەبێت گرفتاربوونی پیاوەکە بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی پسپۆڕ بسەلمێنرێت کە چارەسەری نییە، بەڵام ئەگەر بۆ دادگا دەرکەوت هۆکارەکەی کێشەی دەروونییە، ئەوا دادوەر ماوەی یەک ساڵ جیابوونەوەکەیان دوادەخات، بە مەرجێک ژنەکەی بتوانێت لە ماوەی ئەو ساڵەدا مێردەکەی لە خۆی بێنێتە کار.

*** بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەولێر**

باشووری بۆ سەردانی باکوور ڤیزەیان ناوێ

# 7 ڕۆژ بەبێ ڤیزە لە هەکاری بگەڕێ

**ئەیوب نسری**
**ڕووداو- دهۆک**

جوان جەمیل، هاونیشتمانییەکی خەڵکی باشووری کوردستانە. ئەو پاڵی بە دیواری فەرمانگەی گومرگەوە دابووە و چاوەڕوانی ڕەزامەندیی تورکیای دەکرد تاوەکو لە سنوور بپەڕێتەوە. جوان ساڵی 2006 کچێکی بەشوو داوەتە کەسێکی خەڵکی باکووری کوردستان. بۆیە بەردەوام دەچێتە باکوور و سەردانی کچەکەی دەکات.

دەروازەی سنووریی سەرزێری- چەلێ لە ناوچەی کانی ماسێ لە پارێزگای دهۆک، یەکێکە لەو پێنج دەروازەیەی لە مانگی ئاداری ئەمساڵدا لە کۆبوونەوەیەکی نێوان نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەحمەد داود ئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی تورکیا و سەرۆکوەزیرانی ئێستا، لە شاری وان، ڕێککەوتن لەسەر کردنەوەیان کرا. بڕیاروایە سێ دەروازەی سنووری بکەونە پارێزگای دهۆک و دوو دەروازەکەی دیکەش لەگەڵ تورکیا دەکەونە پارێزگای هەولێر.

عەقیل عەبدوڵڵا هاونیشتمانییەکی دیکەیە. ئەو ماوەیەک بوو چاوەڕانی ڕەزامەندیی دەکرد بۆ ئەوەی لە سنووری سەرزێری بپەڕێتەوە بۆ ناوچەی چەلێ. عەقیل باسی گرنگیی ئەو دەروازەیەی کرد بۆ ناوچەکەیان، بەڵام بە نیگەرانییەوە باسی ئەوە دەکات کە هاونیشتیمانییان زۆر چاوەڕوان دەبن تاوەکو ڕەزامەندی لە ناوچەی چەلێ لە باکووری کوردستان وەردەگرن. ئینجا دەتوانن بپەڕنەوە. هەروەها ڕێگەنەدان بە بردنی ئۆتۆمبێلی هاونیشتمانییان بە گرفت دەزانێت بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ بپەڕنەوە.

بەڕێوبەری ناحیەی کانی ماسێ، بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی کوردستان و حکومەتی تورکیا، هاونیشتیمانییان دەتوانن تەنیا لە ڕۆژانی دووشەممە و پێنجشەممە هاتوچۆ بکەن. ئەویش دوای ئەوەی کە لای ئێمە فایلێک دروست دەکرێت و زانیاریی هاونیشتمانییەکە تومار دەکەین. ئینجا بە ئیمەیل وەڵامی دەوڵەتی تورکیا وەردەگرین. ئەوکات هاونیشتمانییەکە دەتوانێت بپەڕێتەوە بۆ باکووری کوردستان".

سامی ئۆشانە گۆرگیس، ئەوەشی گوت کە "ئێستا هاونیشتمانییان ناتوانن بە ئۆتۆمبێلی خۆیان هاتووچۆ بکەن. هەرچەندە لەلای ئێمە ڕێگە و فەرمانگەی پێویست دابین کراون، بەڵام لە باکووری کوردستان نە ڕێگە وەکو پێویست هەیە و نە فەرمانگەیان هەن. تەنانەت تاوەکو ئێستا بینایەیەکیان دروستنەکردووە، بەڵام "بەپێی زانیارییەکانمان ئێستا خەریکن کاروبارەکان ڕێکبخەن. دوای تەواوبوونی بینایەکەشیان ئاسانکاریی زۆرتر بۆ هاونیشتمانییان دەکرێت".

حوسێن محەممەد، هاونیشتمانیەکی ناوچەکە، گوتی: "پێش کردنەوەی ئەو دەروازەیە، زۆر جار بەقاچاخی دەچووینە ئەوبەر، چونکە خزم و کەسمان لە دیوی باکوور هەن، بەڵام جەندرمەکان دوامان دەکەوتن و بەناچاری دەگەڕاینەوە. ئێستا دەتوانین بەئاسانی هاتوچۆ بکەین". بەگوتەی بەڕێوبەری ناحیەی کانی ماسێ: "ئەوانەی بەو ڕێگەیەدا هاتوچۆ دەکەن تەنیا دەتوانن لە چوارچێوەی پارێزگای هەکاریدا لە باکووری کوردستان هاتوچۆ بکەن. چونکە ڕێککەوتنەکەمان لەگەڵ دەزگاکانی ئەو پارێزگایەدا کردووە. هەرکەسێکیش دەتوانێت تەنیا بۆ ماوەی 7 ڕۆژ لە باکووری کوردستان بمێنێتەوە". سەبارەت بەوەی کە نەمانی ڤیزەی تورکیا بۆ سەفەری هاونیشتیمانییان لەڕێگەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە چ کاریگەری لەسەر دەروازەی سەرزێری-چەلێ هەبووە، سامی ئۆشانە گوتی: "پێشئەوەی ڤیزەی تورکیا نەمینێ، ڕۆژانە 20 تاوەکو 25 کەس لێرەوە سەفەریان دەکرد، بەڵام ئێستا دوو بەرامبەر بووە، بەڵام ئەوانەی لە باکوورەوە دێن کەمترن".






د. ئالان بەهائەدین *
alan.b.almudaris@gmail.com

# کۆمپانیا بازرگانییەکان و کۆمەککردنی ئاوارەکان

## (بۆچوونێکی یاسایی)

لای هەمووان ڕوونە کە لە ئێستادا هەرێمی کوردستان بە گەل و حکومەتەوە ڕووبەڕووی لافاوێکی مرۆیی بۆتەوە لە ئاوارە و لێقەوماوان لە ئەنجامی ئەو کێشە سیاسیانە و ئەو ڕووداوە سەربازیانەی کە لە دەوروبەری هەرێمدا دەگوزەرێن چ ئەوەی لە دەرەوەی سنووری عێراق وەک سوریا ڕوودەدەن و چ ئەوەی لە شاری موسڵ و شارەکانی تری ناوەڕاستی عێراق بوونیان هەیە.

بێگومان هۆکاری سەرەکی کۆبوونەوەی ئەم هەموو ئاوارە و لێقەوماوانە لە گشت نەتەوە و ئایین و مەزهەب و هزرە جیاوازەکان لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ڕەوشی سەقامگیری ئەمنی هەرێم دەگەڕێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە هەرێمی کوردستان لە دێرزەمانەوە ئارامگەی پێکەوە ژیانی نەتەوە و ئایین و مەزهەب و هزرە جیاوازەکان بووە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاونیشتیمانیانی ئەم هەرێمە، سەرەڕای ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە لە سەرەتای ساڵی (2014)وە بەرۆکی هەردووکیانی گرتووە، ئەوەی لە توانایاندا بووە کردوویانە بۆ بەهاناوەچوونی ئاوارە و لێقەوماوان بەبێ جیاوازیکردن لە نێوانیاندا، چونکە لەم هەرێمەدا مرۆڤبوون بەسە بۆ ئەوەی کوردستانیەک بە هانایەوە بێت بێ ئەوەی سەیری ئایین یان نەتەوە یان مەزهەبی لێقەوماوەکە بکرێت. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەسەر ئاستی (UN) و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تر و بگرە لەسەر ئاستی دەوڵەتانیش، لە هەوڵدایە پاڵپشتی هەرێمی کوردستان بکات بۆ بەهاناوەچوونی ئەم ئاوارە و لێقەوماوانە لە ڕێی ناردنی پارە یاخود هاوکاری مرۆیی بۆ کۆمەککردنیان بە پێداویستییەکانی سەرەتایی ژیان.

سەرەڕای هەموو ئەمانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، هێشتا ئاوارەیەکی زۆر هەیە پێداویستییەکانی بۆ پڕ نەکراوەتەوە. ئاوارەکانی سنووری پارێزگای دهۆک باشترین نمونەن کە بە داخەوە زۆربەیان لە شوێنە گشتی و قوتابخانەکان ژیان بەسەر دەبەن و ڕەنگە ئەمە کۆی گشتی پرۆسەی خوێندن بخاتە مەترسی دواکەوتنێکی مێژوویی. هەر ئەمەش بوو وای لە ئەنجومەنی پارێزگای ئەو شارە کرد کە بانگەوازی حاڵەتی لە ناکاو بکات بۆ ئەوەی هەموو لایەک بێنە جووڵە بۆ بەهانەوەچوونی ئاوارەکانی نێو ئەم شارە.

دەبێت ئەوە بزانین کە بە هانەوەچوونی ئاوارە و لێقەوماوان ئەرکێکی ئەخلاقییە و لەسەر شانی هەموومانە، بۆیە لێرەدا ڕووی قسەم ئاراستەی کۆمپانیا بازرگانییەکان دەکەم، بە تایبەتی کۆمپانیاکانی بواری وزە و وەبەرهێنانی نەوت، کە پێویستە بە قەد توانایان هەڵسن بە کۆمەککردنی ئاوارەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان بۆیان و ڕۆڵیان هەبێت لە کەمکردنەوەی ئازارەکانیان و یارمەتیدەری لایەنە پەیوەندیدارەکان بن بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی کۆمەککردن و ببن بە نمونەیەکی جوانی بەخشین تەنها لە پێناوی مرۆڤایەتی و خۆشگوزەرانی و پێداویستییەکانی کۆمەڵگە.

ڕۆڵی کۆمپانیا بازرگانییەکان لە بوارەکانی خێرخوازی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە لە ژێر ناونیشانی (بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی کۆمپانیاکان) کە وەرگێردراوی دەستەواژەی زمانی ئینگلیزی (corporate Social Responsibility) بە کورتکراوەی (CRS) ناسراوە. خاوەنی ئەم بیرۆکەیە نووسەری ئەمریکی (Howard Bowen)ە کە لە ساڵی (1953) پەرتوکێکی لە شاری نیویۆرک بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بیسنیزمانەکان) و تیایدا نووسەر بە ڕاشکاوانە باسی لە هاوسەنگی کرد لە نێوان بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی بیسنیزمانەکان و بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە. نووسەر پێی وابوو کە کۆمەڵگە لە خەمی ئەوەدایە کەشوهەوای گونجاو بۆ بیسنیزمانەکان فەراهەم بکات تاکو بەوپەڕی ئارامی و دڵنیاییەوە لە چوارچێوەی یاسادا کاری بازرگانی لە نێو کۆمەڵگەدا ئەنجام بدەن و قازانج بە دەست بهێنن، بۆیە لە بەرامبەر ئەم خزمەتەدا، پێویستە بیسنیزمانەکان ڕۆڵیان هەبێت لە پێشکەشکردنی هەندێ خزمەتگوزاری بەو کۆمەڵگەیە و بەشدار بن لە کار و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان تیایدا وەک، بنبڕکردنی هەژاری و بەهانەوەچوونی لێقەوماوان و یارمەتیدانی نەخۆشەکان و پڕکردنەوەی بابەتی کەمی دەرمان و گرنگیدان بە خۆراک و ئاو و تەندروستی و پێشخستنی پرۆسەی فێربوون و نەهێشتنی نەخوێندەواری و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پاراستنی ژینگە و نەهێشتنی بێکاری و هۆشیارکردنەوەی تاک سەبارەت بە مەترسییەکانی جگەرەکێشان و مادەهۆشبەرەکان و نەخۆشی ئایدز و مین و تەقەمەنییەکان و هەروەها کارکردن لەسەر بونیادنانی تاکی نێو کۆمەڵگە ...... هتد.

کەواتە، بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی کۆمپانیا بازرگانییەکان بریتیە لە پرۆسەی متمانە بەیەکبوون لە نێوان کۆمەڵگە و کۆمپانیا بازرگانییەکاندا، کە بە هۆیەوە کۆمەڵگە کەشوهەوای گونجاو بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکان فەراهەم دەکات کە برەو بە لایەنی ئابووری بدەن و لەبەرامبەردا نابێت کۆمپانیا بازرگانییەکان پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگە پشتگوێ بخەن و دەبێت گرنگی بە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە و تاکەکانی بدەن لە ڕووە کۆمەڵایەتیەکەیەوە.

ڕەنگە کەسانێک هەبن ڕەخنە بگرن و بپرسن ئاخۆ چۆن دەبێت کۆمپانیا بازرگانییەکان کە کاری سەرەکییان بازرگانیکردن و قازانج کردنە، دەست بخەنە کاری خێرخوازی و بەخشین کە ئەمە لەگەڵ مەبەست و فەلسەفەی کاری ئەم کۆمپانیایانە ناگونجێت؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هۆکاری سەرەکی نووسینی ئەم وتارەیە. ئێمە پێمان وایە کە یاسای کۆمپانیاکانی ژمارە (21)ی ساڵی (1997)ی هەموارکراو بە ڕوونی ڕێگایداوە بە کۆمپانیا بازرگانییەکان کە بەشێک لە قازانجی ساڵانەی خۆیان گڵبدەنەوە بۆ هەندێ کاری خێرخوازی و بەخشین و چالاکی کۆمەڵایەتی بەکاری بهێنن وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیان بەرامبەر بەو کۆمەڵگەیەی کە کاری بازرگانی تیادا ئەنجام دەدەن.

یاسای کۆمپانیاکان لە برگە (یەکەم)ی مادده (74)دا باسی لە بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی کۆمپانیا بازرگانییەکان کردووە و بە بەرپرسیارییەتێکی ئەخلاقی وەسفیکردووە نەوەک ئەرکێکی یاسایی، واتا کۆمپانیا بۆی هەیە کاری خێرخوازی ئەنجام بدات و بەشدار بێت لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان ولە هەمان کاتدا بۆی هەیە کە نەیکات بە بێ ئەوەی هیچ لێپێچینەوەیەکی یاسایی لەگەڵدا بکرێت. بەڵام، ئەگەر ئەو کارەی ئەنجامدا، ئەوا دەبێت لە ژێر چەتری ئەو مەرجانە بیکات کە یاسا بۆی دیاریکردووە، لەوانە:

1. هیچ پارەیەک سەرف ناکرێت بە بێ ڕەزامەندی پێشوەختەی دەستەی گشتی کۆمپانیا کە پێکدێت لە گشت ئەندامانی کۆمپانیا.

2. ڕێژەی ئەو پارەیەی کە سەرف دەکرێت لەم بوارەدا دیاری نەکراوە، ئەمەش بۆ ویستی خودی کۆمپانیاکە جێهێڵراوە کە چەندی بوێت سەرفی بکات لەو بوارەدا.

3. ئەو کارە کۆمەڵایەتییە یاخود خێرخوازییە کە بە نیازە ئەنجامی بدات نابێت پێچەوانەی یاسا یاخود سیستەم و ئادابی گشتی کۆمەڵگە بێت.

4. سەرفکردنی پارە بۆ هەر کارێکی کۆمەڵایەتی یاخود خێرخوازی نابێت ببێتە هۆی زەرەر گەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی ئەندامانی کۆمپانیا یاخود خاوەن قەرزەکانی کۆمپانیا یاخود ببێتە هۆی زەرەر گەیاندن بە پێگەی دارایی کۆمپانیاکە.

5. ئەو برە پارەیە دەبێت لە پارەی یەدەگی کۆمپانیا دەربهێنرێت نەک لە سەرمایەی کۆمپانیاکە. یەدەگی کۆمپانیا ئەو برە پارەیەیە کە کۆمپانیا لە قازانجی ساڵانە دەیگێرێتەوە و بەکاردێت بۆ مەبەستی جۆراوجۆر کە هەندێکی لە یاسادا دیاریکراوە.

6. ئەم پارەیە دەکرێت سەرفبکرێت لە پاراستنی ژینگە یاخود بەشداریکردن لە پرۆگرامەکانی چاودێریکردنی کۆمەڵایەتی، کە ئێمە پێمان وایە بە هانەوەچوونی ئاوارە و لێقەوماوان دەچێتە خانەی چاودێری کۆمەڵایەتییەوە.

کەواتە، یاسای کۆمپانیاکان پاڵپشتی یاسایی بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکانی فەراهەم کردووە کە بەهۆیەوە بتوانن بەشدار بن لە کاری خێرخوازی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و سوود بە کۆمەڵگە بگەینن بە بێ ئەوەی ئەو کارەیان سەرپێچی یاسای کۆمپانیاکانی تیا بێت.

دەبێت ئەوەش بزانین، کە بەشداریکردنی کۆمپانیا بازرگانییەکان لەم جۆرە کارانە، جگە لە دیوی سوود گەیاندن بە کۆمەڵگە و تاکەکانی، دیوێکی تریشی هەیە ئەویش دیوی ڕێکلامکردنە بۆ خودی کۆمپانیاکە، چونکە ئەم جۆرە کارانە هۆکارن بۆ فراوانبوونی چوارچێوەی ناوبانگی کۆمپانیا و بەهێزبوونی پێگە بازرگانییەکەی لە نێو کۆمەڵگەدا و هەروەها فاکتەرن بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی فرۆشتنی کاڵاکانی کۆمپانیا لە نێو خەڵکدا. بە واتایەکی تر، ئەگەر چی کارەکەی کۆمپانیا خێرخوازییە، بەڵام لە دواییدا بە سوودی کۆمپانیا بە کۆتا دێت و دەبێتە مایەی زیادبوونی ئاستی قازانجەکانی.

لە ماوەی ڕابردوودا، بە تایبەتی لە (10) ساڵی ڕابردوودا، کۆمەڵگەی کوردستانی (بە حکومەت و هاونیشتیمانیانەوە) ئەو پەڕی ئارامی و سەقامگیریان بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکان (خۆماڵیەکان و بیانییەکان) دابینکردووە تاکو بە ئازادی و هەست بە دڵنیاییەوە لە هەرێمی کوردستان کاری بازرگانی ئەنجامبدەن. ئێستاش، کاتی ئەوە هاتووە کە کۆمپانیا بازرگانییەکان، هەر یەکەو بە پێی تواناکانیان، بە ئەرکی ئەخلاقیانەی خۆیان هەڵسن بەرامبەر بە کۆمەڵگە ویارمەتیدەری لایەنە پەیوەندیدارەکان بن بۆ کۆمەککردنی ئاوارەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان و یارمەتی کەس و کاری پێشمەرگە بدەن و بەشداربن لە پرۆسەی دووبارە بونیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی کە میحوەری جەنگ بوون یاخود دەبن.

هەروەک لە پێشتر ئاماژەم پێدا، لەبەر ئەوەی ئەم بەرپرسیارییەتیە کۆمەڵایەتیەی کۆمپانیاکان بەرپرسیاریەتێکی ئەخلاقیە و هیچ پابندبوونێکی یاسایی تیا نیە، بۆیە پێویستە کار لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری بەشداریکردنی کۆمپانیا بازرگانیەکان لە کار و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بکرێت تاکو کۆمپانیاکان تێگەیشتنی زیاتریان هەبێت لەم بوارەدا. بێگومان ئەمەش بە پلەی یەکەم کاری تۆمارکاری کۆمپانیاکان و وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان (تایبەت بە کۆمپانیاکانی بواری نەوت) و ژووری بازرگانی و پیشەسازی شارەکانە کە لە ڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەستنی سیمینار و کۆبوونەوە و ئەنجامدانی ۆرکشۆپ و بانگهێشتکردنی کەسانی پسپۆر لەم بوارەدا کار لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو ڕۆشنبیریە بکەن لە نێو کۆمپانیاکاندا.

هەر لەم سۆنگەیەوە، پێشنیازی کردنەوەی بەشی (بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی کۆمپانیاکان) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان دەکەم بە مەبەستی ڕێکخستنی کارە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمپانیا، وەک چۆنیەتی سەرفکردنی پارەکە و پێدانی زانیاری بە کۆمپانیاکان لەم بوارەدا و دیاریکردنی پێداویستی کۆمەڵگە و دانانی پلانی ستراتیژی درێژخایەن بۆ برەودان بە پرۆسەی بەشداریکردنی کۆمپانیاکان لە بوارە کۆمەڵایەتیەکاندا.

وتارەکەم بە دەستەواژەیەکی زۆر کورت کۆتایی پێدێنم ئەویش (بوێر بە خەون ببینە)، ئەوە دەستەواژەیەکە کە یەکێک لە کۆمپانیا بازرگانییەکان لە هەرێمی کوردستان لە شێوەی کورتە فیلم ئاراستەی عەقلیەتی تاکی کورد دەکات و بە هیوایە پەیامەکەی بگات. دەستەواژەکە زۆر کورتە بەڵام با بهێنینە پێش چاومان ئەم دەستەواژەیە کاریگەری لە یەکێک کرد و بوێر بوو و خەونی بینی و کاری لەسەر خەونەکەی کرد و لە دواڕۆژدا بوو بە زانایەک یان داهێنەرێک لە بوارێکدا، ئەوسا دەزانین کە ئەو کۆمپانیایە چ خزمەتێکی بە کۆمەڵگەی کوردی کردووە کاتێک تاکێکی کوردی دروست کرد بە دەستەواژەیەکی بچووکی نێو ڕیکلامێک.

*** مامۆستا لە کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان / زانکۆی سەلاحەددین**

ڕووداو هەمەجۆر
ژمارە (326) دووشەممە 2014/9/15

## جانێ حەیران تووڕەیە



**ڕووداو- هەولێر**

کچە هونەرمەندی باکووری کوردستان جانێ حەیران تووڕەیە لەوەی پارتی و یەکێتی بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەک بۆ شنگال و پێشمەرگە یارمەتییان نەداوە.

جانێ کە بە نیگەرانییەوە قسەی دەکرد، باسی نایەکسانی و جیاوازیکردنی حیزبەکانی کوردستانی کرد لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ هونەرمەندان "چەندین جار پەیوەندیم بە یەکێتی و پارتییەوە کرد یارمەتییان نەدام، بەڵام بۆ بەشێکی خەڵک دەستیان کراوەیە". گوتیشی "من ژیانی خۆم لەسەر هونەر داناوە، لە مێردەکەم جیابوومەتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی گوتی دەبێت واز لە هونەر بێنی، دووجار پەیوەندی خۆشەویستیم هەبووە هەر لەسەر هونەر وازم لێهێنان، من هێندە هونەرم خۆشدەوێت قوربانی بەهەموو شتێک دەدەم لەپێناوی".

جانی دەڵێت "لەسەر ئەوەی گۆرانیم بۆ پارتی گوت تووشی هەزار ڕەخنە بووم، پاشان گۆرانیم بۆ یەکێتیش گوت هەر تووشی ڕەخنە بووم و خەڵکی دەیانگوت جانێ بووەتە جۆکەر".

# بڵند ئیبراهیم داوا دەکات بێنە دەنگ



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند بڵند ئیبراهیم ، لەڕێی گۆرانییەکەوە داوا لە جیهان دەکات کە بێنە دەنگ و خەڵکی شنگال لە مەینەتی ڕزگار بکەن.

بڵند ئیبراهیم کە خۆی خەڵکی شنگالە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەمەوێت ئازارەکانی خەڵکی شنگال بخەمە نێو چوارچێوەی میلۆدیەک و بە گەروویەکی پڕ لە گریانەوە هاواری شارێک بگەیەنمە جیهان کە تژی بووە لە خوێن و ماڵوێرانی، دەستی یارمەتی و هاوکاری بۆ هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان درێژ دەکەم، پێیان دەڵێم با کچەکانمان لە بازاڕی بێویژدانیدا نەفرۆشرێن".

بەشێکی گۆرانییەکە باس لە بوێری و نەبەردیی ئەوانە دەکات کە بەرگرییان لە خەڵکی شنگال کرد، بەتایبەت خەڵکی خۆبەخشی شنگالی.

گۆرانییەکە لەم ڕۆژانەی داهاتوودا بڵاودەبێتەوە".

# کچە کوردێک هۆڵەندییەکان سەرسام دەکات




**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

کچە کوردێک لە بەرنامەی بەناوبانگی جیهانی گۆت تالێنت (Got Talent)ی هۆڵەندا بە گۆرانییەک کە لە ئاواز و تێکستی خۆی بوو، بەشداری کرد و توانی سەربکەوێت بۆ قۆناغی داهاتوو.

ناز محەممەد دانیشتووی هۆڵەندا، بەهۆی دەنگخۆشی و زیرەکی توانی خۆی بگەیەنێتە قۆناغێکی گرنگی ئەم بەرنامەیە، بەڵام ئەوەی بووە جێی سەرنجی لیژنەی دادوەریی بەرنامەکە، تێکست و ئاوازی ئەو گۆرانیە بوو کە لەبەردەم لیژنەکە پێشکەشی کرد.

ئەو گۆرانییە وای لە سەرۆکی لیژنەی دادوەری کرد کە بڵێت "هەست دەکەم ئەم گۆرانییە ئاسایی نییە، مەبەستم لەوەیە کە دەبێت چی وای لە تۆی 16 ساڵ کردبێت هێندە بە حەماسەتەوە ئەم گۆرانیە پڕ لەهەستە بچڕی"، ناز وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت: هەندێک شت لە ژیانی مندا هەبووە کە کاریگەری بەسەرمەوە جێهێشتووە، بەڵام ئاشکرای نەکرد ئەو شتانە چین.

# لوقمان سەلیم لە ستایلێکی نوێدا



**ڕووداو- هەولێر**

دوای بێدەنگییەکی درێژ، هونەرمەند لوقمان سەلیم بە گۆرانییەکی ئەڤینداری دەردەکەوێتەوە.

دەرهێنەر بڕیار فەتاح لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لوقمان سەلیم بە کارێکی ناوازە و ستایلێکی نوێ گۆرانییەک بڵاودەکاتەوە کە تەواو جیاوازە لەکارەکانی پێشووی". بڕیار گوتی کلیپێکی مۆدێرنیان بۆ ئەو گۆرانییە کردووە کە بەناوی هاوسەرە. ئەم گۆرانییە لە ئاوازی خۆیەتی و تێکستی ئەحمەد محەممەدە. بڕیار ئاماژەشی بەوە کرد کە کاری وێنەگرتنی تەواو بووەو لەم ڕۆژانە دەکەوێتە سەر شاشە.

# سەما دەکات هەتا گزنگی بەیان



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

هونەرمەندی لوبنانی دومینیک حۆرانی دوای بڵاوکردنەوەی چەند گرتەیەکی خۆی کە تێیدا سەمایەکی وروووژێنەر دەکات، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەرا دەنێتەوە.

حۆرانی لەو گرتەیەدا دەڵێت "سەما دەکەم هەتا گزنگی بەیان هەڵدێ، سەما دەکەم تا لە لیستی خۆشەویستەکانم بتسڕمەوە، سەما دەکەم بۆ ئەو ڕۆژە خۆشانەی چاوەڕوانمە، هەر سەما دەکەم هەتا دەگەڕێتەوە".

ئەم دێڕە شیعرانە و ڤیدیۆیەکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، لەبەر ئەوەی بە شێوازێکی یەکجار وروووژێنەر دەردەکەوێت و دێڕە شیعرەکەش پرسیاری زۆری دروست کردووە کە دەبێت بۆ کێی گوتبێ.

# تارا چیرۆکی ژنانی شنگال دەگێڕێتەوە



**ڕۆکا شدۆ**
**ڕووداو- ئەورووپا**

کچە گۆرانیبێژی کورد تارا مامەدۆڤان گۆرانییەک بۆ ژنانی شنگال دەڵێت. گۆرانییەکە باس لە ئازارەکانی ئەو دایکانە دەکات کە منداڵەکانیان لە نێو دەستیان دەمردن.

گۆرانییەکەی تارا باس لەو کارەساتە مرۆییە دەکات کە لە شنگال روویدا و ژنان و منداڵان تێیدا بوونە قوربانی. هەروەها باسی خۆڕاگری و مەزنیی ژنی کورد دەکات.

تارا ساڵی 1983 لە کۆماری قیرغیزستان لەدایکبووە. لە تەمەنی 10 ساڵییەوە لەگەڵ خێزانەکەی کۆچ دەکەن بۆ رووسیا و لە 12 ساڵییەوە روو لەفێربوونی موزیک دەکات. دواتر دەچێتە فەرەنسا و لە پاریس درێژە بە خوێندنەکەی دەدات. تاوەکو ئێستاش لەوێ دەژی.

# راغب عەلامە: من سەرۆک بووم



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەستێرەی گۆرانیی لوبنانی راغب عەلامە لە پرێس کۆنفرانسێکدا دەربارەی بەرنامەی ئەرەب ئایدڵ دەڵێت، من سەرۆکی لیژنە بووم، بەڵام ئێستا وائیل کەفووری تەنیا ئەندامە، کەواتە جێگای منی نەگرتووەتەوە.

لە مەراسیمی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئەلبوومە نوێیەکەی، راغب عەلامە لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی بەرنامەی وەرزی نوێی ئەرەب ئایدڵ دەڵێت "ڕێزم بۆ ئەندامانی ئەو لیژنەیە، بەڵام ئەم ئەلبوومەی من 100 لەو بەرنامانە دێنێ، چونکە ئەو بەرنامەیە کاتی زۆر گرتبووم و فشارێکی زۆری لەسەر دەروونم دروستکردبوو، ئەوەش یەکێک بوو لە هۆکارەکانی وازهێنانم".

دەربارەی جێگرتنەوەی لەلایەن هونەرمەند وائیل کەفووری، گوتی "ئەو نەهاتووەتە شوێنی من، چونکە من سەرۆکی لیژنە بووم، بەڵام ئەو تەنیا ئەندامی لیژنەکەیە".

# بەختی ڕووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com



**گاوڕ**
هێز و چالاکیەکی زیاترتان دەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی کارەکانتان. هەرچەندە بەردەوام هاوکاریتان دەکەن، بەڵام پێویستتان بە هاوکاریی زیاتری دڵسۆزەکانتان هەیە. تووڕە و ماندوو دەبن کە لە بەدیهاتنی ئامانجەکان دووردەکەونەوە، بەڵام بڕوابەخۆبوون لەدەستنادەن.

**گا**
پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سەردانەکان هەندێک دڵتەنگیت کەمدەکەنەوە. کارەکانتان دوامەخەن. کاتێکی باشە بۆ بڕیاری گرنگ، بە وریاییەکی زۆرەوە کارەکانتان ڕێکبخەن. هەندێک کار کاتی زیاتری پێویستە، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەنگاو بنێ.

**جمک**
بە ڕاڕایی هەنگاو مەنێ، ئەنجامێکی باشت بەدەستهێناوەو دەتوانی بەرنامەکانی داهاتوو ڕێکبخەیت. کات یارمەتیت دەدات بۆئەوەی دەرگای نوێ لەسەر ژیان بکەیتەوە، بەڵام هەندێکیان ماندووبوونی دەوێت.

**قرژاڵ**
بەرپرسیاریتان لەم هەفتەیەدا زیاد دەکات، بۆئەوەی لەلایەن خەڵکانی دەوروبەرتانەوە گومانتان نەکەوێتە سەر هەوڵ بدەن ڕاشکاوانە بابەتەکانیان لەگەڵ باس بکەن.

**شێر**
چەند سەردان و چاوپێکەوتنێکی گرنگ ڕێکدەخەن، بەتایبەت لەگەڵ ئەوانەی ماوەیەکی زۆرە لێیان دابڕاون. هەوڵ بدە کێشە هەڵواسراوەکان یەکلایی بکەیتەوە. خۆشی لەم کەشە نوێیەی کارکردن وەربگرە و خۆت دوچاری گومان

**گوڵەگەنم**
کاتێکی باشە بۆ تەواوکردنی کارێک کە کاتی بەسەردا چووە. دەستکەوتت چەند زیاد دەکات ئەوەندەش خەرجییەکان زیاد دەبن، بۆیە وا باشترە پارە تەنیا بۆ پێداویستییە گرنگەکان تەرخان بکەی.

**تەرازوو**
هەست دەکەن هەموو کارەکان لەجێی خۆیان وەستاون، بەڵام هەموو ئەو کارانە پێویستیان بەخۆڕاگری زۆر هەیە، دوایین ئەنجامیشیان گەورەیەو شایانی ئەو هەوڵەی ئێستایە. کەمێک هەست بەماندووبوون دەکەن، بەڵام لەم هەفتەیەوە دەرگای نوێ دەکرێتەوە.

**دووپشک**
هەموو هێز و توانات لەکارێکی نوێدا بەکاردەهێنی بۆ سەرکەوتن، بە ڕاڕایی هەنگاو مەنێ چونکە توانایەکی باش و زۆرت هەیە و دەتوانی کۆنترۆڵی بکەیت. هەرچەندە سۆزداری ئاسوودەت دەکات، بەڵام ئەنجامەکان بەو شێوەیە نابن کە هەست بەدڵنیایی بکەیت.

**کەوان**
ئێستا کاتێکی باشە بۆئەوەی کارە ناتەواوەکان ڕێکبخەنەوە، بەڵام هەندێک کار کاتی زیاتری پێویستە. هێشتا فرسەت ماوە بۆئەوەی کارێک لەدەست نەدەن. پێویستە کارە کەڵەکەبووەکانی ئەم ماوەیە تەواو بکەن و بۆ کارێکی گرنگ هاوکاری بەدەستدێنن.

**کارژۆڵە**
هەوڵ بدە کارەکانت بەباشی بکەیت و کەمتەرخەمی تێدا نەکەیت، سەرکەوتنت دەبێتە تاقیکردنەوەی تواناکانت، کە ئەوەش دەرگای نوێت بۆ دەکاتەوە. هەرکارێک پەیوەندی بە دەستکەوت و دەرامەتەوە هەبێت سەرکەوتنی تێدا بەدەستدێنن.

**سەتڵ**
بەخت بەشێوەیەکی باش هاوکاریت دەکات، گۆڕانکارییە باشەکان بەچاوی خۆت دەبینی، لە هەموو شوێنێک ڕووبەڕووی ڕێز و خۆشەویستی دەبنەوە، ڕەنگە دیارییەکی جوانتان پێشکەش بکرێت، یان کەسێکی گرنگ لێت نزیک ببێتەوە.

**نەهەنگ**
نەهەنگ: بەهۆی بیرکردنەوەی زۆرەوە ئارامی لە خۆتان تێکمەدەن. لەو ڕەشبینییە ڕزگارت دەبێت کە ماوەیەکە بەبێ هۆکار بەرۆکی گرتووی. ئەگەر دەتەوێ فرسەتێکی لەدەستچوو بگەڕێنیتەوە ئەوا چاوەڕوان بە، بەڵام مەرج نییە هەلێکی زۆر بەهێز بێت.

# ڕۆڵی نەوت لە ریفراندۆمی سکۆتلاند بۆ سەربەخۆیی

فازڵ مۆرامی
ڕووداو- هەولێر

نەوت تەنیا لە نێوان باشووری کوردستان و حکومەتی ناوەندیی عێراقدا سەرچاوەی کێشە نییە، بەڵکو لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی سکۆتلاندیش کە بڕیارە 18ی ئەم مانگە بەڕێوەبچێ، نەوت ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ.

ساڵی 2012 نەوتی دەریای باکووری سکۆتلاند 67%ی پێداویستی نەوت و 53%ی پێداویستی گازی هەموو بەریتانیای دابین کردبوو. شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا ئێستا نزیکەی 1.45 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بەرهەم دەهێنێت کە زۆربەی ئەو نەوتە لە دەریای باکووری نزیکی سکۆتلاندەوە دێت و ئەگەر ئەو هەرێمە دوای 307 ساڵ یەکگرتن لەگەڵ بەریتانیا جیاببێتەوە، ئەوە دەبێتە خاوەنی ئەو نەوتە یەدەگە زەبەلاحەی ژێر دەریای باکوور.

کەرتی نەوت بۆ ئابووریی بەریتانیا گرنگە و بە گوتەی تۆڕی هەواڵی BBC، نزیکەی 450 هەزار کەس لەو کەرتەدا کار دەکەن. لە ساڵی دارایی 2012 بۆ 2013 باجی کەرتی نەوت گەیشتە زیاتر لە 10 ملیار دۆلار و کۆی گشتی داهاتی ئەو کەرتە بۆ ئابووریی بەریتانیا گەیشتە 25 ملیار دۆلار.

سیاسەتمەدارە نەتەوەییەکان کە لایەنگری جیابوونەوەی سکۆتلاندن لە بەریتانیا، دەڵێن سکۆتلاند سوودی پێویست وەرناگرێت لەو هەموو داهاتەی کە نەوتەکەیان دەیبەخشێتە بەریتانیا.

ئێستا ئەلێکس سالمۆند، سەرۆکی پارتی نیشتیمانی سکۆتلاند و وەزیری یەکەم کە هاوتای سەرۆک وەزیرانە و ڕێبەرایەتی "دەنگی بەڵێ" دەکات بۆ ئەوەی سکۆتلاند لە بەریتانیا جیاببێتەوە، دەڵێت ئەگەر سەرکەوتوو بێت لە کەمپینی جیابوونەوەی سکۆتلاند، ئەوە ئەو باجە زۆرەی نەوتی دەریای باکوور دەگەڕێتەوە بۆ هاووڵاتیانی سکۆتلاندی سەربەخۆ.

بەریتانیا لە 40 ساڵی ڕابردوودا 42 ملیار بەرمیل نەوتی لە دەریای باکوور بەرهەمهێناوە و بەپێی خەمڵاندنێکی مانگی شوباتی ئەمساڵ لە لایەن کۆمپانیای (جۆن وود گرووپ PLC) لە 12 بۆ 24 ملیار بەرمیل نەوت لەو دەریایەدا ماوە. ئەلێکس سالمۆند کە خۆی ئابووریناسێکی نەوتە، دەڵێت هێشتا 24 ملیار بەرمیل نەوتی هاوتا (یەدەگی نەوت و گاز بەیەکەوە) لە دەریای باکووردا ماوەو دەتوانرێت دەربهێنرێت. ئەگەر نرخی نەوت لە 100 دۆلاردا بۆ هەر بەرمیلێک بمێنێتەوە، ئەوا کۆی ئەو داهاتە دەگاتە نزیکەی (1.5 تریلیۆن پاوەن) 2.4 تریلیۆن دۆلار.

ئەگەر کەرتی نەوت و گاز لەبەرچاو بگیرێت، ئەوا داهاتی هەر تاکە کەسێک لە سکۆتلاند 42611 دۆلارە لە کاتێکدا داهاتی تاکەکەسێک لە بەریتانیا بەبێ سکۆتلاند تەنیا 36019 دۆلارە.

بەڵام ئیەن وود کە بە ناودارترین کەسی سکۆتلاند دادەنرێت لە کەرتی نەوتی ژێر ئاو، دەڵێت ئەلێکس سالمۆند بە مەبەستی سیاسی بڕی یەدەگی نەوتی سکۆتلاندی 60% زیاد کردووە و ئەو بڕە یەدەگەی نەوت کە دەتوانرێت لە دەریای باکووری بەشی سکۆتلاندە دەربهێنرێت، تەنیا 15 تاوەکو 16.5 ملیار بەرمیل نەوتی هاوتایە.

ئیەن وود دەڵێت کە بڕی بەرهەمهێنانی نەوت تا 2050 زۆر کەم دەکات و لەوانەیە بگاتە 200 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

بەریتانیا زیاتر لە 40 ساڵە خەریکە لە دەریای باکووری نزیکی سکۆتلاند نەوت بەرهەم دەهێنێت و لە 10 ساڵی ڕابردوودا ڕێژەی بەرهەمهێنان زۆر دابەزیوە. بەپێی سایتی "Oil & Gas Uk" کە نوێنەری سەرەکی کەرتی نەوت و گازی ناو دەریایە، ساڵی 1999 کە زۆرترین بەهەمهێنانی هەبووە لە دەریای باکوور، نزیکی 4.5 ملیۆن بەرمیل نەوتی هاوتا (نەوت و گاز) بەرهەمهاتووە، بەڵام ئەو بڕە لە 2013 دابەزیوە و گەیشتووەتە 1.45 ملیۆن بەرمیل نەوتی هاوتا (کۆی بەرهەمی نەوت و گاز).

ئەگەرچی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا دەیڤید کامیرۆن و کۆمپانیا جیهانییەکانی کەرتی وزە وەک بریتیش پیترۆلیۆم و شێڵ کە لە 1970وە لە دەریای باکووری سکۆتلاند کاردەکەن، داوایان لە دەنگدەران کردووە کە ئەو ریفراندۆمە ڕەتبکەنەوە و لەگەڵ بەریتانیا بمێننەوە، بەڵام سیاسییە نەتەوەییەکانی سکۆتلاند سوورن لەسەر جیابوونەوە.

ئەلێکس سالمۆند دەڵێت ئەگەر وڵاتەکەی سەربەخۆیی لە بەریتانیا وەرگرت، ئەوا سندووقێکی دارایی هاوشێوەی ئەوەی نەرویج دادەمەزرێ کە داهات و باجی کەرتی نەوت و گازی تێدا دادەنرێت بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا یارمەتی ئابووریی وڵاتەکەی بدات.

حکومەتی نەرویج بە پشتبەستن بە داهاتی نەوت و گاز، ساڵی 1990 سندووقێکی سەربەخۆی دامەزراند کە تاوەکو ساڵی ڕابردوو 785 ملیار دۆلاری تێدا بووە وەک بیمەیەک بۆ هاووڵاتیانی.

ئەگەرچی دیار نییە ئەنجامی ریفراندۆمی سەربەخۆیی سکۆتلاند چی دەبێت، بەڵام ئەوەی دیارە ئەوەیە کە نەوت و گاز ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لەو پرسەدا.



( فۆتۆ: کریستۆف تێیت تیسۆن )



عومەر ئەحمەد

# ئەو وانانەی لە سکۆتلاند فێردەبین

لە ریفراندۆمی 18ی ئەم مانگەی سکۆتلاند بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، دەنگدەران چ دەنگ بە سەربەخۆیی سکۆتلاند بدەن یان بەپێچەوانەوە، وانەی زۆری تێدایە کە کورد دەتوانێ سوودی لێوەرگرێت. ئەوەش لەبەرئەوەی کە سروشتی ئەو مشتومڕەی لەسەر ئەو پرسە دروستبووە، زۆرجار ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقمان وەبیردێنێتەوە. تەنانەت ئەو باسوخواسانەش کە لە نێوخۆی سکۆتلاند لە نێوان پارتە جیاوازەکانی ئەو وڵاتەدا لەسەر پرسی سەربەخۆیی گەرم بووە، نزیکە لەوەی کە لە هەرێمی کوردستان لەئارادایە. پارتی کرێکارانی ئۆپۆزسیۆنی سکۆتلاند مانەوەی وڵاتەکەی لەچوارچێوەی بەریتانیا پێ باشترە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو، پارتی نیشتمانیی سکۆتلاند کە لە پەرلەمانی ئەو وڵاتەدا زۆرینەیە، لە ریفراندۆمەکەی 18ی ئەم مانگەدا دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدات.

لەو وێکچوونەی نێوان سکۆتلاند و هەرێمی کوردستاندا، پرسی ئابووری لایەنێکی گرنگی ئەو بابەتەیە، ئینگلیزەکان ڕێگەنادەن پاوەندی ستەرلینگ وەک دراوی سکۆتلاندی سەربەخۆ بەکاربهێنرێت و وەک ئامرازێک سوودی لێوەردەگرن بۆ گوشار خستنە سەر ڕای گشتی لە سکۆتلاند، بەهیوای ئەوەی ژمارەی دەنگدەران بە "بەڵێ" لەو ریفراندۆمەدا کەم بکەنەوە، ئەوەش هاوشێوەی بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستانە لەلایەن بەغداوە کە وەک ئامرازێک بۆ گوشار خستنە سەر هەرێمی کوردستان تا ئێستا بەکارهێنراوە بۆئەوەی بە عێراقەوە ببەسترێتەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ژمارەی دانیشتووانی سکۆتلاند و هەرێمی کوردستان لێک نزیکن، پرسی نەوتیش پرسێکی گرینگی دیکەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی سکۆتلاندە. یەکێک لە بزوێنەرە سەرەکییەکانی سکۆتییەکان بۆ سەربەخۆبوون، بوونی سەروەت و سامانێکی سروشتیی زۆری نەوت و گازە، بەوپێیەی 90% ی سامانی نەوت و گازی دەریای باکوور دەکەوێتە ناو سنوورە دەریاییەکانی سکۆتلاند. لەبەر ئەوەش هاووڵاتیانی سکۆتلاند دەزانن کە دەتوانن ئەو سامانە بخەنە خزمەت پێشخستنی وڵاتەکەیان و وەک ستوونێکی ڕاگرتنی دەوڵەتە سەربەخۆکەیان چاوی لێدەکەن. وێکچوونی پرسی نەوتی سکۆتلاند و هەرێمی کوردستانیش جێی سەرنجە کە یەدەگی نەوت و گازی سکۆتلاند زۆر نزیکە لەوەی هەرێمی کوردستان، هەرچەندە بۆ ماوەی زیاتر لە 40 ساڵە بەریتانیا نەوتی سکۆتلاند دەردەهێنێت و نزیکەی 40 ملیار بەرمیلی تا ئێستا دەرهێناوە، یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستانیش زیاترە لە دوو هێندەی ئێستای سکۆتلاند.

ئینگلیزەکان وادەنوێنن کە کەس لەوان باشتر ناتوانێت ئیدارەی نەوت و گازی سکۆتلاند بکات. وەزیری وزەی بەریتانیا چارلز هێندری گوتبووی ئەگەر سکۆتلاند سەربەخۆ بێت، زیانێکی زۆر بە کۆمپانیا نەوتییەکان دەکەوێت. هێندری لە نامەیەکدا بۆ ئەنجومەنی نەوت و گازی بەریتانیا ڕایگەیاندبوو کە تەنیا بەریتانیا دەتوانێت دەسەڵات و کاریگەری خۆی لە ئەوروپا بەکاربهێنێت بۆ گەشەپێدانی کەرتی نەوت. تەنانەت بۆ بێ هیواکردنی سکۆتییەکان، ئینگلیزەکان دەڵێن لە مێژە نەوت و گازی سکۆتلاند دەردەهێنرێت و ڕووی لە تەواوبوونە، ئەوەش ڕێک لەچەشنی ئەو جۆرە قسانەیە کە بەرپرسانی عێراقی بەردەوام بە کورد دەڵێن. کەسانی وەک حوسێن شەهرستانی بەردەوام ڕەتیدەکەنەوە کە بڕێکی ئەوتۆ لە نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان هەبێت و ئەو 45 ملیار بەرمیل نەوتەی کە کورد دەڵێت هەیەتی، تەنیا بە ژمارەیەکی خەیاڵی دەزانن و لە بایەخی کەمدەکەنەوە.

بەهۆی ئەوەی کە بەریتانیا وڵاتێکی دیمۆکراسیە، بۆیە سکۆتلاند توانیویەتی لەڕێی ئامرازە دیمۆکراسیەکانەوە بیر لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بکاتەوە، هەرچۆن دوای واژووکردنی ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان دەیڤید کامیرۆن، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و ئالێکس سالمۆند وەزیری یەکەمی سکۆتلاند لە ساڵی 2012 ، حکومەتی بەریتانیا ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر بەڕێوەچوونی ریفراندۆم لەسەر پرسی سەربەخۆیی سکۆتلاند. پاش ساڵی 2003 و لەدوای ئەوەی کە کورد بەشداربوو لە بنیاتنانەوەی وڵاتێک بەناوی عێراق، ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق نیشانی دا کە بوونەوە بە بەشێک لە عێراق بەردەوام هەرێمی کوردستانی پاش خستووە و نەیهێشتووە کە هەرێمی کوردستان بگاتە ئامانجەکانی کە بنیاتنانی وڵاتێکی دیموکراسی و فیدراڵە، لەکاتێکدا کە عێراق هەردەم بەرەو پاشەکشەیەکی مەزهەبی و تایفی هەنگاو دەنێت. چۆنیەتی پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و عێراق وەک ئەو پەیژەیە کە کەسێک خەریکە لەسەری سەردەکەوێت و کەسێکی دیکەش لە خوارەوە بەرەو دواوە ڕایدەکێشێت، ئەو ڕەوشە چیدی بۆ کەس لە هەرێمی کوردستان قابیلی قبووڵ نییە.

هاووڵاتیانی سکۆتلاند لە چوارچێوەی بەریتانیای مەزن بەختەوەرن، تەنانەت داهاتی ساڵانەشیان لە ئینگلیزەکان زیاترە و ڕەوشی ژیانیشیان ئەگەر باشتر نەبێ خراپتر نییە، کەواتە بۆچی دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدەن؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لای ئالێکس سالمۆند، سەرۆکی پارتی نەتەوەیی سکۆتلاند و وەزیری یەکەمی ئەو وڵاتەیە کە دەڵێت "ئێمە دەمانەوێ داهاتووی وڵاتەکەمان لەدەستی خۆماندا بێت". پرسی سەربەخۆیی پەیوەستە بە هەست بە نەتەوەکردن وەک چۆن سالمۆند دەڵێت: "نەتەوەکان ئەو کاتە دەبنە نەتەوە کە هەست بکەن نەتەوەیەکن، سکۆتییەکانیش هەستێکی قووڵیان هەیە کە نەتەوەن".

دیارە عێراق ئەو وڵاتە نییە کە قایل بێت بەوەی کورد لەڕێی ریفراندۆمەوە چارەنووسی خۆی دیاری بکات، بۆیە هەوڵەکانی کورد بۆ دامەزراندنی دەستەی هەڵبژاردنەکانی تایبەت بە خۆی و ڕێکخستنی ریفراندۆم لە داهاتوودا هەوڵێکی نموونەییە کە بە دروستی ڕووی لە ئایندەیە، جا با ئێستا لەبەر ناچاری و نالەباری هەلومەرجی سیاسی بەشداریش بێت لە حکومەتی وڵاتێکی دیکەدا بەناوی عێراق.



هێرش دۆسکی

# سکۆتلاند و هەرێمی کوردستان لە دووڕێیانی سەربەخۆییدا

ئەم ڕۆژانە چاوی هەموو دونیا لەسەر داهاتووی شانشینی یەکگرتووی تەمەن 307 ساڵە کە لە هەر چوار وڵاتی ئینگلاند، سکۆتلاند، وێڵز و ئێرلەندای باکوور پێکهاتووە. ڕۆژی 2014/9/18، خەڵکی سکۆتلاند بەشێوەیەکی ئاسایی و لە چوارچێوەی یاساکانی ئەو وڵاتەدا دەنگ بە بەڵێ یان نەخێر دەدەن بۆ جیابوونەوەیان لەو شانشینە.

بۆ ئێمەی کورد ریفراندۆم و سەربەخۆیی ئەو دوو دەستەواژەیەن کە لەم ساڵانەی دواییدا زۆر بیستراون، بەڵام تا ئێستا بۆ زۆربەی هاووڵاتیانی کورد ئەمە خەونێکە و بەدیهاتنی ئەستەمە، سەرەڕای ئەو هەموو جیاوازییەی لەنێوان ئێمە و میللەتانی دیکەی ناوچەکەدا هەیە.

ئەگەر چاوێک بە خاڵە لێکچووەکانی نێوان کوردستان و سکۆتلانددا بخشێنین، دەبینین دوو نەتەوەی جیاواز لەناو دوو سیستەمی حوکمڕانیی یەکگرتوو (بەغدا و لەندەن) دان. هەردووکیان پەرلەمان و یاسای تایبەت بە خۆیان هەیە و دەتوانن کاروباری خۆیان بەڕێوەببەن. لەڕووی سیاسییەوە هەردوولا توانیویانە پەیوەندییەکانیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دامەزرێنن. هەروەها لە ئاستی ناوخۆییدا دوو پارتی سیاسی کە زۆرینەی دەنگی هاووڵاتیانیان هەیە: پارتی نەتەوەیی سکۆتلاند بە سەرۆکایەتی ئەلێکس سالمۆند و پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی، هەردووکیان بانگەواز بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکانیان دەکەن. لەڕووی ئابوورییەوە ئەم دوو هەرێمە دەوڵەمەندن بە نەوت و غازی سروشتی و زەوییە کشتوکاڵییەکان و تا ڕادەیەک دەتوانن پشت بە داهاتە ئابوورییەکانی خۆیان ببەستن.

بەڵام جیاوازییەکان ڕوونتر دیارن، لەڕووی جوگرافییەوە سکۆتلاند نەکەوتووەتە ناو بازنەیەکی داخراو وەک کوردستان. بارودۆخی ئاسایش لەم دوو ناوچەیە زۆر جیاوازن، کوردستان بە دۆزەخ دەورە دراوە و چەند سەدەیەکە بەناو جەنگی خوێناویدا تێپەڕ دەبێت. لە هەمووی تاڵتر شەڕی ناوخۆی ساڵانی نەوەتەکانی کوردستان یەکێکە لە جیاوازییەکان. بەڵام لە هەمووی گرینگتر، عەقڵیەتی سیاسی دەسەڵاتە ناوەندییەکانی بەغدا و لەندەنە کە تا بڵێی لێک جیاوازن لەڕووی مامەڵەکردن و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ هەرێمەکانیان. بۆ نموونە عێراق لەسەر میزاجی شەخسی یان سیاسی مامەڵە و پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات، لەناو سیستەمی حوکمڕانیی عێراقدا هەموو شتێک هەیە تەنیا یاسا و دەستوور نەبێ. بە پێچەوانەوە، لە لەندەن مافی هەرێمەکان بە یاسا پارێزراوە، سەرۆک وەزیران ناتوانێت خۆی لێ لابدات.

سکۆتلاند لەگەڵ لەندەن کێشەی خاک و سنوور و دابەشکردنی داهات و کێشەی بەڕێوەبردنی وڵاتی نییە. کێشەی یاسای نەوت و غازی نییە. نەفەسی یەکتر قەبوڵکردن تا بڵێی لە نێوان سیاسییەکانی سکۆتلاند و لەندەن بەدی دەکرێ. بۆ نموونە، تا ئێستا لە مێژووی بەریتانیادا سێ سەرۆک وەزیران کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی سکۆتلاند بوون، لەلایەن دەنگدەری بەریتانییەوە بوون بە سەرۆک وەزیرانی وڵات. ئەم شتانە لەعێراقدا نابینرێ. جگە لەمەش لەندەن ڕێگای سەربەخۆیی لە سکۆتلاندییەکان نەگرتووە، بەڵکو ئەم بڕیارەی بۆ هاووڵاتیانی سکۆتلاندی بەجێهێشتووە. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە وەک کوردستان، وڵاتانی دراوسێ و ئیقلیمی بە فشاری سیاسی و سەربازی، یاخود سنوور لەسەرداخستن بڕیاری ریفراندۆم یان سەربەخۆیی سکۆتلاندیان ڕانەگرتووە.

سەربەخۆیی کوردستان دەرفەتی زیاتری سیاسی و ئابووری بە خەڵکەکەی دەبەخشێت ئەگەر هەمان واقیعی سکۆتلاندی هەبووایە. خەمی سکۆتلاندییەکان ڕێگریکردن نییە لە ریفراندۆم، بەڵکو خەمی جیابوونەوە یاخود لەدەستدانی وڵاتێکی بە هێزی سیاسی و سەربازییانە لەسەر ئاستی جیهان. بەریتانیا بەهێزترین دراوی دونیای هەیە، ئابوورییەکی جێگیری سەردەمیانەی هەیە، ئەندامە لە هاوپەیمانیی ناتۆ، ئەندامی گرووپە پیشەسازی و داراییە گرنگەکانی جیهانە. لە هەمووی گرنگتر ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشە و هەروەها خاوەنی چەکی ئەتۆمیە. لەگەڵ ئەمەش ئەندامە لە یەکێتی ئەوروپا. بۆیە لەوانەیە خەڵکی سکۆتلاند دوودڵ بن لە بەجێهێشتنی ئەم هەموو دەسەڵات و سەروەرییە. بەڵام گەلی کورد بە جیابوونەوە لە عێراقێکی گەندەڵ و لاواز و بێ دەسەڵات چاوەڕێ ناکات هیچ بدۆڕێنێ. بە دڵنیاییەوە جگە لە فشارە سیاسی و ئابوورییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و هاووڵاتیانی کورد هیچ ترسێکیان نییە لە جیابوونەوە لە بەغدا و بڕیاری سەربەخۆیی بەبێ هیچ دوودڵییەک بە بەڵێ دەدەن.

رووداو
ژمارە (326) دووشەممە 2014/9/15



زۆرترینی لەسلێمانییە

# لەکوردستان زیاتر لە 12 هەزار کەس هەڵگری ڤایرۆسی هەوکردنی جگەرن

**رەوا عەبدوڵلا**
**رووداو- هەولێر**

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی رایگەیاند، ژمارەی هەڵگرانی ڤایرۆسی هەوکردنی جگەر لە کوردستان ساڵ بەساڵ لەزیادبووندایە. بۆ رێگەگرتن لەبڵاوبوونەوەشی، لە هەرسێ پارێزگای سلێمانی، هەولێر و دهۆک یەکەی تایبەتیان کردووەتەوە.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی گوتیشی کە رێژەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە بەراورد بەجیهان هێشتا لەئاستێکی نزمدایە، بەڵام ئەگەری زیادبوونیشی هەیە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی، لە 4 ساڵ و 9 مانگی رابردوودا 12174 کەس تووشی نەخۆشیی هەوکردنی جگەر لە جۆری (B-C) هاتوون: (10262 کەس لە جۆریB و 1912 لەجۆری C ).

ژمارەی تووشبووانیش ساڵ بە ساڵ لەزیادبووندایە، بەجۆرێک تەنیا لەساڵی 2012دا 2616 حاڵەتی نوێ تۆمارکراوە و لەساڵی 2013 دا بۆ 2725 حاڵەت بەرزبووەتەوە. هەروەها لە 9 مانگی ئەمساڵیشدا ژمارەی تۆمارکراو گەیشتووەتە 2730 حاڵەت. پارێزگای سلێمانیش بە رێژەی 61%ی تووشبووان لە پلەی یەکەمدایە.

هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی نەخۆشییەکی گوازراوەی درمە ، بەهۆی ڤایرۆسی (Hepatitis) تووشی مرۆڤ لەهەموو تەمەنەکان دەبێت. ڤایرۆسەکە دەچێتە نێو خوێن و زیان بەخانەکانی جگەر دەگەیەنێت. ئەگەر درێژەی کێشا جگەر تووشی بەمۆم بوون و شێرپەنجەی جگەر دەکات و هەندێ جار جگەرپەکدەخات.

نەخۆشییەکە شەش جۆری هەیە کە بە (A- B-C-D -E -G) دەناسرێن و هەندێ حاڵەتی کاتییە و هەندێکی درێژخایەن و کوشندەیە.

دکتۆر عومەر سورچی، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو دەڵێت، ڤایرۆسی جۆری (A-E) زۆر ترسناک نین و نیشانەکانیان لەماوەی هەفتەیەک بۆ دوو هەفتە لەجەستەی مرۆڤدا دەردەکەون. بەشێوەیەکی گشتیش زۆربەی تووشبووان لەماوەی مانگێک بەتەواوی چاکدەبنەوەو جارێکی دیکە تووشی ڤایرۆسەکە نابنەوە، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان دەبنە درێژخایەن. گوتیشی "ئەم دوو ڤایرۆسە لەرێگەی خواردن و خواردنەوەی پیسبوو، سەوزەی نەشۆراوە، مێش و مەگەز، دەستی پیسبوو بەپاشەڕۆ و هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسی تووشبوو، تووشی مرۆڤ بەتایبەتیش منداڵ دەبێت".

ئەو پسپۆڕەی هەناو دەڵێت، نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە بەگشتی هاوشێوەن، بریتین لە بێهێزبوون، تای بەرز، ئازاری سک و جومگە، ئارەزوونەکردنی خواردن، هێڵنجدان، رشانەوە، زەردبوونی پێست و سپێنەی چاو، گۆڕانی رەنگی میز ، ئاوسانی جگەر و سپڵ، دابەزینی کێش، دروستبوونی پەڵەی سوور لەسەر لەش، خورانی لەش. وەک ئەو گوتی، ئەم نیشانانە لەجۆری (B-C- D) دوای سێ مانگ دەردەکەون، بەڵام لەهەندێ حاڵەت هەڵگری ڤایرۆسەکە هیچ نیشانەیەکی لەسەر دەرناکەوێت، بەڵام توانای گواستنەوەی نەخۆشییەکەی هەیە".

## جۆرەکانی (B- C) کوشندەن

دکتۆر ئیبراهیم تاهیر، سەرپەرشتیاری یەکەی هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی لە فەرمانگەی پاراستنی تەندروستی هەولێر دەڵێت، بەپێی لێکۆڵینەوەکان، دەرکەوتووە 75%ی هەڵگرانی ڤایرۆسی جگەر لەجۆری ( B ) دوای چەند ساڵێک ڤایرۆسەکە لە لەشیاندا نامێنێ، بەڵام 25%یان نەخۆشییەکەیان دەبێتە درێژخایەن و ڤایرۆسەکەیان بەردەوام گەشە دەکات، جاری وا هەیە لەیەک سیسی خوێن ژمارەیان دەگاتە 65 ملیۆن، بەمەش کاریگەری زۆرخراپ لەسەر خانەکانی جگەر دروست دەکەن و چالاکییەکانی کەمدەکەنەوە تا دەبێتە هۆی هەوکردنی توندی جگەر، بەتێپەربونی کاتیش لەماوەی 10 بۆ 20 ساڵ بەهۆیانەوە جگەر تووشی بەمۆمبوون یان شێرپەنجە دەبێ، هەندێ جاریش پەککەوتنی جگەری لێدەکەوێتەوە و نەخۆشەکە دەمرێت".

ئەو پسپۆڕە ئاماژەی بەوەدا کە هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی جۆری (C) لە جۆرەکانی دیکە مەترسیدارترە، چونکە پێچەوانەی جۆری ( B%75 ، ( ی کەسانی تووشبوو هەر لەساڵی یەکەمی تووشبوونەوە ڤایرۆسەکەیان گەشەدەکات و کار لەچالاکیی جگەریان دەکات. گوتیشی "نیشانەکانی ئەم ڤایرۆسە دوای سێ مانگ دەردەکەوێت، بەڵام دوای تێپەڕبوونی 10 بۆ 15 ساڵ کاریگەرییەکانی زۆر توند دەردەکەون، وەک بەمۆمبوونی جگەر ، شێرپەنجەی جگەر ، کۆبوونەوەی شلە لەناو سک، گەورەبوونی موولولەکانی خوێن لەناو گەدە ، نەخۆشی زەردوویی و جەڵتەی مێشک".

دکتۆر عومەر سورچی، رایگەیاند هەردوو جۆری ڤایرۆسی (B-C) بەشێوەیەکی گشتی لەرێگەی خوێن یان هەر شلەیەکی مرۆڤ ئەگەری گواستنەوەیان هەیە، لەوانە پەیوەندیی سێکسی، بەکارهێنانی دەرزیی پیسبوو، فڵچەی ددانی تووشبوو، کەرەستەکانی سەرتاشین، تاتۆکردن، لەرێگەی نەشتەرگەری و گواستنەوەی خوێن، شووشتنی گورچیلە ، وەرگرتنی ئەندامی کەسی تووشبوو، لەکاتی نەشتەرگەری ددان و شووشتنی ددان کاتێک ئامێرەکە بەڤایرۆس پیسبووبێ، دایکی تووشبوو بۆ کۆرپەکەی لەکاتی لەدایکبوون دەگوازرێتەوە.

گوتیشی "ڤایرۆسی جۆری (G- D) ناتەواون و بەتەنیا ناتوانن جگەر تووشی هەوکردن بکەن، بەڵام دەچنە لەشی ئەو کەسانەی کە تووشی هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی درێژخایەن لەجۆرەکانی (B-C) بوونە، یان تووشی ئایدزبوونە".

بەپێی ئاماری رێکخراوی تەندروستی جیهانی، زیاتر لە 500 ملیۆن کەس تووشی ڤایرۆسی هەوکردنی جگەر لە جۆری (B) بوونە، رێژەی مردن بەهۆیەوە ساڵانە دەگاتە ملیۆنێک کەس و زیاتر لە 4 ملیۆن کەسیش تووشی ڤایرۆسەکە دەبن.

هەر بەپێی هەمان ئامار، زیاتر لە 190 ملیۆن کەس هەڵگری جۆری (C) ن و ساڵانە 3 بۆ 5 میلۆن کەس تووشی دەبن.

بۆ هۆکارەکانی زیادبوونی ڤایرۆسەکە لە هەرێمی کوردستان، دکتۆر ئیبراهیم تاهیر، گوتی "هۆکارەکان زۆرن ، بەڵام دیارترینیان بریتین لە کرانەوەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بەرووی وڵاتان ، هاتنی کرێکارە بیانییەکان و ئاوارەکانی سووریا و خوارووی عێراق کە بەپێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە هەموو خێزانێک لەشارەکانی باشوور یەکێکیان هەڵگری ئەو ڤایرۆسەن. جگە لەوە هاتنی گەشتیاران بەو رێژە زۆرە هۆکارێکی دیکەی زیادبوونی نەخۆشییەکەیە لەکوردستان".

دکتۆر ئیبراهیم دەڵێت، هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی چارەسەری هەیە، بەشێک لە نەخۆشەکان لەرێگەی وەرگرتنی چارەسەرەوە چاکدەبنەوە، گوتیشی "بۆ رێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە هەر کەسێکی بیانی جا کرێکار بێت یان گەشتیار لە فرۆکەخانەکان پشکنینیان بۆ دەکەین ، پێش پێکهێنانی خێزان پشکنین بۆ هاوسەرەکان دەکەین و نووسراومان بۆ تەواوی نەخۆشخانەکانیش کردووە پێش نەشتەرگەری پشکنینی ڤایرۆسی بۆ نەخۆش بکەن، بەردەوامیش هەڵمەتی کوتان دژی نەخۆشیەکە بۆ منداڵان دەکەین، ساڵانەش پشکنین بۆ سەرتاشەکان دەکەین".

دکتۆر خاڵس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی رایگەیاند وەزارەتەکەیان بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکە، لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان یەکەی تایبەت بەنەخۆشییەکە کراونەتەوە. گوتیشی "ئەگەری زیادبوونی نەخۆشیەکە چاوەڕوانکراوە، چونکە زیاتر لە 50%ی هەڵگرانی نەخۆشییەکە نیشانەیان لەسەر دەرناکەوێت".

# وەرزش پیربوون دوادەخات



**رووداو-جەزیرە**

رۆژانە نیو کاژێر بەپێ رۆیشتن مرۆڤ دەپارێزێت لە نەخۆشییەکانی قەڵەوی و شەکرە، هەروەها مەترسی تووشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجە کەمدەکاتەوە.

زانایانی کۆلێژی زانست و تەکنۆلۆژیا لە زانکۆی ئاستۆنی بەریتانی، لە لێکۆڵینەوەکانیاندا ئاماژە بەوە دەدەن، رۆژانە بەپێ رۆشتن بۆ ماوەی نیو کاژێر وەک وەرگرتنی دەرمانێکی سیحری وایە کە بەرگری لە پیری و مردنی پێشوەختە دەکات، دڵەڕاوکێ و فشاری دەروونی کەمدەکاتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە دەبێتە هۆی زیادکردنی توانای جوڵەو بەهێزکردنی ئێسکەکان بەرامبەر شکان.

لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوەش دەکەن، رۆیشتن توانای بیرکردنەوەو هۆش بەهێزدەکات و ئازاری جومگەکانیش بۆ نیوە کەمدەکاتەوە.

زانایان ئامۆژگاری خەڵکی دەکەن بەوەی تەنها چاویان لە يارييە قورسەکان نەبێت، وەک ئەوانەی ماراسۆن یان یاری جوانیی لەش دەکەن، بەڵکو چاویان لەوانە بێت کە رۆژانەو بە بەردەوامی بەپێ رێدەکەن، چونکە تەنها بەو وەرزشە سادانە کە زۆربەی خەڵکی دەتوانن بیکەن، مەترسی مردن لەسەر ژیانیان بە رێژەی 20% کەمدەبێتەوە.

# وریای "دەرمانی خۆلاوازکردن" بن




لە بازاڕ و هەندێک لە دەرمانگە لاکۆڵانەکاندا، جۆری جیاوازی دەرمان دەفرۆشرێن کە دەگوترێت "100% سروشتین و لە گژوگیای میللی دروستکراون" و بەشێوەی حەب و چا و هاڕاوە بێ رێنمایی پسپۆڕی و بوونی نیشانەی سەلامەتییان لەلایەن دەزگای کواڵیتی کۆنترۆڵەوە، دەدرێنە ئەوانەی دەیانەوێ بێ خۆماندووکردن و دوورکەوتنەوە لە زۆرخۆری کێشیان دابەزێنن.

راست و دروستیی ئەو زانیاریانەی لەسەر پاکەتی دەرمانەکان دەنووسرێت، دەبێت لەلایەن ئاژانسێکی بڕواپێکراوی کواڵیتی کۆنترۆڵەوە پشتڕاست کرابنەوە، نەوەک تەنها پشت بە زانیارییەکانی کۆمپانیای دروستکەری دەرمانەکە ببەستی.

یەکێک لەو دەرمانانە کە چینییە بریتییە لە Que She . لەسەر ئەم دەرمانە نووسراوە "تەواو سروشتییە و تەنیا لە گیا کلاسیکییە میللییەکانی چین بەرهەم هێنراوە و لەرێگەی کەمکردنەوەی ئارەزووی خواردن و هاندانی سووتاندنی وزەوە لاوازتان دەکات". بەڵام کاتێک دەزگای خۆراک و دەرمانی ئەمریکی (FDA) پشکنینی بۆ دەرمانەکە کرد، بۆی دەرکەوت ئەوەی لەسەری نووسراوە هەڵخەڵەتێنەرە ئەگەرچی لە شێوەشدا وادیارە. ئەم دەرمانە گەلێ ماددەی زیانبەخشی تێدایە، وەک : fenfluramine کە ماددەیەکی ورووژێنەرە و دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە زمانەکانی دڵ و زیاتر لە 15 ساڵە لە ئەمریکا قەدەغە کراوە. هەروەها propranolol کە کاری نەرێنی لە دڵی تەندروست دەکات و بۆ تووشبووانی رەبوش زیانبەخشە. هەروەها ماددەی sibutramine ی تێدابوو کە ئەگەرچی کێش دادەبەزێنێ، بەڵام ئەگەری روودانی جەڵتەی دڵ و دەماخ زیاد دەکات، بەتایبەتی لەوانەی دڵیان ناتەواوە. جگە لەوانە، ماددەی ورووژێنەری ephedrine لەو دەرمانەدا هەبوو. ئەم ماددانە جگە لەو زیانانەی ئاماژەمان پێکردن، کارلێک لەگەڵ هەر دەرمانێکی پزیشکیی دیکە دەکەن کە کەسی نەخۆش بەکاریدێنێ.

دەزگای خۆراک و دەرمانی ئەمریکی دوای ئەو پشکنینە داوای لە خەڵکی وڵاتەکەی کرد هەتا پێکهاتەکانی ئەو "گژوگیا میللی" یانە لە تاقیگەی زانستیدا شی نەکرێنەوە و دەزگای بڕواپێکراوی کواڵیتی کۆنترۆڵ لە سەلامەتییان دڵنیا نەبێتەوە، دەرمانی دابەزاندنی کێش بەکارنەهێنن.

رێگەی راستەقینە و زانستیی دابەزاندنی کێش بریتییە لە وەرزشی رۆژانە و دوورکەوتنەوە لە تەمبەڵی، کەمکردنەوەی وزە لە خواردندا و زیادکردنی رەگەزە خۆراکییە پێویستەکان.

# شیردانی سروشتی دایکان لە ئەلزایمەر دەپارێزێ



**رووداو- ئیلاف**

توێژینەوەیەکی نوێی بەریتانی ئاشکرای کرد کە ئەو دایکانەی شیری سروشتی دەدەنە منداڵەکانیان لە مەترسی تووشبوون بە ئەلزایمەر بەدوور دەبن.

توێژەرانی زانکۆی کامبریج دەڵێن ئەمە پەیوەندی بەلایەنی بایۆلۆجی شیردانی سروشتی دایکانەوە هەیە و مەترسی تووشبوونیان بە ئەلزایمەر کەم دەکاتەوە. زانایان توێژینەوەیان لەسەر 81 خانمی بەریتانی کرد و بۆیان دەرکەوت پەیوەندی نێوان شیردانی سروشتی و ئەلزایمەر پەیوەندییەکی بەهێزە بەهۆی ئەم هۆکارانەوە: شیردانی سروشتی رێگر دەبێت لە دەردانی هۆرمۆنی پرۆجسترۆن. ئەم هۆرمۆنە لەکاتی سکپڕبوونی خانمان بەرز دەبێتەوە و رۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە پاراستنی مێشک لە ئەلزایمەر .

سەرپەرشتیاری سەرەکیی توێژینەوەکە مۆلی فۆکس لە زانکۆی کامبریج گوتی: نەخۆشیی ئەلزایمەر نەخۆشییەکی بڵاوە لە جیهاندا و زیاتر لە 53 ملیۆن تووشبووی هەیە لە جیهاندا. لە داهاتوودا پێشبینی دەکرێت لە وڵاتە هەژارەکان و مامناوەندەکاندا زیاتر بڵاوبێتەوە، بۆیە زۆر گرنگە چارەسەرێک بدۆزرێتەوە بۆ پاراستنی خەڵکی لەم نەخۆشییە کوشندەیە .

# خواردنی سێو جەڵتەی دڵ کەمدەکاتەوە

**رووداو- دەیلی مەیڵ**

پزیشکانی بەریتانی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد ئەوەیان دەرخست کە خواردنی رۆژانەی سێو مرۆڤ دەپارێزێت لە تووشبوون بە جەڵتەی دڵ. توێژینەوەکە لە چین ئەنجامدراوە و نزیکەی حەوت ساڵی خایاندووە.

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، رۆژانە خواردنی یەک سێو ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی دڵ بە رێژەی 40% کەم دەکاتەوە و بەرێژەیەکی بەرچاو ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی دەماخیش کەمدەکاتەوە. هەر لەم توێژینەوەیەدا، توێژەران بە بەردەوامی هانی خواردنی میوە جۆراوجۆرەکانیان بەگشتی دەدا. د. ژێنگمین چێن بە دەیلی مەیڵی راگەیاند: "ئەو کەسانەی کێشەی دڵ و پەستانی خوێنیان هەیە پێویستە بە بەردەوامی سێو و میوەی فرێش بخۆن.



# شەڕی داعش..
# شەڕی 40 ولات و 87 رەگەزی ناو داعش

**غازی حارس**
**رووداو- هەولێر**

## شەڕی داعش لە هەولێرەوە دەستپێدەکات

دوای تێپەڕبوونی 100 ساڵ بەسەر جەنگی یەکەمی جیهانی و 75 ساڵ بەسەر جەنگی دووەمی جیهانیدا، جەنگی سێیەمی جیهانی لەبەردەرگایە، بەلام جەنگێکی چەند مانگی و لە پانتاییەکی زۆر فراواندا نا، بەڵکو لەسەر خاکی عێراق و سووریا، هەروەک چاوەڕوان دەکرێت پریشکی ئەو شەڕانە دەگاتە هەندێک ئاوایی سنووریی لوبنان، نموونەی عرسال، هەروەها بنکەکانی داعش لە تەرابلوسی باکووری لوبنان.

## هاوپەیمانیی 40 ولات لە دژی داعش

شەڕەکە 40 ولات، لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانەوە، بە رێگای هێرشی ئاسمانی دەیکەن، بەرامبەر چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی کە بە گوتەی شارەزایان لە 87 رەگەزی جیا جیا پێکهاتوون، لەوانە سەرجەم ولاتانی عەرەبی بەبێ جیاوازی خەڵکی چەکداریان هەیە لە ریزەکانی داعشدا، بەگوێرەی مەزەندەی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا ژمارەیان لە نێوان 20 هەزار چەکدار بۆ 31 هەزار و 500 چەکدار دەبێت.

## زیادبوونی ژمارەی چەکدارانی داعش

بەگوێری مەزەندەی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا کە پشتی بە راپۆرتەکانی نێوان مانگی ئایار بۆ مانگی ئاب بەستووە و لەسەر زاری گوتەبێژ راین ترابانی ئاشکرا کراون، سەرەتا ژمارەی چەکدارانی رێکخراوەکە تەنیا 10 هەزار کەس بووە، دواتر بەهۆی سەرکەوتنەکانی رێکخراوەکە لە مەیدانەکانی شەڕ و دەستبەسەرداگرتنی ئەو پانتاییە فراوانەی نێوان سووریا و عێراق لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ، ژمارەی چەکدارانی رێکخراوەکە، بە هۆی پەیوەندیکردنی خەڵکی خۆجێیی بە رێکخراوەکە، گەیشتووەتە ئەو ژمارەیەی ئێستا.

## تەنیا 10 ولاتی عەرەبی

هاوپەیمانییە سەرەکییەکەی دژی داعش، تاوەکو ئێستا بە روونی 10 دەوڵەت لەخۆدەگرێت کە بریتین لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، کەنەدا، ئوستورالیا، تورکیا، ئیتالیا، پۆلۆنیا و دانمارک. هەروەها 30 دەوڵەتیش وەک بەشداری هاوپەیمانییەکەن، لەوانە 10 ولاتی عەرەبی کە لە کۆتایی کۆبوونەوەکەی جەددە، بە ئامادەبوونی جۆن کێری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پەیمانی بەرەنگاربوونەوەی داعشیان داوە، ئەمانیش بریتین لە، سعودیە، بەحرەین، ئیمارات، عێراق، قەتەر، کوێت، عوممان، میسر، ئوردن و لوبنان، بەلام سووریا و ئێران جیاکراونەتەوە.

## 50 هەزار لە سووریا و 30 هەزار لە عێراق

دروست تاوەکو ئێستا، کەس نازانێت ژمارەی چەکدارەکانی داعش چەندە، هەروەک نازانرێت دروست ژمارەی چەکدارە بیانییەکانی ناو رێکخراوەکە لە سووریا و عێراق چەندن.

بەگوێری قسەکانی ماسیۆ ئۆڵسن، بەڕێوەبەری ناوەندی نیشتمانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە ئەمریکا، کە چەند مانگێک بەر لە ئێستا گوتی "لەماوەی 3 ساڵی شەڕی سووریا، 12 هەزار بیانی چوونەتە بازنەی شەڕەکە لە سووریا، لەوانە 100 کەسیان خاوەنی رەگەزنامەی ئەمریکین، هەروەها 1000 کەسی دیکەیان رەگەزنامەی ئەوروپییان هەیە کە زۆربەیان چوونەتە ریزەکانی داعش".

## داعشە بیانییەکان خەڵکی ولاتانی ناموسڵمانن

ماڵپەڕی دەیلی بێستی ئەمریکا دەڵێت "زۆرینەی چەکدارە بیانییەکانی داعش خەڵکی ولاتانی ناموسڵمانن و ژمارەیان دەگاتە 20 بۆ 25 هەزار شەڕکەر، لەوانە 700یان لە فەرەنساوە هاتوون کە ژمارەی موسڵمانان تێیدا 5 ملیۆن کەسە، هەروەها بەریتانیا 500 چەکدار کە ژمارەی موسڵمانان تێیدا 2 ملیۆن و 700 هەزار موسڵمانە، 350 ئەڵمانی کە ژمارەی موسڵمانان لە ولاتەکەدا دەگاتە 5 ملیۆن کەس، ئەمە لە کاتێکدا ئەندەنووسیا کە گەورەترین ولاتی موسڵمانانە و ژمارەی موسڵمانانی 200 ملیۆن کەسە، تەنیا 30 کەسیان چوونەتە نێو داعش، هیندستانیش کە ژمارەی موسڵمانانی دەگاتە 120 ملیۆن موسڵمان، تەنیا 20 کەسیان چوونەتە ریزەکانی داعش.

## بیانییەکانی ناو داعش

لە کاتێکدا دەگوترێت داعش تاوەکو مانگی حوزەیران، تەنیا "4 هەزار چەکداری هەبووە"، ئەمە بەگوێرەی راپۆرتێکی جیسیکا لویس، بەڕێوەبەری بەشی لێکۆڵینەوە لە پەیمانگای بەرەڤانی ئەمریکا، بەلام رامی عەبدولرەحمان سەرۆکی روانگەی مافی مرۆڤی سووریا لە لەندەن، 19ی مانگی ئابی رابردوو رایگەیاند "داعش لە سووریا 50 هەزار چەکداری هەیە، 30 هەزار چەکداریشی لە عێراقدا هەیە کە هەزاریان چیچانین.

بەگوێرەی راپۆرتێکی "گرووپی سۆڤان"، کە لە بواری لێکۆڵینەوەی هەواڵگری چالاکە و بارەگاکەی لە نیویۆرکە، بەر لە دوو مانگ ئاشکرای کرد "12 هەزار بیانی لە 81 ولاتەوە بە چەند قۆناغێک چوونەتە بازنەی شەڕی سووریا، کە 3 هەزاریان ئەوروپایین"، بە گوێرەی راپۆرتێکی دیکەی پشتڕاستنەکراوەش 93 رەگەزی جیاواز چەکداریان لەنێو داعشدا هەن.بە گوێرەی رۆژنامەی "ها ئارێتس"ی ئیسرائیلی کە ئەم هەفتەیە بلاویکردووەتەوە "800 چەکداری رووسی لەنێو ریزەکانی داعشدا هەن، تونسیش لەسەرەوەی ریزبەندی ولاتانی عەرەبییە بە 3 هەزار چەکدار، هەروەها 51 ئیسپانی و 100 ئەمریکی و 500 بەریتانی.

بەگوتەی تۆماس دێی، وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیاش لە ساڵی 2011 ـەوە تاوەکو ئێستا 400 ئەڵمانی بوونەتە داعش، کە تەنیا 100 کەس لەو ژمارەیە گەڕاونەتەوە ئەڵمانیا، تێکڕای ژمارەی ئەورپییەکانیش لەناو داعش لە عێراق و سووریا بە زیاتر لە 2 هەزار چەکدار دادەنرێن.

## چەکەکانی دەستی داعش

داعش بەر لە لێدانی گورزی ئاسمانی لەلایەن ئەمریکاوە، بووبووە خاوەنی ملیاران دۆلار و تانک و تۆپ و رۆکێت و تەنانەت فڕۆکەش، کە بە گوتەی خۆیان "لە غەزەوات"ەکانی عێراق و سووریا دەستیان کەوتوون.

## رێکخراوە هەرە ترسناکەکە

داعش پێشتریش لە عێراق شەڕی سوپاکانی ئەمریکا و بەریتانیا و چەندین میلیشیای دیکەی کردووە، ئێستاش دژی سوپای عێراق و هێزەکانی سەحوە و پێشمەرگە و میلیشیا شیعەکانی عەسائبی ئەهلی حەق و سوپای مەهدی و هەردوو حیزبوڵلاکانی عێراق و لوبنان و سوپای سووریا و سوپای ئازاد و بەرەی نوسرە و هەروەها بەرە و کەتیبەی دیکەی ئیسلامی شەڕ دەکات، لە ئەنجامی ئەوەشدا ئێستا بووەتە رێکخراوێکی بەتوانای ترسناک کە لە هەموو رێکخراوە ئیسلامیەکانی پێش خۆی مەترسیدارترە.



---

# شیعە و سوننە پشکەکانیان بەشکردوون و کوردیش چاوەڕوانە

## لە کۆی 31 دەنگی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق کورد 5 دەنگی دەبێت


(فۆتۆ: رۆیتەرز)

**ئاسۆ فیشەکی**
**رووداو-هەولێر**

یەکلاکردنەوەی پۆست و وەزارەتە یەکلانەکراوەکانی حکومەتی نوێی عێراق، بە سەرۆکایەتیی حەیدەر عەبادی، خەمی یەکەمی سەرۆکوەزیانە. ئەو بەڵێنیداوە تاوەکو رۆژی 2014/9/16، یەکلایان بکاتەوە و کاندیدانی لایەنەکانیش بۆ ئەو وەزارەتانە پێشکەشی پەرلەمان بکات. بەلام پێناچێ عەبادی بتوانێ لەو ماوەیەدا پشکی کورد لە کابینەکەیدا یەکلایی بکاتەوە. سەرچاوەیەکی عێراقیش بە (رووداو)ی گوت: "بەشداریکردنی کورد لە حکومەتی عێراق و هەڵوێستی ئێستای کورد ئاماژەیەکە بۆئەوەی کورد بۆ رازیکردنی لایەنێکی دیکە بەشداریی لە حکومەتی عێراقدا کردووە. بۆیە زۆر خەمی پشکی خۆی لەو حکومەتەدا ناخوات".

تەلال زەوبەعی، پەرلەمانتار لەسەر لیستی یەکێتی هێزەکانی سوونە، کە گەورەترین فراکسیۆنی سوننەیە لە پەرلەمانی عێراقدا بە (رووداو)ی گوت: "یەکێتی هێزەکانی سوونە، جابر جابری بۆ وەرگرتنی وەزارەتی بەرگری لە کابینەکەی حەیدەر عەبادی کاندیدکردووە و هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعەش، قاسم ئەعرەجیی لە فرکسیۆنی بەدر بۆ وەزارەتی ناوخۆ کاندیدکردووە. بەلام ماوەتەوە پەرلەمان متمانە بداتە ئەو کاندیدانە بۆئەوەی پرسی وەزارەتی بەرگری و ناخۆ یەکلایی بێتەوە". زەوبەعی ئاماژەی بەوەشدا کە "بەدەستهێنانی متمانەی پەرلەمان بۆ ئەو کاندیدانە مسۆگەرە، چونکە هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە و یەکێتیی هێزەکانی سوونە پێکەوە خاوەنی زیاتر لە 200 کورسیی پەرلەمانیی عێراقن. لەکاتێکدا کاندیدەکان تەنیا پێویستیان بە 165 دەنگ هەیە بۆ وەرگرتنی متمانە".

دەربارەی یەکلاییبوونەوەی کورد لەسەر کاندیدەکانی، فریاد رەواندزی، گوتەبێژی شاندی دانوستاندنکاری کورد لەگەڵ بەغدا، بە (رووداو)ی گوت: "کورد هێشتا مەسەلەی پشکی خۆی لە حکومەتی نوێی عێراقدا یەکلانەکردووەتەوە و کاندیدانی کوردیش هێشتا بڕیاریان نەداوە لە پۆستە نوێکانیاندا لە حکومەتی عێراق دەوام بکەن یان نا. چونکە لەوەتەی عەبادی کابینەکەی راگەیاندووە، شاندی دانوستاندنکاری کورد کۆتایی بە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە هێناوە، بەلام من و دکتۆر رۆژ نووری شاوەیس و هۆشیار زێباری، متمانەی پەرلەمانیمان بەدەستهێناوە، لەکۆتاییشدا پۆست و وەزارەتی پشکی کوردیان لە حکومەتی عێراق پێدەسپێردرێ".

سەبارەت بە میکانیزمی دەستنیشانکردنی کاندیدەکان بۆ حکومەتەکەی عەبادی، پەرلەمانتارێکی هاوپەیمانیی وەتەنییە، بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی، جێگری سەرۆککۆماری عێراق، بە (رووداو)ی راگەیاند: "دەستنیشانکردنی کاندیداکان بۆ وەرگرتنی وەزارەتەکانی عەبادی بە میکانیزمێکی سەرسوورهێنەر بەڕێوەچوو. تەنانەت هەندێک لە وەزیرانی کابینەکەی عەبادی ئاگاداری هیچ نەبوون و لەپڕێکدا تەلەفۆنیان بۆ کراوە و پێیانگوتراوە ئێوە بوونەتە وەزیر. ئەمەش راستییەک دەسەلمێنێ کە کابینەکەی عەبادی تەکنۆکرات نییە و تەنها لە کاندیدی لایەنەکان پێکهاتووە، جا ئەو کاندیدانە هەرچییەک بن".

ئەو پەرلەمانتارەی هاوپەیمانیی وەتەنییە گوتیشی: "بە خاڵبەندی و پشکی پێکهاتەکانی نێو هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە، وەزارەتی ناوخۆ بۆ رێکخراوی بەدر یەکلایی بووەتەوە. هەروەها هەرچەندە لایەنەکان کاندیدکردنی هادی عامری-یان بۆ وەزارەتی ناوخۆ رەتکردەوە، بەلام ئەوەی لەبری عامری وەزارەتی ناوخۆی پێدەسپێرێت، هیچ لە عامری باشتر نابێت". ئەو پەرلەمانتارە، کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێ، ئاماژەی بەوەشدا کە "یەکێتیی هێزە نیشتمانییەکانی سوونە خاڵەکانی خۆی لە پۆستی جێگری سەرۆککۆمار و سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکوەزیراندا خەرجکرد، بەلام بە پاڵپشتیی ئەمریکا و چەند ولاتێکی دیکە توانییان هەشت وەزارەت لە هاوپەیمانیی نیشتمانی شیعە وەربگرن. وەک هاوپەیمانیی وەتەنییەش بەڵێنمان پێدراوە کە پۆستی سەرۆکی دەزگای هەواڵگری و پۆستی بەڕێوەبەری تۆڕی میدیایی و راگەیاندنی عێراقمان پێبدرێت، لەگەڵ وەزارەتێکی دیکە لە کابینەکەی عەبادیدا". ئەو پەرلەمانتارەی هاوپەیمانییەکەی عەللاوی زیاتر لەوبارەوە گوتی: "بەشداریکردنی کورد لە حکومەتی عێراقدا و هەڵوێستی ئێستای کورد ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە کورد بە رازیکردنی لایەنێکی دیکە بەشداریی لە حکومەتی عێراقدا کردووە، بۆیە ئێستا زۆر خەمی پشکی خۆی لەو حکومەتەدا ناخوات". ئەمە لەکاتێکدایە کە پشکی کورد لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بەپێی نەخشەی دابەشکردنی پۆستەکانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق، وەک حەیدەر عەبادی رایگەیاند "٥ دەنگە"، کە بریتین لە (جێگری سەرۆک وەزیران، وەزیری دارایی، وەزیری کۆچ و کۆچبەران، وەزیری گەشت و گوزار و وەزیری رۆشنبیری). ئەم پێنج دەنگەش لە کۆی 31 دەنگە کە هەموو وەزیرانی حکومەتی عێراق و سەرۆک وەزیران و جێگرانی هەیانە. بەمەش کورد ناچار دەبێ بۆ تێپەڕاندنی داواکارییەکانی لە ئەنجوومەنی وەزیران بە بڕیاری زۆرینەی شیعە قایل بێت.



د. هیوا حاجی

# دوو هەڵە و دوو مەترسی لە لێکدانەوەی تێرۆردا

لەگەڵ هەر شەپۆلێکی نوێی تێرۆردا، بەتایبەتی ئەو تێرۆرەی بەناوی دینەوە دەکرێ، مشتومڕەکان گەرموگوڕ دەبنەوە. لە پاش هێرشی داعشیش بۆ سەر کوردستان، دیسانەوە تێرۆری ئاینی بووەوە بابەتی ڕۆژ. بۆ هەمووان ئاشکرایە کە لە پاش ڕووداوەکانی 11ی سێپتێمبەر، لە زۆر نێوەندی سیاسی و ئەکادیمی و میللی، تێرۆری ئەم سەردەمە بە ئیسلامەوە لکێنرا. بەو واتایەی ئیسلام بە تاکە پاڵنەر، یان لانیکەم بە یەکێک لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی تێرۆر هەژمار کرا. ئەوەی تێبینی دەکرێ، لەسەر ئاستی جیهان و کوردستانیش، دوو هەڵەی مەترسیدار لە لێکدانەوەی پەڕگیری و تێرۆری ئاینیدا زەق بووەتەوە. لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا بەکورتی ئەم هەڵانە نیشان دەدەم:

**هەڵەی یەکەم:** - چونیەککردن (Homogenization)ی هێزە ئیسلامییەکان. بەشێک لەو کەسانەی قسە لەسەر تێرۆر دەکەن، تەنانەت لەنێو ئەکادیمیەکانیش، جیاوازیی نێوان هێزە ئیسلامییەکان فەرامۆش دەکەن. بەدیدی هەندێ کەس جیاوازییەکی گرنگ هەست پێناکرێت لە نێوان ئەو هێزانەدا. هەموویان، لەوپەڕی میانەڕۆ بۆ ئەوپەڕی پەڕگیر، وا دەبینرێن کە هەمان تێڕوانینیان هەیە بۆ ئاینده و هەڵگری هەمان بەهاو ڕێبازن. هەموو هێزە ئیسلامییەکان وا وێنا دەکرێن کە ئەگەر دەرفەتیان هەبێت و بگەنە دەسەڵات هەمان ڕێژیمی سیاسی بونیاتدەنێن و هەمان کولتوور و سانسۆر بەسەر پەیوەندییەکان و ژیانی ئاسایی خەڵکیدا دەسەپێنن. ئەم تێڕوانینە، هەموو هێزە ئیسلامیەکان دەخاتە ناو یەک خانەو وەک شتێکی لێکچوو دەیانبینێ. دیارە هەندێ کەسیش ئەو هێزانە بە مەترسی دەزانن تەنانەت بەو هێزانەشەوە کە لەناو پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا بەشدارن. بە باوەڕی من، ئەم خوێندنەوەیە زیاتر بنەمای ئایدیۆلۆژی هەیە تا بنەمای زانستی. ئەگینا لە ئاستی جیهانی و لە ئاستی کوردستانیشدا جیاوازیی گرنگ بەدیدەکرێت لەنێو ئەو هێزانەدا. ئەم جیاوازیانە تەنها لە ئاستی گوتار و سیاسەتی ڕاگەیەنراوی ئەو هێزانەدا نییە، بەڵکو لە ئاستی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیشیاندا ڕەنگیداوەتەوە. ئەمە بۆ ئایدیۆلۆژیا و هێزەکانی دیکەش، لە کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش ڕاستە. بۆ وێنە، هێزە سیاسیە نادینیەکانی کوردستانیش هەموویان هەمان شت نین. تێکڕای بزووتنەوە فێمینیستەکانی دونیاش، هەڵگری هەمان دنیادیتن نین بۆ گۆڕین و سەرلەنوێ دارشتنەوەی پەیوەندییەکانی هێز لە کۆمەڵگادا. بە هەمان شێوە، بزووتنەوەکانی داکۆکیکردن لە ژینگە و ئازادی و مافی مرۆڤ، کەم تا زۆر، لەنێو خۆیاندا جیاوازییان هەیە. لەبەر ئەوە چونیەککردنی هێزە ئیسلامیەکان بەشێوەیەکی میکانیکی و پێشوەختە و بەمەترسیدار وێناکردنیان لە هەڵەیەکی زانستی زیاتر نییە.

**هەڵەی دووەم:** - کورتکردنەوەی پەڕگیریی دینی بۆ ئیسلام و وڵاتانی موسڵمان. وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی موسڵمان هەندێجار بووەتە بەشێک لە سیاسەتی هەندێ لە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژئاواش. لەدوای ڕووداوەکانی 11ی سێپتێمبەر و دیمەنی ڕۆژانەی تێرۆری بەناو دین لە عێراق و ئەفغانستاندا، ئەم گۆشەنیگا پەڕگیرانە سەبارەت بە جیهانی ئیسلامی کڕیاری زیاتریان لە ڕۆژئاوادا دەستکەوتووە. گومان لەوەدا نییە کە بەشێک لە تێرۆری ئەم سەردەمە بنەمای ئایدیۆلۆژی هەیە. گرووپە ڕادیکاڵەکانی ئێستای جیهانی ئیسلامی پشت بە هەندێ بۆ هەندێ کەس ئیسلام بە سەرچاوەی پەڕگیری و تێرۆر دەبینرێ. یەکێک لە توێژەرانی ڕۆژئاوایی لە کتێبەکەیدا بە ناوی ڕۆژئاواو ئەوانیتر (The West and the Rest) بە ڕوونی دەڵێت کە ئیسلام لە پشت تێرۆری ئەم سەردەمەیە. بۆ ئەو، موسڵمانان سەرچاوەی مەترسین بۆ ڕۆژئاوا و لەوەوە داوای پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی کۆچ و مانەوە دەکات بەشێوەیەک کە دەرفەتەکانی تێکەڵاوی فیزیکیی ڕۆژئاوا و موسڵمانان کەم بکرێتەوە. لە ڕاستیدا، سنووردارکردنی لێکدانەوەی دیاریکراو دەبەستن بۆ دین. بەڵام کورتکردنەوەی تێرۆری ئێستا بۆ ئیسلام لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە ناڕاستی زۆری تێدایە. ئەوانەی ئیسلام بەسەرچاوەی تێرۆر دادەنێن، ئەو ڕاستیانە فەرامۆشدەکەن کە جیهانی ئیسلامی لە چ هەلومەرجێکی نالەباری نادادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا دەژی و ئەوە پشتگوێ دەخەن کە زۆربەی وڵاتانی موسڵمان ناچارن لەگەڵ دەسەڵاتگەلێکی توتالیتاردا دەستوپەنجە نەرم بکەن. دیسان هەر ئەو گۆشەنیگایە بێ ئاگایە لە ڕەوشی خراپی کەرتی پەروەردە و تەندروستی و خزمەتگوزارییە گشتیەکان. هەڵگرانی ئەم دیدگایە حیساب بۆ دەردی بێکاریی لاوان ناکەن کە بەرۆکی زۆربەی وڵاتانی موسڵمانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا گرتووە. بە کورتی، یەکسانکردنی ئیسلام بە تێرۆر، بریتیە لە نادیدەگرتنی کاریگەریی ڕەوشی نالەباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتانی موسڵمان لە پاڵنان بە بەشێک لە لاوانی نائومێد و ڕەشبین و تێوەگلانیان لە بزووتنەوە پەڕگیرەکاندا. لە تەنیشت ئەم ڕاستیەدا، بێگومان ڕەوشی سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی شکستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ کێشەی فەڵەستین-ئیسرائیل و مامەڵەی نادروست لەگەڵ "بەهاری عەرەبی" و بەتایبەتی تەنگژەی سووریا و پشتگوێخستنی مەلەفی عێراق زەمینەسازبوون بۆ گەشەکردنی تێرۆر لە ئێستای ناوچەکەدا.

> ئەوەی کە چۆن دەڕوانینە تێرۆر تا ڕادەیەکی زۆر دەستنیشانی ئەوە دەکات کە چۆن ڕووبەڕووی دەبینەوە

ئەم دوو هەڵە سۆسیۆلۆژیانە دەگونجێ ببنە هۆی بەرهەمهێنانی دوو مەترسی گەورە کە بریتین لە:

**مەترسی یەکەم:** چونیەککردنی هێزە ئیسلامیەکان و نادیدەگرتنی جیاوازییەکانیان مەترسی ئەوە دروست دەکات کە ئەم هێزانە وەک مەترسی هەمیشەیی شاراوە هەژمار بکرێن. بەو واتایەی کە ئەمانە جیاوازنین و لە هەر ساتەوەختێکدا، ئەگەر دەرفەتیان هەبێ ئەجێندایەکی شاراوەی نادیمۆکراتیک پیادە دەکەن. ئەم خوێندنەوەیە دەکرێ ببێتە لەمپەرێک لەبەردەم پێکەوە هەڵکردنی هێزە ئیسلامی و نائیسلامیەکانی کوردستان و لە کۆتاییشدا ئاشتی کۆمەڵایەتی بخاتە مەترسییەوە.

**مەترسی دووەم:** ئەگەر تێرۆر بە ئیسلام یان هێزە ئیسلامیەکان یەکسان بکرێت، ئەوا ئەگەری بەکارهێنانی میتۆدی ئەمنی-سەربازی لەدژیدا بەهێزتر دەبێت. بە پێچەوانەوە، ئەگەر تێرۆر لە چوارچێوەی ژینگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا لێکبدرێتەوە، ئەوا ئەگەرەکانی پشتبەستن بە میتۆدی ریفۆرمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ ڕێگرتن لە پەڕگیری و تێرۆری بەناو دینی زیاتر دەبێت. بۆیە ئەوەی کە چۆن دەڕوانینە تێرۆر، تا ڕادەیەکی زۆر دەستنیشانی ئەوە دەکات کە چۆن ڕووبەڕووی دەبینەوە.



د.هاوڕێ مەنسوور بەگ

# تورکیا خیانەتکارە یان گەمەکارێکی ستراتیجی؟

نزیکبوونەوەی داعش لە هەولێر و مەترسییەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان زۆربەمانی ڕاچڵەکاند.

یەکەم شت کە هاتە خەیاڵی هەر تاکێکی کورد لە کاتی نزیکبوونەوەی داعش لە هەولێر، ئەوەبوو کە تورکیا وەک بیلبیلەی چاوی خۆی ئەو ئەزموونەی ئێمە دەپارێزێ و، مەحاڵە ڕێگابدات چەتەکانی داعش لەو پایتەختە تازە لەدایکبووەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بووەتە شادەماری ئابووریی تورکیا و کۆمپانیا تورکیەکانی نەوت و پیشەسازییەکانی دیکە و بە بلیۆنان دۆلار سەرمایەگوزارییان تێدا کردووە، نزیک ببێتەوە. هەولێر ئەو ئاسۆ ڕوونەی تورکیایە کە بۆ یەکەم جارە لە مێژوودا، ئاسایشی وزەی پڕ لە هەستیاریی ئەنقەرە دوور لە هەیمەنەت و دێوەزمەی ڕووسیا و ئێران مسۆگەر دەکات. بێ زیاتر چوونە ناو پێشەکی و تیشک خستنە سەر گرنگیی پێگەی کوردستان بۆ تورکیا و بەڵگە هێنانەوە بۆ ستراتیجیبوونی پەیوەندیی ئاڵۆزی کوردستان و تورکیا، جێی خۆیەتی هەندێک لەو هۆکارانەی بوونە هۆکاری دوورکەوتنەوەی ئەنقەرە لە هەولێر لەو سات و کاتە ناسک و چارەنووسسازەدا باس بکەین.

سەرەتای مانگی تەمموز، کاتێک داعش پەلاماری شاری (مووسڵ)ی دا، یەکێک لە دەستکەوتەکانی داعش لەو پەلاماردانە بریتی بوو لەو 49 بارمتە تورکەی کە لە کونسوڵگەریی تورکیا بەدیل گیران، لە ناویشیان کونسوڵی گشتیی تورکیا و ڕاوێژکاری دێرینی ئەردۆغان، ئۆزتورک یەلماز. حکومەتی تورکیا هەر زوو ڕایگەیاند کە ئازادکردنی ئەو بارمتانە و بەسەلامەتی گەڕانەوەیان بۆ باوەشی خێزانەکانیان، لە گرینگترین ئەولەویاتی دەوڵەتی تورکیایە. بەدیلگرتنی کارمەند و دیپلۆماتکارەکانی تورکیا و ڕووداوەکانی دەستبەسەرکردنی دیل لەم شەڕەدا، دیمەنی ئەو 66 دیپلۆماتکارەی ئەمەریکای خستینەوە یاد کە لەلایەن (ئێران)ەوە لە سەرەتای مانگی نۆڤەمبەری 1979 لە تاران دەستبەسەر کران. ئەودەم، ئەمەریکا بە هەموو هێزو توانای خۆی تەنها دوای 444 ڕۆژ توانی ئازادیی بۆ بارمتەکان دەستەبەر بکات و بیانگەڕێنێتەوە بۆ کەناری ئارام. بێگومان ئەمەریکا بە درێژایی ئەو ماوەیە ئەوپەڕی نەرمونیانی دەنواند لە بەرامبەر هەموو گەڕوگێفەکانی ئیسلامییە خوێن گەرم و سەرەڕۆکانی تاران و بەهەموو شێوەیەکیش هەوڵی دەدا خۆی لە هەر شێوازێکی ئیستیفزازکردنی تاران بپارێزێت، تا نەبێتە هۆی مەترسی لەسەر ژیانی بارمتەکانی.

لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی ئێران-عێراق لە ساڵی 1980، ئەمەریکا بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دا بێلایەنی خۆی بپارێزێت و هیچ پەیامێکی دوژمنکارانە بۆ ئێران نەنێرێت کە دیسانەوە ببێتە مایەی ئازار گەیاندن بە بارمتەکان و پرۆسەی ئاڵۆزی دانوستاندن بۆ مسۆگەرکردنی ئازادکردنیان.

مەبەست لێرە بەراوردکردنی داعش و ئێران نییە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی دڕندەیی داعش و نەبوونی کەناڵی دیپلۆماسی و پێوەندیکردن لەگەڵی، داعش لەگەڵ هیچ هێزێکی دڕندەی ئەو سەردەمە ناشوبهێندرێت و وێنا ناکرێت. داعش تەنانەت لەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدەش بەراورد ناکرێت. بۆیە ئەرکی سەرشانی تورکیا بۆ مسۆگەرکردنی ئازادکردنی بارمتەکانی خۆی زۆر لە ئەرکی ئەمەریکای 1979 ئاڵۆزتر و مەترسیدارترە.

لەلایەکی دیکەوە، ڕووداوەکانی داگیرکردنی مووسڵ کەوتنە ساتە وەختێک کە هاوتەریب بوو لەگەڵ هەڵبژاردنێکی چارەنووسساز بۆ ئەردۆغان و پارتەکەی. هەروەها ئەمە یەکەمین هەڵبژاردن بوو لە مێژووی تورکیا کە سەرۆککۆمار ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت. لە هەمان کاتدا بە هەموو پێوەرەکان هەڵبژاردنێکی سەنگی مەحەک بوو بۆ ئەردۆغان. دەکرێت لێرەدا تیشک بخەینە سەر چەند هۆکارێک: یەکەم، لاوازبوونی حیزبەکەی ئەردۆغان پاش ئاشکرابوونی چەند گەندەڵیەکی ئاڵۆز کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دەنگدانەوەی گەورە و بێ وێنەی لێکەوتەوە و حوکمی ئەردۆغان و "ئاک پارتی" هەژاند. دووەم، بەهێزبوونی بزووتنەوە بەرهەڵستکارە لاوەکان دژ بە بڕیارەکانی شارەوانی ئیستەنبوڵ کە توانییان سەدان هەزار لاو بخزێننە سەر شەقامەکان و لەکەدارکردنی ئەردۆغان و پارتەکەی و ناسەقامگیرکردنی ئاسایشی ئیستەنبوڵ و سازدانی یاخیبوونی مەدەنی لە زۆرێک لە شار و شارۆچکەکانی تورکیا. سێیەم، هاتنەپێشەوەی کاندیدێکی لاوی کورد بۆ پێشبڕکێی سەرۆک کۆماری و دڵەڕاوکێ خولقاندن بۆ ئەردۆغانیەکان کە لەوانەبوو ئەو دەنگانەی لە باکووری کوردستان پاش پرۆسەی ئاشتی و سەردانە مێژووییەکەی بارزانی بۆ ئامەد بەدەستی هێنابوون، بخزێنە هەگبەی سەلاحەدین دەمیرتاش.

ئەو هۆکارە مەترسیدارانە باری ئەردۆغان و حکومەتەکەیان لار کرد بە جۆرێک کە ئەگەر ڕاستەوخۆ بەشداربن لە پێکدادانی نێوان هەولێر و دەوڵەتی تیرۆرستی ئیسلامی، ئەوا بێگومان سەری 49 کارمەند و دیپلۆماتکارەکانی تورکیا بە چەقۆی بێ بەزەیی داعش دەپەڕێ. بۆ نموونە، لە حاڵەتی کوژرانی دیپلۆماتکارەکاندا، خاڵێکی بەهێز دەکەوتە دەست نەیارانی ئاکەپە و ئۆپۆزسیۆنیش وای لەخەڵک دەگەیاند کە حکومەتەی ئەردۆغان ناتوانێت پارێزەری گیانی هاووڵاتیانی بێت و شایەنی دەنگی هیچ هاووڵاتیەکی تورکیا نییە. سەربڕینی 49 کارمەند و دیپلۆماتکار و کونسوڵی گشتیی تورکیا لە ساتی هەڵبژاردن، قێزەونترین دیاری دەبوو، پارتی فەرمانڕەوا پێشکەشی دەنگدەری تورکی دەکرد و زێڕینترین دەرفەتیش دەبوو بۆ نەیارانی ئاکەپە تا عەرشی ئەو ئەردۆغانە بلەرزێنن کە تا ئێستا هیچ هەڵبژاردنێکی نەدۆڕاندووە. تێکڕای ئەو هۆکارانە بوونە هۆی کەمبوونەوەی کارتەکانی دەست ئەردوغان بۆ گەمەکردن لەگەڵ دۆخی مەترسیداری هەولێر.

ئەگەر بابەتیانە سەیری پرسی بەهاوار نەهاتنی ئەنقەرە بۆ هەولێر بکەین، پێویستە بپرسین: بۆ دەبێت تورکیا ئەو ڕیسکە گەورەیە بە بارمتەکان و بە ژمارەی دەنگدەرانی بکات؟ کاتێک ئەمریکا بە خێرایی پاراستنی هەولێر و بەرژەوەندیی سەرجەم هاوپەیمانەکانی بە تورکیاشەوە خستە ئەستۆی خۆی، ئیتر لەو کاتە ناسکە تورکیا پێی دەگوزەرا، کاریگەریەکی ئەوتۆی نەدەبوو. پێموایە کە پاراستنی هەولێر بۆ تورکیا گرنگە. ئەگەر تورکیا چەند جارێک بەڵێنی پاراستنی (کوردستان)ی لەم چەند ساڵەی دواییدا دابێت، ئەمجارەیان بەبێ دەستێوەردانی سەربازی هەمان ئەنجامی پاراستنی (هەولێر)ی دەستکەوت. لە هەمان کاتدا، هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات و (ئەردۆغان)یش بوو بە یەکەم سەرۆکی هەڵبژێردراوی تورکیا و گیانی بارمتەکانیش تا ئێستا پارێزراوە.

دەستێوەرنەدانی تورکیا لە شەڕی هەولێر و چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، بێگومان زەنگێکی وشیارکردنەوەی مەزنە بۆ کورد، کە ئاسایشی نەتەوەییمان نابێت لەسەر پاڵپشتی هیچ وڵات و لایەنێک بونیادبنرێت. ئەگەر بۆ ئێمە دەستێوەرنەدانی تورکیا خیانەت و نائومێدی و بێ هەڵوێستیی ئەنقەرە بێت، بۆ سیاسەتمەدارانی تورکیا حیکمەتێکی گەورە بوو.

ئەنقەرە بێ هیچ سەرئێشەیەک ئامانجی ستراتیجی خۆیان پێکا، کە بریتی بوو لە ئیستیفزاز نەکردنی داعش و پاراستنی هەولێر لە یەک کاتدا. هەر لایەنێکیشمان (هەولێر و ئەنقەرە) لە هەمبانەی خۆی گوێز دەژمێرێت.



محەممەد حاجی کەریم

# ئەمریکا گێژەڵۆکەکە بە تەواوی ڕانامالێ

دەستپێکی 2013 لە دانیشتنێکدا لەگەڵ ڕەوانشاد فەلەکەدین کاکەیی، باس هاتە سەر نزیکبوونەوەی کەوتنی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد، ئەو پێیوابوو بەر لە نەورۆزی ئەو ساڵە ئەو ڕژێمە دەکەوێ و قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی لە سووریا دەستپێدەکات. ئەوانەی لەوێ ئامادەبوون هەموویان لەگەڵی هاوڕابوون. لێ دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دوو ساڵ بەسەر ئەو گفتوگۆیە، ئێستا دۆخەکە بەجۆرێکە، مەزندەکردنی ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد زۆر دژوار بووە.

پرسیار ئەوەیە: ڕەوشەکە بۆ وای لێهات؟ تۆ بڵێی وڵاتانی ڕۆژئاوا کار بە لۆژیکی هاوسەنگی ڕاگرتن لەنێوان لایەنە نەیار و شەڕکەرەکان بکەن؟ ئایا نایانەوێت ئاگری فیتنەکە زوو دابمرکێتەوەو لایەک بەسەر لایەکەی دیکەدا سەربکەوێت؟ وەک چۆن دانیال بایبس، بیرمەند و خاوەنی تیۆری (تۆقین لە ئیسلام)، ساڵی ڕابردوو ئامۆژگاریی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوای کرد کە پشتیوانی سیاسی و سەربازیی هەردوو لایەنی ململانێکەی سووریا بکەن، بۆ ئەوەی کەمترین مەترسییان بۆ سەر وڵاتەکانی ئەوان هەبێت.

ئایا دەکرێ سیاسەتی ئەمریکا و ئەورووپا بەرامبەر بە واقیعی سووریا بە چەشنی ئامۆژگارییەکەی بایبس وێنا بکرێت؟ دوور نییە لێکدانەوەیەکی ڕاست بێت، وەلێ ناکرێ هۆکاری دیکەی ناوخۆیی و دەرەکی لەبەرچاو نەگرین.

ماوەیەکی زۆرە پرسیاری ئەوە دەکرێت: بۆچی لە بەرامبەر ئەو هەموو خوێنڕژان وماڵوێرانییەی سووریا، هەڵوێستێکی ئەرێنی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەتایبەت ئەمریکا و زۆر لە وڵاتانی ئەورووپا نابینرێت؟ ئاخۆ ئەوان مەبەستیانە ئەو ڕەوشە مەترسیدارە پتر درێژە بکێشێ؟ ئەی ئەگەر وانییە بۆچی کارێک بۆ یەکلاکردنەوەی بارودۆخەکە ناکەن و ئاوێک بەو ئاگرەدا ناکەن؟

دەڵێی بەرپرسانی ئەو وڵاتانە، بە لۆژیکی دانیال بایبس مامەڵە لەگەڵ پرسی سووریا دەکەن و ژیان و ئازار و خوێنڕژان و ئاوارەو دەربەدەربوونی گەلانی ئەو وڵاتەیان بەلاوە گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی بەلای ئەوانەوە گرنگە پرۆشکی ئاگری ململانێکە لەوان دووربێ.

دوای پتر لە سێ ساڵ و نیو لە شەڕ و ململانێی خوێناوی، هەنووکە ئەو وڵاتە لە دۆخێکدایە زیاتر لە سێ ملیۆن هاووڵاتی ئاوارەی وڵاتانن، وێڕای ئاوارەبوونی پتر لە شەش ملیۆنی دیکە لە ناوخۆی وڵات . 170 هەزار کەس کوژراون و سەدان هەزار برینداریش هەن. ئابوورییەکەی بە تەواوی داتەپیوەو بوارەکانی پەروەردە و تەندروستی و ئاو و کارەبا لە ئاستی نەبووندان.

لەگەڵ ئەوەش، ئەو قەیرانانە ڕۆژ دوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێ و ململانێیەکان توندتر دەبن، بەردەوام گرووپی توندڕەو لە گۆڕەپانەکە دەردەکەون، وێڕای فراوانبوونی بەریەککەوتنی زیاتری مەزهەبی و قوڵبوونەوەی ململانێی هەرێمایەتی.

بەشێکی ئاگرەکەی سووریا سەری کێشاوە بۆ عێراق و بارودۆخی ئێرەشی ئەوەندەی دیکە ئاڵۆز کردووە. ئیتر هەر پێشبینییەک بۆ ئەو جەنگە ڕەنگە دروست و واقیعی نەبێ. ئەستەمە بزانرێت دەربازبوونی ئەو وڵاتە لەو قەیرانە ترسناکە چەندی دیکە کاتی پێویستە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەمریکا وەک یاریکەری سیاسی لە ڕووداوەکانی سووریادا ڕۆڵی ئەرێنی نەبینێت، زۆر زەحمەتە بەو ئاسانییە کوشتوبڕی ئەو وڵاتە کۆتایی بێت. بە مانایەکی دیکە مەحاڵە بەبێ بڕیارێکی نێودەوڵەتی، سووریایەکی نوێ بێتە کایەوە.

بەڵام پێناچێ ئەمریکا بەپێی ستراتیژییە نوێیەکەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش ئامانجی کۆتاییهێنان بە قەیرانەکانی ئەو وڵاتەی هەبێ، هیچ ئاماژەیەکی ڕوونیش لە وتارەکەی یازدەی سێپتەمبەری ئەمساڵی ئۆبامادا ناخوێندرێتەوە. ڕاستە لەمەودوا ئەمریکا لە سووریاش داعش دەکاتە ئامانج، بەڵام ئەمە مانای شکاندنی تەلیسمی دۆخی چەقبەستووی ئەو وڵاتە نییە. جەختکردنەوەی بەردەوامبوونی هاوکارییەکانیشی بۆ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، مەبەست لێی ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد نییە.

جەوهەری پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا دەکرێ ئەم لۆژیکە بۆ عێراقیش ڕاستبێ؟ ئاخۆ ئەوان ڕەوشی عێراقیش هەروا دەبینن؟ ئایا مەبەستیان چارەسەرێکی بنەڕەتی و هەمیشەییە، یان دەیانەوێ ئاگری شەڕی تایفی و ئیسلامیستی سیاسی ماوەیەکی زۆرتر بمانسووتێنێ؟

ڕاستە ئەمریکا و زۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر مەترسی داعشدا هەوڵەکانیان چڕتر کردووەتەوە و هاوکاری هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دەکەن، لێ هەست ناکرێت مەبەستیان کۆتاییهێنان بێ بە گێژەڵۆکەی ئەو کێشەگەل و قەیرانانەی دەمێکە وڵاتیان داپۆشیوە.

کێشە کەڵەکەبووەکانی نێوان سوننە و شیعە، هەروەها بەغداو هەولێر گەورەتر دەبن، کەچی ئەمریکا بە لۆژیکی ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ڕکابەرەکان مامەڵە دەکات، بەمەش قەیرانەکان نەک هەر کۆتاییان نایەت، بەڵکو توندتر و ئاڵۆزتر دەبن.

دڵمان بە پشتیوانی و هاوکارییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە شەڕی دژ بە داعش خۆشبوو، لێ لە پێکهێنانی کابینەکەی عەبادیدا بە گوشار، یان خاترانەی ئەمریکا، ڕەوشەکە بە قازانجی حکومەتی عێراق شکایەوەو تاوەکو ئاستێکی زۆر وەک هەرێم و میللەتێکی فەرامۆشکراو و پەراوێزخراو خۆمان بینییەوە.

داخوازیەکانی کورد بە هەند وەرنەگیران و بێ وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنی تێپەڕین، تەنانەت لای عەرەب بەشداری کورد لەو کابینەیەدا وەک پێویست نەبووە جێی بایەخ. ئەمەش ئەو ڕاستییەی ئاشکرا کرد کە ئەمریکا بۆ بەدەستهێنانی ماف و داخوازییەکانی کورد لە بەغدا هیچ گوشارێکی دروستنەکرد، هیچ نەبووایە دەیتوانی بڕیاری تاکلایەنەی مالیکی بۆ بڕینی قوتی خەڵکی کوردستان هەڵوەشێنێتەوە.

ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێن، ئەمریکا بە لۆژیکی هاوسەنگی لەگەڵ هەولێر و بەغدا مامەڵە دەکات، نەک بە لۆژیکی کۆتاییهێنان بە کێشەکان و گەڕاندنەوەی ماف بۆ مافخوراو. ئەمەش نابێ وامان لێبکات، وەک خۆمان، خۆمان نەبینین و بە وەهم و خەیاڵ دونیا ببینین.



# بە فیکلانکۆ داینێن

گۆران محەممەد

کاتی خۆی کە مووچەیان بە دۆلار بوو، چۆڕێ دیناریش کە هەبوو بەوانیان دەدا، وامدەزانی مامۆستایانی زانکۆ هەلپەرستترین توێژن لە کوردستاندا، ئێستا مـوژدەی ئەوەیان دەدەمێ کە دەرکەوت ئیسلامییەکانی کوردستان، بۆئەوەی بە گشتیش قسە نەکەم، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی دوو هەلپەرستترین و بێ مەوقیفترین و ترسنکۆترین پارتی کوردین، ئاخر ئەگەر تۆزقاڵێک لە ئۆپۆزیسیۆنبوونیاندا راستگۆبان، ئێستا بە جورئەتەوە پرسی پارێزگاری سلێمانییان یەکلایی دەکردەوە، ئاخر کە نە دەنگ بە پاڵێوراوی یەکێتی و نەدەنگ بەوەی گۆڕان دەدەن و کۆتایی بەم دۆخە کۆمیدییەی سلێمانی ناهێنن، کە پرسی پارێزگارێکیان پێ یەکلایی نەکرێتەوە، ناشێ بەتەما بن ڕۆژێ لە ڕۆژان دەسەڵات بگرنە دەست و وڵاتێ بەڕێوە ببەن؟ ئاخر پارتە ئیسلامییەکانی کوردستان نەک هەر لەسەر پێی خۆیان نەوەستاون و ناشوەستن، بەڵکو ئێستا بە دوای کۆشێکدا دەگەڕێن تێیدا بحەوێنەوە، ئاخر ئەگەر تەماعیان لە باوەشی یەکێتی نەبایە، کۆشی گۆڕانیان جێنەدەهێشت.

خۆی پێدەچێ حیزبەکانی کوردستان پیس لە خەمی خەڵکدا بن، ئاخر کە تا ئێستا بە گۆڕان و یەکێتی و پارتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ نەیانتوانیوە پارێزگارێ بۆ سلێمانی دابنێن، زادەی ئەوە نییە کە بەرژەوەندیی خەڵکیان مەبەست نەبێ، لەوانەیە ئەنجامی ئەوەبێ کە بە هەموویان پیاوێکیان تێدا نییە شایستەی ئەوە بێت لە خزمەتی خەڵکی سلێمانیدا بێت.

باشە کە هەڵبژاردن هیچ بەها و نرخێکی لە یەکلاییکردنەوەی پلە و پۆستی پارێزگای سلێمانیدا نەبێ، کە دەنگی خەڵک هەر لەدوورەوە خۆش بێ، ئیتر بۆ سەرمان بەم بەزم و هەرایەوە دەئێشێنن، خۆ زۆر ڕێگای دیموکراسیانەی دیکە هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی پلەو پۆست، وەک شێر و خەت، لگاو، تەڕ و وشک، شەڕە کەڵەشێر یان فیکلانکۆ.

عەیب نەبێ گۆڕینەوە لەزۆر شتدا هەیە، جا چونکە لەوانەیە ئەم نووسینە بکەوێتە بەرچاوی تولفێ، بۆیە باسی ئەو شتانە ناکەم کە گۆڕینەوەیان تێدا ئاساییە، بەڵام گۆڕینەوە لە پلە و پۆستدا تازەیە، ئەوە داهێنانێکی کوردییە چوار ساڵی فەرمانڕەوایی کە دەبێ بۆ ناسینی بەرنامەی کەسێ یان پارتێک بێت، کورد کردوویەتی بە دوو کەرتەوە، تۆ لەوە گەڕێ میللەت فریا ناکەوێ بەرنامەی ئەم یان ئەویان بە تەواوی بناسێ و هەڵبژاردنی داهاتوو باشتر بڕیار بدا، کە لەسەر گۆڕینەوەش ڕێککەوتوون، هەر شاندە دێن و دەڕۆن بە لەنجەولار. هەواڵی پڕوپووچ بڵاودەکەنەوە لە نەشرەی ئەخبار. لە حەڤدەی شوباتدا زۆریان دا، بەڵێن بە خەڵکی شار. بە دوو حیزبی گوایە سەر بە پەروەردگار، گۆڕانخوازێک و دوو پارتی کەفتەکار، هێشتا پێیان یەکلایی نەکراوەتە، داخۆ کامیان یەکەمجار عەیب نەبێ لەسەری دانیشێ، کورسی پارێزگار.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# تورکیای خائین!!

بەدەنگەوە نەهاتنی تورکیا لەڕووی سەربازییەوە، زۆری نەماوە لەناو ڕای گشتیی کوردستاندا وەک نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، پشتتێکردنی ئەمریکا و پەیماننامەی جەزائیر تەحلیل و تەفسیر بکرێت. کەم نین ئەوانەی کە پێیانوایە ئەو بەدەنگەوە نەهاتنە هەم خیانەتە لە کوردی باشوور و هەمیش فەشەلی سیاسەتی پارتییە لە پشتبەستن بە تورکیا.

کێ چ دەڵێ با بڵێت، بەڵام بێ لەبەرچاوگرتنی هەندێک فاکت و ڕاستیی مێژوویی ناکرێ وا بە ئاسانی ئەو قەزاوەتە بکرێت کە تورکیا پشتی لە کورد کردووە یان نا؟ یان لە بنەڕەتدا هیچ بەڵێنێک هەبووە تا تورکیا خیانەتی لەو بەڵێنە کردبێت!؟

زۆر شت گوترا کە هەندێکی ڕاستە، تورکیا پشتیوانی لە جەبهەتولنوسرە دەکرد لەدژی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا، ئەو جەبهەتولنوسرەیەش لەوانەیە ئەمڕۆ بەشێکیان لەناو داعش بن پاش دووکەرتبوونیان. تورکیا ئێستاش پەشیمان نییە لەوەی کە پشتیوانی لە نووسرە کردووە، چونکە نووسرەی بۆ شتێک بەکاردەهێنا و سوپای سووریای ئازادیشی بۆ شتێکی دیکە.

با ئەوە وەکو بەرگریکردن لە تورکیا لەقەڵەم نەدرێت، بەڵام ئەگەر بەدەست تورکیا بووایە قەت ڕێگەی نەدەدا داعش پەلاماری کوردستان بدات، کە داعشیش پەلاماری دا، دیارە هەندێک شت لە کۆنترۆڵی تورکیاشدا نەما.

ساڵی 2011 کە ئەمریکا لە عێراق کشایەوە، پارتی کە پێشتر شێت و شەیدای ئەمریکا بوو، وردە وردە لە ئەمریکا سارد بووەوە و ڕووی خۆی بەرەو تورکیا وەرگێڕا، ئەگەرچی بە تەواوەتی پشتی لە ئێرانیش نەکرد، بەڵام پێیوابوو کە تاکە دەرگای ئومێد تورکیایە، بۆیە وای لێهات بارزانی و ئەردۆغان پێکەوە گۆرانی بڵێن! ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ ئەوەی کە تورکیا دەستی لە حکومەتی شیعەی بەغدا شووشت. دەستەواژەی "کوردستان" بۆ یەکەمجار لە دەمی پایەبەرزترین کەسایەتیی تورکەوە لە دیاربەکر دەرچوو. هەموو ئومێدیان بۆ دروست بوو کە گەورەترین پارێزەری کوردستان لەمەودوا تورکیایە، چونکە لە دوای ڕووداوەکانی موسڵیشەوە کە بۆ یەکەمجار بێ یەک دڵۆپ خوێن کەرکووک کەوتبووە دەستی کورد، تەنها وڵاتێک کە دەبووایە قسەی هەبێت و نەیبوو تورکیا بوو. ئەوە سیاسییەکانی کوردی لە پێشهاتەکانی دواییدا خستە هەڵەوە. چونکە ئێستاشی لەگەڵدا بێت کورد نەیانتوانیوە لە ماهیەتی حوکم لە ڕابردوو و ئێستای تورکیا تێبگەن، هێشتا بەشێکی زۆری کورد جیاوازیی نێوان دەوڵەت و حکومەت نازانن.

بۆچی تورک بە هانای کوردستانەوە نەهاتن؟ ئەوە پرسیارێکی گرنگە. بەڵام ئایا تورک هیچ بەرپرسیارێتییەکی ئەوتۆیان لە ئەستۆ بوو تا ئەمڕۆ وا بزانین خائینن؟ بۆ ئەمریکییەکان لە 1974 چ بەڵێنێکی نووسراویان (جگە لە نامەیەکی کیسنجەر) بە کورد دابوو! ئەدی بۆ ئێران هات؟ ئەو پرسیارانە زۆر بەجێن، بەڵام لە 2011 ەوە بنەڕەتی سیاسەتی ئەمریکا ئەوە بووە کە پارتی و تورکیا لێک دووربخاتەوە و بۆ ئەوەش ئەوەی لەدەستی هاتبێت کردوویەتی. دوای 2011 کە ئەمریکا فەشەلی خۆی لە وڵاتی بەناو عێراق ڕاگەیاند و دۆسیەکەی حەواڵەی ئێران کرد، ئەو دوو وڵاتە کلکیان لێک گرێدا، ئامانج یەکپارچەیی خاکی حوکمدارانی شیعە بوو!

تورکیا لەو مەسەلەیەدا تۆڵەی لە ئەمریکا و ئێران کردەوە، بۆیەش بە بیانووی ئەوەی کە 49 کەسی بە بارمتە گیراوە، خۆی دوورەپەرێز گرت. تورکیا لەگەڵ دابەشبوونی وڵاتی بەناو عێراقە، ئەگەرچی ئەوە بە ئاشکرا ناڵێت. بەڵام دروستبوونی ئەو بۆچوونە بریتی بووە لە گۆڕانێکی ڕیشەیی لە جیهانبینیی تورکیا، بڕبڕەی پشتی ئەو جیهانبینییە گۆڕینی تورکیا بووە لە وڵاتێکی عەسکەرتارەوە بۆ دەسەڵاتێکی سیڤیل کە دەیەوێ "سۆفت پاوەر"ەکەی کار بکات. گۆڕینی دەسەڵاتی عەسکەرتاریی تورکیا قوربانیی زۆری بۆ دراوە، ئەمڕۆ هەر ڕۆڵێک بە عەسکەر بسپێردرێتەوە، بنیاتنەرانی تورکیای نوێ مایەپووچ دەبن. بۆیە ئێستا تورک نازانن چۆن ئەوە لە دەسەڵاتی کوردستان بگەیەنن کە ئومێدی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بەند بووە بە هەڵوێستی ئەوان لە کەمکردنەوەی ڕۆڵی سوپا لە ناوخۆی خۆیان و هاوکات گۆڕینی ڕژێمی سووریا کە ئەمریکا بە ڕاسپاردەی ئیسرائیل نایەوێ بیکات.



قەرەنی قادری

# بەغدا بە ئێوە ئاقڵ نابێت

لە (2014/9/8)دا، سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە سلێمانی لە کۆبوونەوەدا بوو بۆ یەکلاکردنەوەی سیاسەتی ڕەسمیی هەرێمی کوردستان کە ئایا کورد بەشداری لە حکومەتدا بکات یان نا، لە هەمان کاتدا بەغدای تێکشکاو بەبێ ئەوەی حیسابێک بۆ کورد بکات و بێ کورد، کۆبوونەوەی پەرلەمانی بەڕێوەدەبرد. ئەوە یەکەمین پەیامی لووتبەرزانەی عەبادی بوو بۆ سەرکردایەتی سیاسیی کورد.

ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە هەرێمی کوردستان بە هاوکاری و یارمەتیی ئەوروپا و ئەمریکا بووەتە چەقی شەڕ لە دژی داعشی ئیسلامی و قورسایی ئەو شەڕەی لەسەر شانە، دەبا بۆ بەشداری لە حکومەتی عێراقدا هەر بەو قورساییە خۆی دەرخستبا، بەڵام سەرکردایەتی کورد پێچەوانەی کێش و دەوری هەرێمی کوردستانی نیشاندا و کورد زۆر بە لاوازی ڕووی لە بەغدا کردەوە.

ملۆزمەی داعشی ئیسلامی کارێکی وای کرد کە ئەمریکا و بەشێک لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بۆ بەربەرەکانێ لە دژی داعش لە عێراق، لایەنگری پێکهێنانی خێرای حکومەت بوون لە بەغدا، هەروەها بەشداریی نوێنەرانی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە کۆبوونەوەکەی سلێمانی، دەکرێت خاڵێکی دیکە بێت کە گوشاریان بۆ هەرێمی کوردستان هێنابێت بۆئەوەی لەو کارە خێرایەدا بەشداریی بکەن. بەڵام ئەوەی کە پەیوەندیی بە هەرێمی کوردستان و شێوازی بەشداریکردنی لە حکومەتەکەی عەبادیدا هەبێت، ئەوەیە کە کورد لەم قۆناغەدا و هەر لە یەکەمین هەنگاوی خۆیدا لە بەغدا شکستی خوارد. سەرکردایەتی سیاسیی کورد بۆ "بەشداریی مەرجدار"یان لە بەغدا، بە شەش داواکارییەوە، سێ مانگیان مۆڵەت بە عەبادی داوە تا داواکاریی ئەوان جێبەجێ بکات، ئەگەر تا سێ مانگی داهاتوو جێبەجێ نەکرێن، ئەوە سەرکردایەتیی کورد "هەڵوێستی دیکە"ی دەبێت. هەر ئێستا ئەولەویەتی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق شەڕ بە دژی داعشە و هەر بەپێی قسەکانی ئۆباما لەوانەیە لاوازکردن و لەبەینبردنی داعش سێ ساڵ بخایەنێت. ئەولەویەتی سیاسەت لە حکومەتەکەی عەبادیشدا، هەر شەڕ بە دژی داعشە. کەواتە مۆڵەتی سێ مانگەی هەرێمی کوردستان و شەڕی سێ ساڵەی ئەمریکا بە دژی داعش، چەشنێک ناکۆکی لە سیاسەت و بەرژەوەندی لە نێوان ڕۆژئاواییەکان و هەرێمی کوردستاندا دروست دەکات. کێشەی داعش دوای حکومەتی ئیسلامیی تاڵیبان و حکومەتەکەی سەددام حوسێن، ئەوە سێیەمین قەیرانە کە ڕووبەڕووی ئەمریکا دەبێتەوە. لە ئەگەری درێژخایەنبوونی شەڕی ئەمریکا بە دژی داعش کە قەیرانێکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە و، لە ئەگەری جێبەجێنەکردنی داواکارییەکانی هەرێمی کوردستان، ئایا نوێنەرانی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان و حکومەتی عەبادی دەکشێنەوە، یان هەر بە کشانەوەیان لە بەغدا ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی وەڕێدەخەن؟ بێشک لە دۆخێکی وادا، ئەمریکا و ئەوروپییەکان تووشی قەیران لە ناو قەیراندا دەبنەوە. هەرێمی کوردستان کە بە لاوازی ڕووی لە بەغدا کردەوە، ئایا دوای سێ مانگی دیکە ئەو توانایەی هەیە کە ماسوولکە پێشانی ڕۆژئاواییەکان بدات؟ پرسی کورد دەگەڵ بەغدا تەنیا ئەو شەش خاڵە نییە کە حکومەتی عێراق لە ماوەی سێ مانگدا چارەسەری بکات، هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی هەشت ساڵان مالیکی تاقیکردەوە، بەڵام بە ئاکامێکی ئەرێنی نەگەیشت. کۆمەڵێک پرس و داواکاریی کەڵەکەکراوی کورد لە بەغدا ماونەتەوە کە مالیکی نەویست چارەسەریان بکات، هیچ شک لەوەشدا نییە حکومەتەکەی عەبادی کە ئەولەویەتی سیاسەتەکەی شەڕ بە دژی داعشە، ناتوانێت لە سێ مانگدا وەڵامی "ئەرێنی"ی کورد بداتەوە. ئەو ئەگەرەش زۆر بەهێزە کە عەبادی لە ژێر ناوی ئەولەویەتی شەڕ لەدژی داعش، بەشێک لە پرسە گرینگ و هەستیارەکان هەڵپەسێرێت.

ئەزموونی ئەو هەشت ساڵەی کار لەگەڵ بەغدا ئەوەی نیشاندا کە نە سەریان لە دیموکراسی و فیدراڵی دەردەچێت و نە لە کۆنفیدراڵی، ئەوان تەنیا بەدوای ڕێککەوتنێکی سیاسیدا دەگەڕێن کە حکومەت پێکبێنن. عێراق وڵاتێکی قەیراناوییە و قەیرانی عێراق بە کورد چارەسەر ناکرێت. مێژوو ئەوەشی نیشاندا، هەر کاتێک هەرێمی کوردستان ویستبێتی قەیرانی عێراق چارەسەر بکات، هەر کورد زەرەری تێدا کردووە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ڕای گشتی لە هەرێمی کوردستان، هیچ بڕوایەکی بە بەغدا نییە و بیر لە سەربەخۆیی دەکاتەوە، بەڵام سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەر بەدوای تراویلکەدا وێڵە و بە گەڕدبینەوە لە بەغدا بە دوای "ترووسکایی"یەکدا دەگەڕێت. مەودا لە نێوان ڕای گشتی و سەرکردایەتی سیاسیی کورد، گەلێک زۆرە. ئێستا کە هەولێر بووەتە ناوەندێکی جیهانیی دژ بە داعشی ئیسلامی و دیپلۆماسیی ڕۆژئاواش لە پایتەختی هەرێمی کوردستاندا چڕبووەتەوە، باشترین دەرفەتە کە سەرکردایەتی کورد بتوانێت باشترین کەڵکی لێوەربگرێت و ئاراستەیەکی دیکە لە سیاسەت دابڕێژێت.



سیروان ڕەشید

# کاتی ئەوە هاتووە پارتی قەرزی گۆڕان بداتەوە

ڕۆژی 28ی ئەم مانگە (100) ڕۆژ بەسەر پێکهاتنی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕێ و زیاتر لە پێنج مانگیش بەسەر ڕێککەوتنی نێوان پارتی و گۆڕان بۆ پێکهێنانی حوکمڕانیی هاوبەش لە هەرێمی کوردستاندا کە ڕێککەوتنەکە ڕۆژی 17ی نیسان لەهەولێر ڕاگەیەنرا.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی متمانە پێدان و سوێندخواردنیدا لەبەردەوام نوێنەرانی گەل لە پەرلەمانی کوردستان گوتی "کابینەی هەشت کابینەی بنکە فراوانی یەکڕیزی و یەکبوونی نیشتمانی و چاکسازیە کە گوزارشت لە ئیرادە و خواستی هێز و لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان دەکات". بەڵام ئەم قسەیە هێشتا لە بواری پراکتیکدا نەبووەتە واقیع و بزووتنەوەی گۆڕان وەک هێزی دووەمی هەرێمی کوردستان نیگەرانە لە:

**یەکەم:** هەنگاوە چاکسازییەکانی ئەم کابینەیە تائێستا بۆ هاووڵاتیانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان دڵخۆشکەر و ئومێدبەخش نییە!

**دووەم:** لەکۆی زیاتر لە (500) پۆستی گرنگی ناو جیهازی حکومەت (لەخوارەوە جۆری پۆستەکانم وردکردووەتەوە)، ئێستا گۆڕان تەنیا (4) وەزیری نوێنەرایەتی بزووتنەوەکە و بەرنامە چاکسازییەکەی دەکات. کە دەبووایە حەقە بەشی گۆڕان لە هاوبەشیی ڕاستەقینەدا، لە بەشداری تەواوی ناو جومگە گرنگەکانی حکومڕانیدا ڕەنگی بدایەتەوە. لەماوەی پێنج مانگی ڕابردوودا کە پارتی ڕێککەوتنی لەگەڵ گۆڕان بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕاگەیاندووەو لەماوەی نزیک بە 100 ڕۆژی دەستبەکاربوونی کابینەکەشدا، گۆڕان کە بێدەنگی لە سستیی هەنگاوە چاکسازییەکانی حکومەت و حەقەبەشی پۆستەکانی خۆی کردووە، پەیوەندی بە سێ فاکتەرەوە هەبووە: (زەمەنی کورتی ڕێککەوتن و کابینەکە، بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لە بەغداوە، هەڵتۆقینی داعش و ڕووبەڕووبوونەوەی هەرێمەکەمان لەو شەڕەدا)..

بەڵام ئیتر کاتی ئەوە هاتووە پارتی وەک پێکهێنەری سەرەکیی حکومەت قەرزەکانی گۆڕان بداتەوە و دەستبکات بە جێبەجێکردنی خاڵی چوارەمی ڕێککەوتننامەکەی نێوانیان کە دەڵێ "چەسپاندنی پرەنسیپی (شەراکەت) لە دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، کە سەرجەم هێزە بەشداربووەکانی حکومەت هاوبەشی ڕاستەقینە بن لە دەسەڵات و دروستکردن و جێبەجێکردنی بڕیاردا".

بۆ بزووتنەوەی گۆڕان جێبەجێکردنی ئەو خاڵەی ڕێککەوتنەکە لەم دوو ڕووەوە خۆی دەبینێتەوە و ڕەنگدەداتەوە:

یەکەم: دەستپێکردن بە چاکسازی ڕیشەیی ڕاستەقینە وەک لە کارنامەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانیدا هاتووە کە ڕۆژی 6/18 لە پەرلەمانی کوردستان خوێندیەوە و گۆڕان بەجددی دەیەوێت لە هاوبەشبوونیدا پەیام و بەرنامەی لیستەکەی جێبەجێ بکات کە لە هەڵبژاردنی 9/21 دا بەڵێنی بەخەڵک دا.

دووەم: وەرگرتنی حەقە بەشی پۆستەکانی خۆی. بەوپێیەی 24%ی کۆی دەنگی خەڵکی هەرێمی کوردستانی بەدەستهێناوە، دەبێت لەکۆی جومگەکانی حوکمڕانیدا بۆ ئەم هێزە ڕەنگبداتەوە کە بەم شێوەیەیە:

– لەناو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان (نزیکەی 40 پۆستی سەرۆکی فەرمانگە و لیژنە و ڕاوێژکار) هەن کە دەبێت بەشی گۆڕانیشی تێدابێت.

– ئەو پۆستانەی لەناو ئەنجومەنی وەزیراندا گرنگییان هەیە و کەسە یەکەمەکانیشیان پلەی وەزیریان هەیە: (سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، سکرتێری قانونیی ئەنجومەنی وەزیران، گوتەبێژی حکومەت، ئەنجومەنی باڵای ئابووریی هەرێم، فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، فەرمانگەی پلاندانان، فەرمانگەی ئایتی).

– دەستەکانی: (دیوانی چاودێری دارایی، دەستەی دەستپاکی، دەستەی مافی مرۆڤ).

– دەیان پۆستی ناو دامەزراوەی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

– پۆستی 16 نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی ئەمریکا و ئەوروپا و ئاسیا و پۆستەکانی ناو فەرمانگەی پەیوەندییەکان لە هەولێر.

– پۆستەکانی بەڕێوەبەری گشتی لەناو وەزارەتەکان و دەستە سەربەخۆکاندا کە بەدەقیقی زیاتر لە (215) پۆستی بەڕێوەبەری گشتی لەناو وەزارەت و دەرەوەی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمدا هەیە و ئێستا لەو ژمارەیە (93)یان سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە و (114) بەڕێوەبەریان سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە و (8)ی تریشیان سەر بە لایەنەکانی دیکەن.

– پۆستی ڕاوێژکار لەدەزگاکانی حکومەتدا، کە ئێستا 188 پۆستی ڕاوێژکار لەناو ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکاندا هەیە و لەو ژمارەیەش (53) یان سەر بە یەکێتییە و (120) یشیان سەر بە پارتی و 15 ڕاوێژکارەکەی دیکەش سەر بە حیزبەکانی دیکەن. بەبێ ئەوەی تائێستا گۆڕان ڕاوێژکاری بۆ ئەو وەزارەتانەش دانابێت کە وەریگرتوون.

– پۆستی زیاتر لە 205 بەڕێوەبەری گشتی لەناو وەزارەت و ئەنجومەنی وەزیران و دەستەکان.

– دەیان پۆستی گرنگی ناو ئەنجومەنی دادوەریی هەرێم کە هەرچەندە بزووتنەوەی گۆڕان لەبواری دەسەڵاتی دادوەریدا شەڕی بێلایەنی و سەربەخۆبوونی قەزاو پیشەییبوون دەکات، بەڵام مافی خۆیەتی لە فۆرمولەکردنەوەی ئەو پلەو پۆستانەدا مافی پێداچوونەوەی هەبێت.

بارودۆخی سێ مانگی ڕابردووی هەرێمی کوردستان نیشانیدایین کە چاکسازی لە سیستمی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستاندا، ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستە و شەڕی داعش پێیگوتین چەند کڵۆڵ و لاوازین لە بواری ژێرخانی ئابووری و ژێرخانی ئیداری و ژێرخانی سەربازیدا!

بزووتنەوەی گۆڕان خوازیاری ئەوەیە لەدەسەڵاتدا بەردەوام بێت بەو مەرجەی بتوانێت لانیکەمی بەرنامە چاکسازییەکەی بخاتە خزمەتی خەڵکی کوردستانەوە و جێبەجێی بکات، وەڵامی ئەو بەردەوامیەش ڕەنگە تا ساڵێکی دیکە تەنیا لای پارتی بێت، بەڵام بەپێچەوانەوە گۆڕان لەناو حکومەتێکدا درێژە بەکارکردن نادات کە ببێتە هۆی چۆکپێدادانی!، ببێتە هۆی دوورکەوتنەوەی لە پرەنسیپ و پەیامە سەرەکییەکانی!، ببێتە هۆی ئەوەی بۆ هێزێکی دیکە ببێتە پاشکۆ!.

بزووتنەوەی گۆڕان ئێستا لەزیاد لە لایەکەوە لەژێر فشاردایە، فشاری دەنگدەر و هەڵسوڕاوەکانی و فشاری خەڵکی کوردستانیش، چونکە ئاستی چاوەڕوانییان لەوە زیاتر بوو کە ئێستا بەدەستی هێناوە، هەربۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە: پارتی دیموکراتی کوردستان کە شەریکی سەرەکیی گۆڕانە لەحکومەتدا، دەتوانێت بەجێبەجێکردنی ئەو بەڵێنی چاکسازییەی بەگۆڕانی داوە، نیگەرانی دەنگدەرەکانی بڕەوێنێتەوە، یان دۆخەکە دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنی دوو ساڵ پێش ئێستا؟ چونکە گۆڕان بەڵێنی بەخەڵک دابوو بە هەموو نرخێک نە بەشدار دەبێت لە حکومەت و نە درێژە بەمانەوەشی دەدات.



کامەران محەممەد عەزیز*

# کێشەکانی ستراتیژییەکەی ئۆباما

لە ئەدەبیاتی ستراتیژیدا، تێستی هەر ستراتیژییەک بریتییە لە "گونجاوبوون"، "پەسەندبوون" و "عەمەلیبوون"ی ئەو ستراتیژییە. هێشتا ڕۆشن نییە چۆن ستراتیژییەکەی ئۆباما لاوازکردن و لەناوبردنی داعش، هەرسێ بنەماکە لەخۆ دەگرێت لە کاتێکدا چوارچێوەی جوگرافیی ستراتیژییەکە لە سەرووی سنووری دەوڵەت– نەتەوەکانەوە بەڕێوەدەچێت.

یەکەم گەورەترین بەربەستی بەردەم سەرکەوتنی ستراتیژییەکەی ئۆباما لاوازیی حکومەت و سوپای عێراقە. دووەم، ئێستا و داهاتووی ئەسەد لە سووریا. سێیەم، ئەجێندا جیاوازەکانی ئێران و تورکیا. چوارەم، هاوپەیمانە عەرەبییە هەرێمایەتییەکانی ستراتیژییەکە خۆیان بەشێکن لە قەیرانەکە. پێنجەم، نیگەرانی و دوودڵیی ئیدارەی ئۆباما لە ناردنی هێزی سەربازی ئەگەر پێویستی کرد.

لێرەدا زیاتر لەگەڵ بنەمای سێیەمی تێستی ستراتیژی: "عەمەلیبوون" لەسەر ئەرزی واقیع لە عێراق دەرگیر دەبین. شکستی دەوڵەتی عێراق لە بەجێگەیاندنی ئەرکە سەرەکییەکانی وەکو سیستەمێکی سیاسی، هۆکارێکی گرنگی سەرهەڵدانی گرووپی تیرۆریستی داعش و هاوشێوەکانین لە عێراق. عێراقی ئەمڕۆ هیچ بەڵێنێکی باوەڕپێکراوی بە سەرکەوتنی ستراتیژییەکەی ئۆباما پێ نییە. بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراق، لە خۆگرتنی گلەییەکانی سوننە، چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوەند لەگەڵ هەرێمی کوردستان چەندێک پەیوەندی بە هەلومەرجی سیاسی و دۆخی هەنووکەییەوە هەیە، ئەوەندەش زیاتر پەیوەندی بە مێژوو و ستراکچەری کۆمەڵگای عێراقییەوە هەیە.

پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتووی عێراقی یەکێکە لەو ئامرازانەی کە ستراتیژییەکەی ئۆبامای لەسەر دەوەستێ لە پێناو بنیاتنانەوە و بەهێزکردنی سوپای عێراق، چونکە بڕیاری ناردنی سەربازی ئەمریکا جارێکی دیکە بۆ عێراق خەریکە لە فەرهەنگی ستراتیژیەتی سەربازیی ئەمریکا ڕەش دەکرێتەوە، هەروەها هیچ یەک لە هاوپەیمانە عەرەبەکانی ئەمریکا نە توانای ناردنی هێزی سەربازییان هەیە، نە خواستی ئەوەشیان هەیە. لەبەرئەوە پرسیاری ئەوەی کێ دەبێ شمشێرەکەی بەرەوڕووی داعشییەکان لە ئەرزی واقیعدا بەرزبکاتەوە، گەورەترین بەربەستی بەردەم گەیشتن بە خودی ئامانجەکانی ستراتیژییەکەیە.

"بنیاتنانەوە" یا بنیاتنانی سوپایەکی بە هێزی عێراقی پرۆسەیەکی درێژخایەنی سیاسی و سەربازییە. لە یەکەم هەنگاودا پێویستی بە لاوازکردنی دەسەڵاتی میلیشیا شیعەکان و عەشایەرە سوننییەکان دەبێت، ئەمەش بە لایەنی کەم کارێکی مەودادرێژی سیاسییە و پەیوەندی بە شەرعیەتی سیاسی حکومەتی عێراقەوە دەبێت. نەک حاڵی حازر خواستی لاوازکردن و پەراوێزخستنی ئەو گرووپانە بوونی نییە، بەڵکو خەریکە پشتبەستن بە گرووپە چەکدارە ناڕێکخراوەکان، دروستکردنی چەند "سەحوە"یەک دەبێتە نۆرمێک لە ستراتیژیەتی ئەمریکا لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە عێراق و لە جیهاندا. خودی ئەو گرووپانە پرسیار لەسەر ئیمکانیەتی پرۆسەی بە دامەزراوەییکردن و دیموکراسیکردنی عێراق دروست دەکەن لە مەودا کورت و درێژدا، هەروەها بەردەوامیی ئەو گرووپانە بووەتە بەشێک لە هەوێنی بیرکردنەوەکانی داعشخوازەکان.

لە مەودا کورتدا، ئەگەری زۆر هەیە بەشی یەکەمی ستراتیژییەکەی ئۆباما کە "لاوازکردن"ی داعشە لە عێراق، سەرکەوتوو بێت، بەڵام "لەناوبردن"ی داعش و داعشخوازەکان لە عێراق ئامانجێکە کە ستراتیژییەکەی ئۆباما لە بەرامبەریدا بێ چارە دەبینرێت.

***ماستەر لە دیراساتی ئاسایش، زانکۆی کیل– بەریتانیا و توێژەر لە سەنتەری توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژی.**



ئاکۆ محەممەد

# دەرفەتێک بۆ باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان

خۆپاراستن لە شەڕ دژی داعش، پلانی ئەو ڕێکخستنەی بۆ هێرشنەکردنە سەر کوردستان هەڵنەوەشاندەوە. داعش زیاتر لە ڕێکخراوی قاعیدە گوتاری عروبی و قەومیی عەرەبیی بەسەردا زاڵە. ئەو قەومیبوونەشی بە قسە و کردەوە بەرامبەر کورد دەرکەوت.

داعش لە باشووری کوردستان شەڕێکی گەورەی لەگەڵ کوردستان دەستپێکرد. لە ڕۆژئاوای کوردستانیش شەڕی لەگەڵ کورد هەیە. کەواتە ئەو شەڕە یەخەی کوردی گرتووە و هیچ ڕێکخراو و دەوڵەتێکیش لەبەر نێوبانگی نێودەوڵەتیی خۆی و، بەهۆی متمانەپێنەکردن، ناتوانێ لەگەڵ داعش هیچ ڕێککەوتنێک بکات.

ئەو شەڕەی یەخەی کوردی گرتووە، ئێستا لە بەرژەوەندیی کورددا وەرگەڕا بە شەڕێکی نێودەوڵەتی دژی داعش. ڕاستە کوردستان دەوڵەت نییە، بەڵام ئێستا مامەڵەیەکی نیمچە دەوڵەتی، ئەگەر نەڵێین تەواو دەوڵەتی، لەگەڵ کوردستان دەکرێت. بەڕاستیش کوردستان لە هەموو وڵات و دەوڵەتەکانی ناوچەکە گونجاوترە بۆ شەڕی دژی داعش. چونکە لەنێو گەلی کوردستاندا یەکڕیزییەکی کوردی هەیە لەدژی دەوڵەتی داعش. ئەو یەکڕیزییەی لە دەوڵەتانی ئەورووپاش زیاترە. ژمارەی کورد لەنێو ڕێکخراوی داعشدا، زۆر لە ژمارەی هاووڵاتییانی هەریەک لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان کەمترە لە ریزی چەکدارانی داعشدا. هەروەها ئەو پشتیوانییەی لەنێو بەشێک لە عەرەبی سوننە لە عێراق و سووریا و وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا هەیە بۆ داعش، بە هیچ شێوەیەک لەنێو کورددا نییە بۆ ئەو گرووپە.

کورد لەمێژە شەڕی سنووری وڵاتەکەی دەکات، بەتایبەتی لەنێو دەوڵەتی عێراقدا. داعش لەوبارەوە خراپتر لە سوپای مەزهەبیی عێراق مامەڵەی لەگەڵ کورددا کرد. ئەو شەڕەی ئێستا کورد دەیکات لەسەر سنوورەکانی و بۆ پاراستنی گەلی کوردستان، ڕەوایەتی و پشتیوانییەکی نێودەوڵەتیی لەپشتەوەیە. ئەو شەڕە بۆ کورد لە سێ خاڵدا زۆر گرنگە، یەکەم: پاراستنی سنوورەکانی و ڕزگارکردنەوەی خاکەکەی، دووەم: دوورخستنەوەی مەترسیی تیرۆر، سێیەم: تێکەڵبوون بە بەرەیەکی نێودەوڵەتی، کە کورد بیەوێ یان نا بەکردەوە تێکەڵی بووە.


کورد لەو شەڕەدا ناکەوێتە بەر لۆمەی ئێران و تورکیاش، کە خۆیان لە بوون بە بەشێک لە بەرەی ئەمریکا لەدژی داعش بەدوور دەگرن. چونکە ئێستا باشووری کوردستان بەکردەوە بەرگری لە سنوورەکانی تورکیا و ئێرانیش دەکات، کە ڕێگە نادات داعش بێتە کوردستانەوە، بەکردەوە ڕێگەی نزیکبوونەوەی داعش لە بەشێکی زۆری سنوورەکانی ئەو دوو دەوڵەتەش دەگرێت. هەروەها ئەو کۆمەڵکوژی و هۆڤیتییەی داعش بەرامبەر گەلی کوردستان ئەنجامیدا، ڕەوایەتیی تێکەڵبوون لە هەموو بەرەیەکی دژی داعشیدا پێدەبەخشێت. داعش شەڕی هەموو سیستمەکانی ئێستای جیهان دەکات. دژایەتییەکەشی هەموو سنوورێکی بەزاندووە. سەربڕینی دوو ئەمریکی و بەریتانییەک جیهانی حەپەساند، بەڵام قوربانییەکانی کورد، کە بەوشێوەیە و دڕندانەتر لە شنگال و شوێنەکانی دیکە کوژران، بە سەدانن. جگە لەوەش هەندێک لە کوردانی ئێزدی دەڵێن 1800 ژنی کوردی ئێزدی لەلایەن داعشەوە بردراون. کورد قوربانیی یەکەمی شەڕی ئەو ڕێکخراوەن لەدژی جیهان، بۆیە ئەرکی ئەخلاقیی جیهانە یارمەتیی ئاوارەکانی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان بدات، پێش هەموو شوێنێکی دیکە لەو شەڕەدا، کە تائێستاش هەر وابووە.

ئەو بەرە چل دەوڵەتییەی ئەمریکا ئێستا لە هەوڵی دروستکردنیدایە لەدژی داعش، کوردستان جارێکی دیکە وەک قەوارەیەکی زۆر جیاوازتر لە عێراق و زۆر وڵاتی دیکە نیشانی جیهان دەداتەوە. لەڕاستیشدا هەرێمی کوردستان لەدوای بڕیاری 688ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە، پشتیوانی و پارێزراوییەکی ڕۆژئاوایی گەورەی لەپشت بووە. ئەو بەدەنگەوەهاتنەی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەدوای هێرشەکانی داعش لە 2014/8/3ەوە بۆ کوردستان، گرنگیی ئێستای باشووری کوردستانی بۆ ڕۆژئاوا نیشاندا. هەروەها زیرەکیی دیپلۆماسیەتی کوردیشی نیشاندا، تاوەکو ڕادەیەکی زۆر.

دوای ئەوەی ئۆباما لە گوتاری 2014/9/11دا ڕایگەیاند کە داعش لە سووریاش دەبێتە ئامانجی ئەمریکا، دەرفەتێکی گەورە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان هاتووەتە پێشەوە، کە ببێتە بەشێک لە بەرەیەکی نێودەوڵەتی لەدژی داعش، ئەوەش پێش ئەوەی واتایەکی سەربازیی هەبێت بۆ ئەو پارچەیەی کوردستان، گرنگییەکی زۆر گەورەی سیاسیی هەیە.

تورکیا و بەشێکی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا پشتیوانیکردن لە بەرەی ئەمریکا لەدژی داعش لە سووریا دەبەستنەوە بە مەرجی بڕیاردانی ئەمریکا لەسەر ڕووخاندنی دەسەڵاتدارێتیی بەشار ئەسەد، بەڵام ئەمریکا تائێستا هیچ نیازێکی لەو شێوەیەی نیشاننەداوە. ئەوەش بۆ هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان خاڵی سەرەکیی کارکردن نییە، بەڵکو خاڵی سەرەکیی کارکردن پاراستن و فراوانکردنی ئەو نیمچە ئازادییەی ڕۆژئاوای کوردستانە نەک ڕووخاندنی دەسەڵاتدارێتیی ئەسەد. بۆیەش بەشداریکردنی ڕۆژئاوای کوردستان لەو بەرەیەدا هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، بۆئەوەی تێکەڵاوی دونیا ببێت و لەو گۆشەگیرییەی ئێستای ڕزگاری ببێت.

تاوەکو ئێستا هەڵوێستی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی خۆدوورگرتنە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان PKK و پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD، بۆیەش ئەرکی پارتەکانی (ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا) ئەوەیە چیدیکە لەژێر هیچ بیانووێکدا خۆیان بە پاسیڤی و بێکاریگەری نەهێڵنەوە و بەشێوەیەکی کردەیی لەسەر خاکی ڕۆژئاوای کوردستان کاربکەن بەهەموو شێوەیەک، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو دەرفەتە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان ڕۆژئاوای کوردستان و جیهان بەکاربهێنن.






غەیاسەدین نەقشبەندی

# کورد چەتەی نێودەوڵەتی نییە

هەشت ساڵ لەمەوبەر کاتێک تازە ئومێدمان بەوە هەبوو عێراقێکی ڕووخاو بکەینەوە بە وڵاتێک بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە تێیدا بژین، من هاوارم لێ هەستابوو کە ئێمە ناتوانین لەگەڵ عەرەب لە یەک وڵاتدا بژین، تەنانەت لە دوو دەوڵەتی تەنیشت یەکیش هەر زەحمەتە، بەڵام هەرچۆنێک بێت باشترە لەوەی لەیەک وڵاتدا بژین. سەرکردایەتی حیزبە کوردییەکان لەبەر نەبوونی ئەڵتەرناتیڤی دیکە پێیان خۆشبوو جارێکی دیکە لەگەڵ عەرەب، چانسە ڕەشەکەی خۆیان تاقیبکەنەوە کە هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر مێنتاڵیتی عەرەبدا نەهاتووە نەک لە 2003وە بەڵکو ئەوە 1400 ساڵە هەمان ڕەبابە دەژەنن.

سەرکردایەتی حیزبە کوردستانییەکان گرەوێکی دۆڕاویان لەسەر بە سیاسیکردنی کێشەی کورد دەکرد و هەمیشە گوتوویانە: هیچ گرفتمان لەگەڵ میللەتانی عێراق نییە و هەموومان براین! بەڵکو گرفتمان لەگەڵ دەسەڵاتە!

منیش هەمیشە پێموابووە کە گرفتمان لە عێراق نەتەوەیی و ڕەگەزییە و هیچ هێڵێکی سیاسی تێدا نادۆزرێتەوە، چونکە جۆرەها حکومەت هاتن و ڕۆیشتن و گرفتی کورد هەروەک خۆی مایەوە و هەر سەرۆکێک دێت لەوەی پێش خۆی خراپتر دەکات، هەر ئەوەندەیە تاوەکو جێی پێی خۆی قایم دەکات، ئینجا لەدەوری کورد دەسووڕێتەوە و هەمان سیناریۆ دووبارە و دەبارە دەبێتەوە، ئێمەش نە ماندوو دەبین و نە واز دەهێنین و نە دەهێڵین ئەوانیش ئیسراحەت بکەن.

لە زەمانی مەلیک دەمانگوت: کێشەمان لەگەڵ میللەتانی عێراق نییە، تەنیا مەلەکیەت نەمێنێت هەموو گرفتەکانمان چارەسەر دەبن و بەدوای دۆڵژەنی بلۆکی سۆسیالیستی کەوتین و عەبدولکەریم بە تانک و تۆپ قەسری ڕیحابی داگیرکرد و کولتووری کودەتای لە عێراق دروستکرد. عەبدولکەریم بووە ڕزگارکەر و لەسەرەتادا وای نیشاندا کە لەگەڵ کورد باش دەبێت، تاوەکو شوێن پێی خۆی دۆزییەوە، ئینجا دەستی بە لێدانی کورد کرد، دەستمان بەدوعا کردەوە بۆ ئەوەی بڕوات چونکە نکۆڵی لە مافەکانی ئێمە کرد، عەبدولڕەحمان و عەبدولسەلام عارف و ئەحمەد حەسەن بەکر، بەهەموویان ڕازی نەبووین، تاوەکو سەددام هات و قێزەونترین کارەساتی سەدەی بەسەرماندا هێنا، ئینجا دەستمان بەدوعا کردەوە کە تەنیا سەددام بڕوات هەرکێ دێت بابێت. ڕۆژ هات و ڕۆژ چوون و حوکمی عێراق گۆڕا و عەللاوی هات و هەرهەمان شتمان گوت، جەعفەری هات و هەرهەمان شتمان گوت هەتا مالیکی هات، دەستمان بە کامپەینی دژی مالیکی کرد تاوەکو ئەویشمان لادا و عەبادیمان هێنا. هەر دەڵێین با ئەو کابرایە بگۆڕێت هەرکێ بێت لەو باشتر دەبێت و هەرکێ دێت لەوەی پێشی خۆی خراپتر دەبێت.

## کەی فێردەبین؟

کەی دەزانین کە لە عێراقدا گرفتمان لەگەڵ میللەتەکانە نەک حکومەت یان حیزبی سیاسی، دەبێ چارەی کێشەی کورد لەعێراق لەسەر بنەمایەکی قەومیی ڕەگەزی بکرێت نەک سیاسی و، ئەگەر سەرکردایەتی کورد بە تەمای ئەوەبێت گرفتی داعش کۆتایی پێبێنێت ئینجا ریفراندۆم بکات، ئەوە لەئێستاوە من دەڵێم داعش وا زوو تەواو نابێت و ئەگەر تەواویش بوو عێراقمان تێبەردەدەن و ناهێڵن ئەو ریفراندۆمە بکەین.

دوێنێ حەنان فەتلاوی و ئەورۆ هادی عامری، عەبادی و سبەی دەیانی وەک ئەوان. هەتا لەناو عێراقدا بژین حاڵمان لەوە باشتر نابێت.

پێویستە کورد دەستبەجێ بە جیهان بڵێت: زۆر سوپاس بۆ ئەو بڕوایەی کە بەهێزی پێشمەرگە هەتانە و زۆر سوپاس بۆ هاوکاریی سەربازی، بەڵام ئێمە چەتەی کەس نین و چیتر لە دەرەوەی خاکی کوردستان شەڕناکەین. ئەگەریش بیکەین و خوێنی کوڕانی کوردستان بڕێژین تەنیا لەسەر خاکی خۆمان دەبێت، یانیش بەمەرج و گرەنتی نێودەوڵەتیی ڕەسمی کە جارێکیتر گوشارمان بۆ ناهێنن بمانگەڕێننەوە سنووری پێش 2003 و شوێنە کوردستانییەکانمان لێوەرنەگرنەوە بۆ ئەوەی سوننە ڕازی بکەن.

داعش ڕووی جەنگی لە ئەمریکا کرد بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی تیرۆریستی نێودەوڵەتی و تێیدا سەرکەوت، چونکە ئەمریکا توانی هاوپەیمانییەکی نوێ لە دەوری گرفتە نوێیەکەی دروستبکات ودەوڵەتی دیکەی تێوەبگلێنێ، بەڵام ئێمە سوودمان دەبێتە چی؟ جیهان هەمووی چاوی لە پێشمەرگەیە و سەرمان پفەدەن بۆ ئەوەی شەڕەکەیان بۆ بکەین و خۆیان بەرامبەر گەورەترین تاوانی چەرخی 21 بێدەنگ بن! زیاتر لە 500 ژنی کورد لەبەرچاویان ڕفێندران و لەبازاڕی بەندە فرۆشران. سوودی ئێمە چییە لەوەی جەنگەکە لەجیاتی ئەوان بکەین بۆ ئەوەی کوڕەکانی خۆیان نەکوژرێن، تەنیا ئەوەیە بە چەتەی نێودەوڵەتیمان ناودەبەن و تائێستا یەک سووکە وەعدیش نییە کە تەنانەت ناوچە دابڕاوەکانیشمان بدەنەوە، بەشداریشمان لەحکومەت بەوشێوە لاوازە کێشەکە باشتر ناکات، هەرچەندە سەرکردایەتی کورد سێ مانگی دانابێت، بەڵام ئەوان ڕەزامەندییان پێشاننەداوە نە بۆ سێ مانگ و نە بۆ سێ ساڵ.

کۆتایی: با کوڕی خۆمان چیدی نەکەینە قوربانی کوڕی خەڵک، لەپێناوی چەند مووشەکێکی دژە تانک یان فرۆشتنی نەوت و مووچەی بەغدا.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# فراوانکردنی جەنگی دژی داعش

ئەوانەی بە پەرۆشین بۆ خەڵکی عێراق، سووریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێویستە ستایشی سەرۆک ئۆباما بکەین کە هەڕەشەی داعشی بە هەند وەرگرت و دەیەوێت هەڵوێستی توندیان لێ وەربگرێت. تەنانەت دوای داگیرکردنی مووسڵ و بەشێک لە ڕۆژئاوای عێراق لەلایەن داعشەوە لە حوزەیرانی ئەمساڵدا، زۆر لە ئێمە دڵنیا نەبووین لەوەی سەرۆکی ئەمەریکا لە هەڕەشە گەورەکە گەیشتووە یان نا. ئەگەرچی کاتێکی زۆر زیاتر لەوەی خایاند کە ئێمە دەمانویست، بەڵام ئێستا پێدەچێت سەرۆک ئۆباما بە باشی لەو مەترسییە گەیشتبێت. ئۆباما لە وتارەکەیدا گوتی "لەم دۆخەدا گەورەترین هەڕەشە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقاوە دێت". بۆ سەرۆکێک کە بەنیاز بوو تا پێی دەکرێت ئەمەریکا لە گێژاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووربخاتەوە، ئەمە دانپێدانانێکی گرنگە.

پلانەکەی ئۆباما کۆمەڵێک بڕگەی تێدایە: یەکەم، ئەمەریکا هاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانانی دەکات لە ئەورووپا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بڕینی ئەو یارمەتییە داراییەی کە بۆ داعش دەچێت و هەروەها کۆسپ دەخاتە بەردەم هاتوچۆی هەوادارانی داعش. یارمەتی بۆ بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی سووریا فراوانتر دەکات کە دژ بە داعش و بەشار ئەسەد لەشەڕدان، بەبێ ئەوەی ناوی ئەو گرووپانە بهێنێ کە بڕیار وایە هاوکاری بکرێن. ئۆباما گوتی "ئەمەریکا هاوشانی ئەوانە دەوەستێ کە لە پێناوی ئازادیی خۆیاندا شەڕ دەکەن". هەر ئەوە مابوو بڵێت: "بەڵام ئەگەر ئەو خەڵکانە سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان بن یارمەتییان نادەین، تەنانەت ئەگەر زۆر بەباشیش شەڕی داعش بکەن، یان زۆریش عەلمانی بن و هیچیش بۆمان گرنگ نییە ئەم گرووپانە تا چەند یارمەتی خەڵکی مەدەنی و کەمینەکان دەدەن و پەنایان دەدەن". ئەگەرچی ئەوەی نەگوت، بەڵام لە قسەکانیەوە هەر ئەمە لێکدەدرایەوە.

لە هەمووی گرنگتر، سەرۆکی ئەمەریکا باسی فراوانکردنی هێرشە ئاسمانییەکانی کرد دژ بە داعش لە عێراق و تەنانەت ئەگەری ئەنجامدانی هێرش لەناو خاکی سووریا. بە واتەیەکی دیکە، هەڵمەتە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا بۆ دۆخی هێرشبردن دەگۆڕێن. ئەو هەروەها گوتی کە 475 ستافی سەربازیی ئەمەریکایی بۆ عێراق دەنێردرێن و دەخرێنە سەر ئەو هێزەی ئێستا لەوێن. ئەم هێزانە پتر ڕۆڵێکی ڕاوێژکاری و یارمەتیدەریان دەبێت و ڕاستەوخۆ ناچنە ناو شەڕەوە. سەرۆک ئۆباما دیسان سۆزی دا کە: سەربازانی ئەمەریکا ڕاناکێشرێنە ناو شەڕێکی دیکەوە لە عێراقدا. ئەو هێرشە ئاسمانییەکانی یەمەن و سۆماڵی بە نموونە هێنایەوە کە تێیدا ئەمەریکا توانیویەتی کاری گەورە بکات بەبێ ئەوەی سەرباز بۆ ئەو وڵاتانە بنێرێت.

واتە جەختی لەوە کردەوە کە ئەم شەڕە لە شەڕەکانی ناو ئەفغانستان و عێراق جیاواز دەبێت، ئەمەریکا پشت بە هێزی ئاسمانی دەبەستێ و هاوکاریی ئەو هێزە سەربازیانەی سەر زەوی دەکات کە لە ناوچەکەدا هەن، نەک هێزی زەمینیی خۆی.

کێشە لەوەدایە کە لە ڕاستیدا ئێمە ناتوانین یەمەن و سۆماڵ وەک دوو نموونەی سەرکەوتوو لە سیاسەتی ئەمەریکا دابنێین. هەردوو وڵات ئێستا لە دۆخێکی دژواردان و گرووپەکانی سەر بە قاعیدە لەو دوو وڵاتەدا بەهێز و چالاکن. داعش نوێنەرایەتی سوپایەکی بەهێزتر دەکات کە چەکی زیاتری لەبەردەستە و خاکی زیاتری هەیە و پاڵپشتی دارایی زیاتر لە قاعیدەی بۆ دابین کراوە. لە عێراقی سەردەمی ژەنەراڵ پێترایۆسدا، نائارامییە خوێناوییەکانی 2003 تا 2008 کاتێک کۆتاییان هات کە هێزی سەربازیی ئەمەریکا و هێرشە ئاسمانییەکان و هاوپەیمانە ناوچەییەکان و بایەخدانی سیاسی بە دانیشتووانی عەرەبی سوننە بەیەکەوە هاتنە مەیدان و کەوتنە کار. بەڵام ئەگەر ئەمجارە هێرشە ئاسمانییەکان، هاوپەیمانە ناوچەییەکان و هاوسۆزیی حکومەتەکەی عەبادی بۆ سوننەکان کەم بهێنن، کە پێدەچێت هەر واشی لێبێت، سەرۆک ئۆباما دەبێ دیسان بێتەوە و وتەیەکی دوور و درێژی دیکەمان پێشکەش بکات. لە سووریا کێشەکە تەنانەت زۆر گەورەتر دەردەکەوێ بە تایبەت لە کاتێکدا کە ئۆباما تەنانەت نایەوێ لەگەڵ کوردی سووریادا بکەوێتە هاوکارییەوە.

لە هەمان کاتدا وا پێدەچێت کە سەرۆکی ئەمەریکا بەنیاز بێت بە هێوری و بەنرخێکی کەمەوە پاشەکشە بە داعش بکات. ئەمە ئەوەش دەگەیەنێت کە جارێ دژی سەربەخۆیی کوردستان دەوەستێتەوە. ئەگەر کار بگاتە بنبەست، ڕەنگە پێویست بێت سەرانی ئەمەریکا بە جددی بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ داعش، عێراق، سووریا و کورددا بچنەوە. وەک وینستۆن چێرچل کاتی خۆی گوتوویەتی: "هەموو کاتێک دڵنیا بە کە ئەمەریکییەکان ئەوەی ڕاستە دەیکەن، بەڵام دوای ئەوەی هەموو شتێکی دیکەیان تاقیکردەوە".



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# شەرعیەتدان بە ئاژاوەگێڕی

سێ حیزب لە سلێمانی، پارتی، کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی بوون بە واعیزی سوڵتان، لەبری ئیشی سیاسی، وانەی ئەخلاق بەخەڵکی سلێمانی و یەکێتی نیشتیمانی و بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێنەوە. ئەم سێ حیزبە سیاسیە لەبری خستنەڕووی چارەسەری دیموکراتیانەی پراکتیکی بۆ پرسی پێکهێنانی پارێزگای سلێمانی و ئەنجومەنەکەی، کەوتوونەتە گوتنەوەی کۆمەڵێک خیتابی ئەخلاقی و دروشمی بریقەدار و وەک پەشمەکی شیرین بە خەڵکی سلێمانی و دوو حیزبەکەی دیکەی دەفرۆشنەوە.

ئەم سێ حیزبە کە پێکەوە خاوەنی حەوت کورسین، بچنە پاڵ گۆڕان 19 دەنگ و بچنە پاڵ یەکێتی 18 دەنگی بۆ مسۆگەردەکەن، بەڵام ئامادەنین لەم پرۆسە دیموکراتیەدا ڕۆڵ بگێڕن و لەبری ئەوە وتاری ئەخلاقی و وەهمی پەراوێزخستن و فۆبیای ئاژەوەگێڕی لەلایەن یەکێتی یان گۆڕانەوە پێشانی خەڵک دەدەن.

پارتی و کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی کە هەڵوێستی بێلایەنیان لەنێوان گۆڕان و یەکێتیدا هەڵبژاردووە، پاساوی ئەوە دێننەوە کە گوایە ئەگەر ئەمان بچنە پاڵ هەر لایەک و پۆستی پارێزگاری بۆ یەکلابکەنەوە، لایەکەی دیکە دەستدەکات بە پشێوی و ئاژاوەگێڕی و ڕەوشی پارێزگای سلێمانی تێکدەچێت. بۆیە بەڕای ئەوان وا باشترە براوەی یەکەم و دووەم بۆخۆیان لەنێوان خۆیاندا ڕێکبکەون، یان لانیکەم زەمانەتی ئەوە بدەن بەخەڵکی سلێمانی کە ڕەوشەکە تێکنادەن!

بیرکردنەوەیەکی ناپراکتیکی کە خۆی لەخۆیدا تانەدانە لە یەکێتی و گۆڕان بەوەی دوو حیزبی ئاژاوەگێڕن، تانەیەک کە گۆڕان پێی قەڵس بووەو یەکێتیش بەدڵسۆزی و پەرۆشی ئەوانی دەزانێت بۆ ڕەوشەکە.

بێگومان یەکێتی بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی لە بیرکردنەوەیەکی وادەکات، چونکە شەرعیەتی مانەوەی پێدەبەخشێ و دروشمی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەسلێمانی پووچەڵ دەکاتەوە.

بەبۆچوونی من، هەڵوێست و پاساوەکانی ئەم بەڕێزانە بۆخۆی شەرعیەتدانێکی ڕاستەقینەیە بە ئاژاوەگێڕی لەلایەن ئەو لیستەی پۆستی پارێزگار دەدۆڕێنێ کە بێگومان ئەوان مەبەستیان یەکێتییە، چونکە خۆیان دەڵێن هەموو جومگەکانی پارێزگاکە لای ئەو هێزەیە و زەمانەت چییە دەستبەرداری ببێت بۆ لایەنی براوە. لۆژیکێکی ناکارا کە سات بۆ سات دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن یەکێتییەوە دەکاتە ئەمری واقیع و شەرعیەتی پێدەبەخشێ.

هەڵوێستی ئەم سێ حیزبە ڕاست و ڕەوان پێمان دەڵێت نەدەبوو لە سلێمانی هەڵبژاردن بکرێت، هەروەها نابێت لە کوردستان هەڵبژاردن ببێتە مایەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، بەڵکو دەبێت یەکسان بێت بەشەرعیەتدانەوە بە دەسەڵاتەکانی پێشوو، وەک چۆن هەموو هەڵبژاردنەکانی کوردستان هەروا بوون.

لەوانەیە بۆ هێزێکی وەک پارتی لۆژیکێکی لەمشێوەیە تارادەیەک زۆر ئاسایی بێت و مایەی تێگەیشتن بێت، چونکە دواجار پارتیش هەرکات کەوتە بەر مەترسیی دۆڕان لەهەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا، ئەوا بەهەمان لۆژیکی "شەرعیەتدانەوە بە ئاژاوە" سواری ملی دۆخەکە دەبێت، وەک چۆن ئێستا یەکێتی لەسلێمانی لەژێر سایەی ئەم لۆژیکەدا سواری بووە.

پرسیارەکە زیاتر و زیاتر یەخەی کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی دەگرێت کە چۆن شەرعیەت بە خواستی ئاژاوەگێڕی دەدەن لەکوردستان لەکاتێکدا ئێوە چوار ساڵی ڕێک بەشێک بوون لە ڕەوتی ئۆپۆزیسیۆن و هاوارتان دەکرد "نەک هەر دەیگۆڕین، چاکیشی دەکەین"!دە فەرموو وەرن بیگۆڕن بەڵکو چاکیشی بکەن، ئەوە ئەرز و ئەوە گەز. بەڵام وادیارە گۆڕین پیاوی خۆی دەوێت.

سەیرە تۆ پێتوابێت بە گۆڕینی پۆستی پارێزگار ئیدی هەرچی جومگەکانی ناو پارێزگای سلێمانیە دەگۆڕێت و یەکێتی لێدەکرێتە دەرەوە، بۆ پێکهێنانی حکومەتیش هەرواتان دەگوت، بەڵام حکومەتیش پێکهات و یەکێتیش هەر ماوەتەوە و چ ئاژاوەیەکیش ڕوووینەدا.

لەوانەیە یەکێتی نیشتیمانی پێش ئەم هەڵوێستەی سێ حیزبەکەی سلێمانی، خۆی بۆ هەڵوێستێکی دیموکراتیانە بۆ ئاڵوگۆڕ لە پۆستی پارێزگاری سلێمانیدا ئامادە کردبێت، لانیکەم لەوانەیە ئەم نیەتە نیەتی بەشێک لە خەڵکە دیموکراتخواز و واقیعبینەکەی ناو یەکێتی بووبێت.

بەڵام هەڵوێستی نەرێنی سێ حیزبەکە و تەسلیمبوونیان بە لۆژیکی ئاژاوەگێڕی، هانی ئەو حیزبەی دا کە بەئاسانی لەگەڵ گۆڕان ڕێکنەکەوێت و ئەوەندەی بیر لە مانەوە بکاتەوە، بیر لە ڕۆیشتن نەکاتەوە. واتە بەکورتیەکەی "سێ حیزبەکە یەکێتییان هار کرد".

هەڵوێستی نەرێنی پارتی و کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی چەند دەلالەتێکی سیاسی هەیە وەک ئەمانە:

1- پرسیار دروستکردنە لەسەر جەدوای پرۆسەی دیموکراتی لەکوردستان و گەڕاندنەوەی نرخە بۆ بیرکردنەوەی خەباتی مێژوویی.

2- شەرعیەتدانە بە عەقڵیەتی ئاژاوەگێڕی و هاندانیەتی بۆئەوەی لەسەر کەللەڕەقی و هاروهاجیی خۆی بەردەوام بێت.

3- بەهێزکردنی ئەو باڵەی ناو یەکێتی نیشتیمانی و شەرعیەت پێدانیەتی کە باس لە ئیستیحقاقی خەباتی مێژووی دەکات و هارکردنی یەکێتییە.

4- پەیامی پێشوازییە بۆ دەستوەردانی ئێران لە پارێزگای سلێمانی.

کورت و پوخت پێموایە پارتی و کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی شەرعیەت بەو عەقڵیەتە دەبەخشن کە قۆرخی دەسەڵات دەکات و هەڕەشەی ئاژاوەگێڕی لەهەر پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات دەکات لە کوردستان.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



## ئیلیز: پێم خۆشه له خۆم بچم نهک له نانسی

12 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net





